چەند کۆڵینەوەیەك سەبارەت بە

# مێژووی هاوچەرخی کوردستان

نووسینو وەرگێڕانی:
دکتۆر یاسین سەردەشتیی

# کێشەی کورد•

سەبارەت بە ژمارەیەك لەو گرفتانەی پاش جەنگ کە نزیکەی پێویستیان بە چارەسەریی دەستبەجێیە، گەر سەرلەنوێ ئاشتیی جیهانیی نەکەوێتەوە بەر مەترسیی، پێناچێت بەیاننامەی نەتەوەیە یەکگرتووەکان بایەخێکی ئەوتۆ بە مەسەلەی کورد بدات. هەرچەندە، گەر بنەماکانی پەیمانی ئەتلانتیك جێبەجێبکرێت، ئەوا کوردان زیاتر لە هەر گەلێکی دیکە ماڤ ئەوەیان هەیە پشکیان لە چوار ئازادییەکەدا هەبێت.

لە کاتی ئێستادا بە مرۆ دەوترێت کوردێك کە لە تورکیا، وەك کورد دەژی، بە زمانی خۆی قسان دەکات و پەیڕەویش لە دابی باپیرانی دەکات، هەرگیز بە تەواویی لە ترس بەدوور نییە. لە عێراق، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە پێشانیدەدەن کە هەتاکو چاکسازیی کارگێڕیی گرنگ لە ناوچە کوردییەکان ئەنجام نەدرێت، پێناچێت کوردان لەو ئازادییەی کە خوازیارین بەهرەمەند بن.

• ئەم بابەتە لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانییدا لەلایەن رۆژهەڵاتناسیی بریتانیی(**دەبلیو. جی. ئەلفینستۆن** ) ئامادەکراوەو لە یەنایەری ساڵی ١٩٤٦دا لە گۆڤاری (کاروباری نێودەوڵەتیی)ەوە کە لەلایەن پەیمانگای پاشایەتیی بۆ کاروباری نێودەوڵەتییەوە بڵاوکراوەتەوە. بەسوپاسەوە دەقە ئینگلیزییەکەی لەلایەن برای بەڕێز مامۆستا( سامان حوسێن )ەوە بەدەستمان گەیشت. بڕوانە :

International Affairs ( Royal Institute of International Affairs 1944-). Vol. 22. No. 1 ( jan . 1946)pp 91-103.



ئەو ئازادییەی کە کوردانی نەتەوەخواز زۆر پەرۆشین بریتییە لەوەی کە منداڵەکانیان بە زمان و داب و فەرهەنگی خۆیان پەروەردە بکەن. ئەمە لە تورکیا ناتوانرێت ئەنجام بدرێت، لەعێراق ئاسانکاریی گونجاو بۆ ئەمە کەمە، لە ئێران هێشتا ئەمە ئەستەمترە. کوردە نەتەوەخوازەکان خەڵکانێکی نالۆجیکیی نین. ئەوان بە ئاسانیی خوازیارن وەك کورد بژین، بە زمانی کوردیی قسان بکەن و کتێب و رۆژنامەکان بەو زمانە بڵاو بکەنەوەو بیخوێننەوە، هەروەها نەکرێنە عەرەب یان فارس یان تورك و نەتوێنرێنەوە.

جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لە تورکیا وەك راپەڕینێکی سەرکردە دەرەبەگەکان دژی هەوڵەکانی سوڵتان مەحموود لەساڵی ١٨٢٦ دەستپێکرد کە دەیویست دەسەڵاتیان تێکبشکێنێت و فەرمانڕەوا هەرێمییەکان لەشوێنیان دابنێت، بەڵام پەرەسەندنی ئەم جووڵانەوەیە لەدوای شۆڕشی تورکە لاوەکان و دەرکەوتنی دەسەڵاتی مستەفا کەمال، بۆ ئەو سیاسەتی تواندنەوەیەی ئەوەی دواییان دەگەڕێتەوە.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە وروژانێکی بەرفراوانی وەك ئەوەکەی جەنگی دووەمی جیهانیی، وادەکات هانی نەتەوەخوازانی کوردی دابێت بیرلەوەبکەنەوە کە پێویستە سوود لە رەوشگەلە شڵەژاوەکە ببینرێت کە فشار بۆ داواکارییەکانیان بکەن، ئەوەی کە پێشتر لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٣ی رێکەوتننامەی لەباربراوی سیڤەردا دانیپێدانرا بوو.[1] هێندێك سەبارەت بەوە مشتومڕیان کردووە کە ئەگەر بێتو بتوانرایە تورکیا دژی نەتەوە یەکگرتووەکان رابکێشرایەتە نێو

[1] رێکەوتننامەی ئاشتیی لەگەڵ تورکیا کە لە سیڤەر واژۆکرا لە ١٠ی ئوتی ١٩٢٠دا ، Cmd.964, H.M. Stationery Office Treaty Series No.11(1920)

جەنگەوە، ئەوا سەرکەوتنی ئەوەکەی دواییان، کە کورد لە رەشترین ڕۆژەکانی جەنگیشدا بڕوای پێی هەبوو، دەگونجا ڕێگەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی خۆشبکردایە.[1] پێنەدەچوو هیچ شتێك زیاتر لە گێڕانەوەی ڕاپەڕینی کوردان بۆ پشتگیریی بریتانیا لە خولیاکانی کوردان، کاریگەریی هەبێت لەوەی کە تورکیا دژی هاوپەیمانەکان جەنگ ڕابگەیەنێت.

ئەم مەترسییە لەساڵی ١٩٣٩دا چاوەڕوان دەکرا، کاتێك ( ژێنەڕاڵ ویگاند ) بڕوای وابوو کە بەڵێنی لە ڕێبەرانی نەتەوەیی کورد لە سوریا وەرگرتووە خۆیان لە هەر کارێك بەدوور بگرن کە ببێتەهۆی تووڕەکردن یان دژایەتییکردنی تورکان. ئەم بەڵێنە وەفادارانە پارێزراو کاتێکیش کە بریتانیاو هێزەکانی فەرەنسای ئازاد لە ساڵی ١٩٤١دا سوریایان داگیرکرد سەرلەنوێ نوێکرایەوە. لەبەرامبەریشدا هیچ بەڵێنێك داوانەکراو هیچ شتێکیش نەدرا، بەڵام ئەوە دوور نەبوو کە پاش ئەوەی ئەو ڕێبەرانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ شوێنکەوتە بەرزەدەماغەکانی خۆیان لە حاڵەتێکدا ڕاگرتبوو کە ئارەزووی کاری وروژێنرانەی تێدا فرە بەهێز بوو، ئەم ڕێبەرانەی کە ئەمێستا پێدەچێت هیوایان بەوە بێت کە لەبەرامبەر ئەم خۆبەدوورگرتنەیاندا پاداشتێك بەدەستبێنن.

لە ڕۆژهەڵات ئەوە باوە کە داوای زیاتر لەوە بکرێت کە چاوەڕوانی چەنگکەوتنی دەکرێت، هەربۆیە ڕێبەرانی کورد لەوەی کە داوای

---

[1] لەرۆژی پاش کەوتنی تۆبروك لە ٢١ی ژونی ١٩٤٢دا، میر جەلادەت بەدرخان سەردانی نووسەری کرد تاکو پەیامێکی متمانەئامێز سەبارەت بە سەرکەوتنی بەرتانیی رەوانە بکات‌و هەروەها تاکو هەر چەشنە هاوکارییەکی نەتەوەی کورد پێشنیاز بکات کە بتوانێت پێشکەشی کێشەی هاوپەیمانانی بکات.



کوردستانی سەربەخۆ دەکەن دەگونجێت پەیڕەویی لەم دابە کۆنە بکەن. بەئامانجی ئەوەی کە خوێنەر بتوانێت سەبارەت بەم کێشە سەرنجڕاکێش‌و ئاڵۆزە دیدی تایبەت بەخۆی پێکبهێنێت، ئەم لاپەڕانەی خوارەوە نووسراون.

کوردستان، وڵاتی کوردان، دەگونجێت هاوشێوەی کەوانێك وەسفبکرێت کە لە لورستانەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوە بۆ مەڵاتیا لە ڕۆژئاوا، درێژییەکەی نزیکەی ٦٠٠ میل‌و دواپلەی پانی نزیکەی ٢٠٠ میل دەبێت. ئەم ناوچەیە لەباکوورەوە بە هێڵێك سنووردداردەکرێت کە نزیکەی بە ئێریڤان، ئەرزرۆم، ئەرزنجان، مەڵاتیاو هەروەها مەرەشدا تێدەپەڕێت. لە باشوورو هەروەها لە ڕۆژئاواوە سنوورەکەی بەدرێژایی لێواری گردۆڵکە تورکییەکاندا بەئاراستەی دیجلە دەکێشرێت‌و لەوێشەوە بەرەو جەبەل حەمرین‌و بۆ خانەقینی دراوسێی. سنووری ڕۆژهەڵاتی دەکەوێتە ئێرانەوە لە ئێریڤانەوە بەئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵاتدا دەگوزەرێت‌و ئۆرمیە ( رەزائیە )، ساوج بولاق، سەقز، سنەو کرماشان دەگرێتەخۆ. لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕێگە سەرەکییەکەوە لە خانەقینەوە بۆ کرماشان، لەك‌و لوڕەکان دەژین، ئەوانەی هەندێك جار وەك کوردان ریزبەند دەکرێن.

تۆمارە سۆمەرییەکانی ٢٠٠٠ ساڵ پێش زاین، هەروەها تۆمارە بەراییەکانی ئاشوورییەکان کە هەزارساڵ دواتر نووسراون، بەڵگەی بوونی گەلێك بەناوی ( کارداکە، کورتی یان گوتی ) لە دەوروبەری دەریاچەی وانەوە بەدەستەوە دەدەن. ئەوانە لەلایەن هەندێك نووسەرانەوە وەك باپیرانی کوردانی هاوچەرخ بانگەشەیان بۆ کراوە، بەڵام ئەوە وانییە تاوەکو سەردەمی گریکەکان کە ناساندنێکی

دیارییکراو شتێکی گونجاوە. هیرۆدۆتس ئاماژەی بە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کردووە کە ئێستا ناوی بۆتانە، هەروەها ئێگزەینەفون ئاماژەی بە کاردۆخییەکان کردووە، کە دەگونجێت شێوەیەکی بەرایی ناوە هاوچەرخەکە بێت. سترابۆش سەبارەتی بە وڵاتی کاردۆخی دواوە لەکاتێکدا بەیت کاردو لە سەرچاوە ئەرمەنییەکاندا هاتووە. شێوەی هاوچەرخی ناوی ( کورد ) لەگەڵ شێوە کۆکەیدا کە ( ئەکراد )ە، یەکەمجار لە نووسینە عەرەبییەکانی سەدەی نۆیەمی زاییندا هاتووە.

دۆڵەکانی کوردستان هەر لە ساتە بەراییەکانی مێژووەوە پێگەی گەلێکی سەرسەختو خۆسەر بوو کە بەرگریی لە هەر داگیرکارییەکی خاکەکەی لەلایەن دراوسێکانییەوە دەکرد. تۆمارە بەراییە ئاشوورییەکان لەم ناوچەیەدا بەڵگەی بوونی کافکاسییەکان پێشاندەدەن ، کە گرووپێکن پێش ئێرانییەکان هەبوون، هەرچەندە، رەگەزە ئێرانییەکان لە دەوروبەری ٧٠٠ پێش زاین خزاونەتەوە ناوچەکەوە. لەبەرئەوە کوردانی ئەورۆ نەوەی چەندین کۆنە خەڵگەلێکن، بەشێوەیەکی سەرەکیی ئێرانییەکان. ئەوان بنەچەی کافکاسییەکان لە باکوورەوە دەگرنەخۆو هەروەها هەندێك بنەچەی سامییش لە باشوورەوە. هەرچەندە، ئەوانە لەرێگەی کارگەرییەکی تەواو کوردانەوە پێکەوە گرێدراون کە لەوانەیە لەو خێڵە رەسەنە چیاییانەوە سەرچاوەبگرێت کە هەر لە قۆناغە بەراییەکانەوە لەم هەرێمەدا نیشتەجێبووبن.

لە سەدەی حەوتەمی زاییندا، ئیسلام گەیشتە کەناری چیاکانی کوردستانو پاش ئەوەی کوردان موسوڵمان بوون، رێبەری بنەماڵە کوردییەکان کەوتنە هەوڵی ئەوەی بنەچەی باپیرانی خۆیان بۆ پاڵەوانە



بەراییەکانی عەرەب بگێڕنەوە، بەڵام لە راستییدا زۆربەی ئەم بانگەشانە چ بنەمایەکی نییە.

هەرگیز دەسەڵاتێکی کوردیی دەرنەکەوتووە کە تەواوی کوردستان بگرێتەخۆ، بەڵام چەند بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا حوکمی چەندین ناوچەی بەرچاویان کرد. یەك لەو بنەماڵە بەراییانە حەسنەوەیهییەکان بوون، ئەوەی کە لە نێوان ساڵانی ٩٥٩ بۆ ٩٧٩ ی زایینیی حوکمیان کردووە، لەپێشدا لە خوڕەمئابادو دواتریش لە سەرماج لە باشووری بێستووندا. مەروانییەکانی ئورفەو دیاربەکر لەنێوان ساڵانی ٩٤٠ بۆ ١٠٩٦ی زایینیی لە رۆژئاوای کوردستان فەرمانڕەواییان کردووە، ئەوان تا پاش سەدەیەك نزیکەی بەتەواویی سەربەخۆ بوونو لەلایەن تورکە سەلجوقییەکانەوە تێکشکێنران. بەناوبانگترین بنەماڵەی کوردیی ئەوەی ئەیوبییەکانی تکریتو هەولێرە، ئەوەی سەلاحەددینیان هەیە، کە باشتر بە سەلاحەددینی خاچپەرستەکان ناسراوە، و لە ساڵی ١١٣٧ی زایینیی لەدایکبووە، ئەوەی کە ئەندامێکی درەوشاوەی ئەو بنەماڵەیەیە.

لەماوەی سەدەی شازدەیەمو حەڤدەیەمدا، کوردستان ببووە مەیدانێکی جەنگی نێوان تورکەکانو بنەماڵەی سەفەوییەکان لە ئێران، لەئاکامدا، رۆژئاوای کوردستان بووە بەشێك لە ئیمپراتۆریی عوسمانیی، لەکاتێکدا رۆژهەڵاتی کوردستان بووە بەشێك لە ئێران.

**کورد لە تورکیا**: ئەو سنوورەی کە لە رێکەوتنەکەی ساڵی ١٦٣٩دا لەلایەن سوڵتان موڕادی چوارەمو شا عەباسی دووەمی ئێران دانوسانی لەسەرکراوەو دانراوە تاکو ساڵی ١٩١٣ وەك سنووری نێوان ئەو دوو

دەڵەتە مایەوە. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە ئەو هاوکارییەی کوردان بۆ سوپای عوسمانیی دژی ئێرانییەکان کردیان جیاوك‌و پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی بۆ فەراهەمکردن. لە تێکڕای رووداوەکاندا، مێژوو باس لەوە دەکات کە تاکو ساڵی ١٨٢٦ هیچ گرفتێکی جیددیی لەنێوان کوردان‌و حکومەتی تورکییدا نەبووە، کاتێك سیاسەتی مۆدێرنیزەی سوڵتان مەحموودی دووەم کەوتە ئەوەی دژایەتیی سەرکردە دەرەبەگەکان بکات‌و بووەی هۆی جووڵانەوە چەکدارییەکەی ساڵی ١٨٣٠.

ئەم جووڵانەوە چەکدارییە لەلایەن دوو بنەماڵەوە رێبەرایەتیی کرا. ئاڵای راپەڕین لە رۆژئاوا لەلایەن بەدرخانی بۆتانەوە هەڵکرا، لەکاتێکدا لە رۆژهەڵات محەمەد پاشای رەواندز دەسەڵاتی خۆی لە هەولێرو موسڵدا دامەزراند. حکومەتی تورکیی لەو کاتەدا لە سوریا سەرقاڵی بەرگرییکردن بوو لە داگیرکاریی سوپای میسرییەکان کە لەلایەن ئیبراهیم پاشاوە رابەرایەتیی دەکرا، هەروەها سەرکردە کوردەکان تاڕادەیەك تاکو ساڵی ١٨٤٥ دەستکراوەبوون، ئەو کاتەی کە تێیدا بەدرخان دەوڵەتە کوردییەکەی دامەزراند کە لە دیاربەکرەوە بۆ سیڤریك، وێرانشار، سیرت، سلێمانی‌و ساوجبولاق درێژبووەوە. ئەو هاوپەیمانییەی پێکیهێنابوو نوروڵڵا بەگی هەکاریی‌و سەرکردە بایەخدارەکانی دیکەی لەخۆدەگرت. ئەو لەو ماوە کەمەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا دراوی تایبەت بەخۆی لێداو ناوی خۆی لە وتاری هەینیدا رادەگەیەنرا، دەگوترێت کە فەرمانڕەوایەتییەکەی دادپەروەرانەو ئاشتییخوازانە بووە.



لەساڵی ١٨٤٧دا، تورکان بە خاترجەمانە لە مەترسیی میسرییەکان، بایاندایەوە رووەو بەدرخان بەگ. ئەو تێکشکێنراو بۆ کرێت دوورخرایەوە، بەڵام پاشتر رێگەی پێدرا بگەڕێتەوە بۆ دیمەشق‌و لەوێ لەساڵی ١٨٦٨دا کۆچی دوایی کرد. بەڵام ئەو رۆحی راپەڕینەی کە ئەو وروژاندبووی مایەوەو ژیاو لەساڵانی ١٨٥٠–١٨٥١و ١٨٥٢–١٨٥٣دا راپەڕینی زیاتر روویاندا.

پاش جەنگی کریمێن، دەروازەی بالا هەڵوێستێکی نەرمڕەوانەی لەهەمبەر خێڵە کوردییەکان گرتەبەرو تاکو ساڵی ١٨٨٠ هیچ گرفتێکی دیکەی جیدیی نەهاتەپێش، کاتێك شێخ عوبەیدوڵڵای نەقشبەندیی، رێبەری کوردان لە شەمدینان ( نەهری ) یەکێتییەکی کوردیی پێکهێنا، پەلاماری ئێرانیداو دەستی بەسەر رۆژئاواو باشووری دەریاچەی ورمێدا گرت‌و هەڕەشەی خستەسەر تەبرێز. کۆنسوڵی بریتانیی‌و رووسیی لە تەبرێز قەناعەتیان پێکرد کە پاشەکشێ بکات، هەرچەندە، جووڵانەوەکەی ئەو هەرەسیهێنا، بەڵام ئەو بۆ مەککە دوورخرایەوەو لەوێ لەساڵی ١٨٨٣دا مرد.

لەساڵی ١٨٩١دا، سوڵتان عەبدولحەمید بڕیارییدا بەر بە نفوزی رووسەکان بگرێت کە چەندین سەرۆکخێڵی کوردی دەستڕۆیشتووی بەلای خۆیدا راکێشابوو، بەوەی چەند یەکەیەکی غەیرەنیزامیی لە سوارەی کوردیی پێکهێنا. ئەم یەکە ( حەمیدییانە ) شکستخواردوو بوو، بەڵام ئەم ئەزموونە بایەخی کەسایەتییەکی کوردانی دەرخست. ئەوەش ئیبراهیم پاشای وێرانشار بوو، ئەوەی کە بووە رابەری هاوپەیمانی میلی خێڵە کوردییەکان لە ساڵی ١٨٦٣ دا، ئەوەی کە توانی لەڕێگەی رکابەرییەکی سەرکەوتووەوە لەگەڵ خێڵی شەمەری

عەرەبییدا، کە لەسەر رووباری زێڕگان شکاندنی، جێپێی شوێنکەوتووانی خۆی پتەوبکات. لە ساڵی ١٨٩١دا، ئیبراهیم پاشا کرا بە رابەری سوارەی حەمیدییە لە ناوچەی وێرانشار بە پلەی سەرهەنگ. ئەو لەگەڵ چوارسەد کەس لە شوێنکەوتووە چیاییەکانیدا بانگکرانە ئەستەمبوڵو بە شێوەیەکی زێدە بەرچاو میوانداریی کران، هەروەها ناونیشانی پاشای پێدرا. ئەو هەر لەم کاتەوە بوو بە پشتگیرێکی وەفاداری سوڵتان عەبدولحەمید. کاتێك تورکە لاوەکان لەساڵی ١٩٠٨دا دژی سوڵتان شۆڕشیان کرد، ئیبراهیم پاشا بەخۆیو ١٥٠٠ سوارەی کوردەوە بەرەو دیمەشق کشاو گرتیو حوکمی شارەکەی بەناوی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە گرتەدەست. دواجار ئەو ناچارکرا پاشەکشێ بکاتو لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ناوچەکەی خۆی لەلایەن شەمەرەوە کوژرا، ئەوانەی کە تورکە لاوەکان داوایان لێکردبوون کە ناچاری بکەن پاشەکشەکەی خێراتر بێت.

پاش شکستی شێخ عوبەیدوڵلا بیرۆکەی یەکێتییەکە لە کاریگەرییکردنە سەر ژمارەیەك لە لاوانی کورد بەردەوامبوو، بەشێوەیەکی سەرەکیی کوڕانی بنەماڵە خانەدانەکان کە لە قوتابخانەکانی ئەستەمبوڵ پەروەردە ببوون. لەساڵی ١٨٨٧دا، یەك لە کوڕانی بەدرخان کە ناوی میدحەت بەگ بوو، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی کوردیی لە قاهیرە بەناوی (کوردستان). بڵاوکراوەکە، کە بە توندیی هێرشیدەکردە سەر سیاسەتی تورکیی دژی کورد لەلایەن تورکانەوە بێزراو بوو، هەروەها لەژێر فشاری ئەواندا یەکەمجار بۆ جینەوا باری کردو دواتریش رووی لە فۆلکستۆن کرد کە لەوێ یەکەم چاپکردنی لەساڵی ١٨٩٢دا بوو. دەوترێت ئەم بڵاوکراوەیە



زۆریکرد تاکو بیرۆکەی یەکێتیی سەربەخۆیی کوردان بەهێزبکات و بووە هۆی ئەوەی کۆمیتەی کوردیی لە چەندین وڵاتانی ئەورووپا، لە ئەستەمبوڵو هەروەها لە شارە تورکییەکانی دیکە پێکبهێنرێت.

لەساڵی ١٩٠٨دا، دوای راگەیاندنی دەستووری تورکیی لەلایەن کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقیەوە، ئەو دەستەیە لەو کەسایەتییە کوردانەی لە دەرەوە کاریان بۆ سەربەخۆیی کوردان دەکرد بەڵێنی ئەوەیان لە تورکە لاوەکانەوە دەستدەکەوت کە بۆ ئەستەمبوڵ بگەڕێنەوە. لەوێ ئەوان کۆمیتەیەکی نەتەوەییان پێکهێنا کە ئامادەبوون لەبەرامبەر گارێنتییەکی دیارییکراودا پشتگیریی ئیتحادو تەرەقی بکەن. ماوەیەکی کەم پاش شۆڕشەکە، کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی بەڵێنەکەی خۆیان شکاندو هەوڵیاندا جووڵانەوە کوردییەکە سەرکوتبکەن. دوو سەرکردەکە کە ئەمین عالی بەدرخانو شەریف پاشا بوون، بە مەرگ سزادران بەڵام رایانکردە دەرەوەی وڵات. لەساڵی ١٩١٢دا هەوڵێك بۆ ئاشتەوایی درا بەڵام شکستیهێنا، هەروەها لەو ئاڵۆزییانەی کە بەدوای کوشتنی سولەیمان بەدرخاندا هات لەلایەن پۆلیسی تورکەوە لە بۆتان.

لەماوەی جەنگەکەی ساڵانی ١٩١٤–١٩١٨دا، زۆربەی ئەو کوردانەی لە سوپای تورکییدا خزمەتیان دەکرد، هەرچەندە ئەو جێگەی گومان بوو کە پشتگیریی ئەوان بۆ حکومەتی ناوەندیی زۆربەی جار لە ساردوسڕ زێدەتر بوو. پارتی نەتەوەیی کوردیی لەگەڵ رووسیادا دانوسانی کردو پێشنیازیی ئەوەیانکرد کە لەماوەی پێشڕەوییان بەئاراستەی بتلیسو ئەرزنجان لەساڵی ١٩١٦دا پشتگیریی رووسیا بکەن لەبەرامبەر یارمەتی رووسیا بۆ بەرەو بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی کوردیی. رووخاندنی رووسیا لە ساڵی ١٩١٧دا ئەم پلانەی تێکدا، بەڵام

کۆمیتە کوردییەکە، کە بەناوی کۆمیتەی ئازادیی ناسرابوو، هەر لە بوون و پەیوەندییکردنەوە بە هاوپەیمانەکانەوە بەردەوامبوو کاتێك لە ساڵی ١٩١٨چوونە نێو ئەستەمبوڵەوە. ئەم کۆمیتەیە شەریف پاشای دەستنیشانکرد تاکو لە کۆنگرەی ئاشتییدا نوێنەرایەتییان بکات، هەروەها بەهاوکاریی دەسەڵاتدارانی بریتانیی نێردەیەك رەوانەکرا کە لە جەلادەت و کامەران بەدرخانی کوڕانی ئەمین عالی بەدرخان و هەروەها ئەکرەم بەگی کوڕەزای جەمیل پاشای دیاربەکر پێکدەهات تاکو گەشتێك بەرەو پارێزگا کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بکەن تاکو یەکەمین بەڵگەی هەستی کوردیی لەوێ بەدەستبهێنن. نێردەکە لەلایەن مستەفا کەمالەوە لە نزیك دیاربەکرەوە وەستێنراو ناچارکرا بگەڕێتەوە پێشئەوەی گەشتەکەی تەواو بکات.

ئەم چالاکییانە بووەهۆی ئەوەی کە بەندەکانی ٦٢و ٦٣ لە رێکەوتننامەی سیڤەردا شوێنبگرێت، ئەوەی وەك لای خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بەندی ٦٢ :" کۆمسیۆنێك کە لە ئەستەمبوڵ بارەگا دەخات کە لە سێ ئەندام پێکدێت کە لەلایەن حکومەتەکانی بریتانیی، فەرەنسیی و ئیتاڵییەکانەوە دادەنرێن و پێویستە تاوەکو شەش مانگ لە رۆژی جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتننامەیەوە نەخشەیەك بۆ دیارییکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیی دابنێت بۆ ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا زاڵە و دەکەونە رۆژهەڵاتی رووباری فورات و باشووری مەرزەکانی ئەرمینییا وەك لە دواتردا دیاریی دەکرێت ، هەروەها باکووری مەرزی تورکیا لەگەڵ سوریا و میسۆپۆتامیا...



بەندی ٦٣ : ئەگەر کوردەکانی ئەو هەرێمەی برگەی ٦٢ ی ئەم رێکەوتننامەیە دەیانگرێتەوە لەماوەی یەك ساڵدا لە رۆژی دەرچوونی رێکەوتننامەکەوە بتوانن بەڵگە پێشانی ئەنجومەنی کۆمەڵانی گەلان بدەن کە زۆرینەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە ئارەزووی سەربەخۆیی لە تورکیا دەکەن ، ئەگەر ئەنجومەنیش پێیوابوو کە ئەم گەلە شایەنی سەربەخۆیین و راسپاردەی ئەوەبکەن سەربەخۆییان بدرێتێ ، تورکیا دەبێت ئەو راسپاردەیە جێبەجێ بکات دەست لە هەموو ماف و پایەیەکی هەڵبگرێت کە لە ناوچەکە هەیەتی...

ئەو هیوایانەی رێکەوتننامەی سیڤەر لەگەڵ خۆی هێنانی، بەهۆی رێکەوتننامەی لۆزانەوە پوچەڵکرایەوە، ئەوەی کە هیچ یەك لەو بەندانە تێدانەبوو کە ئاماژە بە ئۆتۆنۆمیی کوردیی دەدەن. بەگوێرەی کوردان، هەرچەندە مستەفا کەمال بۆ ماوەیەك هەستی بە هێزی تەواو نەدەکرد کە سەرەڕۆیی ورووژاندن و دوژمنایەتیی کوردان بکات، هەروەها وایکرد کوردان باوەڕ بەوە بکەن کە هەرکاتێك پێی خۆی بچەسپێنێت ئەوسا دان بە بانگەشەی کوردان بۆ ئۆتۆنۆمیی دەنێت. بەڵام سیاسەتی راستیینە ئەسمیلاسیۆنەکەی وردە وردە روونبووەوە، هەروەها لەساڵی ١٩٢٣دا، پاش دەرکردنی گریکەکان لە سیمیرنا، پێکدادان لەنێوان هێزە تورکییەکان و کوردان روویدا، ئەوانەی کەوتنەئەوەی فشار بۆ داواکارییەکانیان بکەن.

لەساڵی ١٩٢٥دا، شێخ سەعیدی پیران کە لەلایەن رەگەزە خێڵەکانی سوریاوە هاوکاریی دەکرا، رێبەرایەتیی راپەڕینێکی لە رۆژهەڵات و

باشووری تورکیا کرد. یەکە سەربازییە تورکییەکان بەدرێژایی ڕێگەی هێڵی ئاسنیی حەڵەب–بەغداد خۆیانکوتایە ناوچەکەوەو ڕاپەڕینەکەیان تێکشکاند، بەڵام نەك ڕۆحی ڕاپەڕینەکە. زۆر لە پەنابەرە کوردەکان لە تورکیاوە هەڵاتنە سوریا و خوێن‌و وزەیەکی نوێیان کرد بە بەری ئەو کۆمەڵە کوردە نەتەوەخوازانەی کە لەوکاتەدا لەوێ بوون.لەساڵی ١٩٢٧دا، کۆبوونەوەیەك لە بەیروت کرا کە تێیدا بڕیار لە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی نوێ بەناوی کۆمەڵەی خۆیبوونەوە درا. خۆیبوون بووە وشەیەکی کوردیی بۆ سەربەخۆبوون. جەلادەت بەدرخان یەکەمین سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە بوو.

ئامانجی کۆمەڵە نوێیەکە باسی لەوە کردووە کە بەهاوکاریی نزیکی ئەرمەنییەکان کار بۆ سەربەخۆیی کوردیی دەکات، سیاسەتەکەیان ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی تایبەت ڕووی لە هاوکاریی کوردستانی تورکیی بوو، هەروەها خۆپارێزیی لە هەر چالاکییەك لەنێو کوردانی سوریا و عێراق کە ببێتە هۆی دژوارکردنی ڕەوشە سیاسییەکەی ئەوێ. ئەوان ئامانجیان ئەوەبوو لەگەڵ حکومەتی ئێرانیی ڕێکبکەون تاکو ڕەوشی کوردانی ئێران چاك بکەن. هەروەها ئەوان جەختیان لەسەر بایەخی دۆستایەتیی لەگەڵ گەلانی عەرەب کردەوە.

سیاسەتی ئەرمەنییەکان لەئاست تورکان بۆ چەندین ساڵ هاوشێوەی ئەوەی کوردان بوو هەروەها چەندین هەوڵ هەبوو کە هاوکاریی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا ڕێکبخەن. دەوترێت هەوڵێکی لەم شێوەیە لە ساڵی ١٩١٢دا لە ئەستەمبوڵ کاری بۆکرا، بەڵام لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە پوچکرایەوە، هەروەها لەماوەی جەنگەکەدا، تورکان دەلاقەی نێوان ئەم دوو کۆمەڵگایەیان بەرفراوانترکرد بەوەی کوردانیان



لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا بەکاردەهێنا. هەرچەندە لەساڵی ١٩١٨دا، هەردوو کۆمەڵگاکە پەیوەندیی دۆستانەیان پێکهێنایەوەو شەریف پاشای نوێنەری کوردان کەوتەکار بۆ هاوکاریی نزیك لەگەڵ بۆغۆس نۆبار پاشای ڕابەری ئەرمەنییەکان لە ڤێرسیلیا.

لەساڵی ١٩٢٧دا، کە ڕاپەڕین لە ناوچەی چیایی ئارارات لە تەقینەوەدا بوو، هەڵگیرسا و بۆماوەی سێ ساڵی دواتر بەردەوامبوو. لەساڵی ١٩٣٠دا، تورکان دوو تیپی سەربازییان جێگیرکرد، تیپی ٤ و تیپی ٥، کە لەلایەن هێزی گونجاوی ئاسمانییەوە پشتگیریی کران بۆ تێکشکاندنی ڕاپەڕینەکە. ئۆپەراسیۆنەکان لە مارتی ١٩٣٠دا دەستیپێکرد، هەروەها کوردان لەسایەی ڕێبەرایەتیی ئیحسان نوری پاشا بەباشیی جەنگان. دواجار باڵادەستیی لەڕووی ژمارەو چەکەوە خۆی سەپاندو لە ئۆکتۆبەری ١٩٣٠دا ئیحسان نوری ناچارکرا هەڵبێتە تاران لە ئێران‌و تائێستا هێشتا لەوێ لە هەژارییەکی مەزندا دەژی. هەروەها ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهات. تورکان نزیکەی ٢٠٠٠ پیاویان لەدەستدا.

لە یەنایەری ١٩٣٧دا، یاسایەکی تورکیی نوێ لەبواری سیاسەتیی ئەسمیلاسیۆندا بڵاوکرایەوە، کە وروژانێکی بەرچاوی لە دێرسیم هێنایەئارا، ئەو ناوچەیەی کە ڕێژەیەکی زۆر کوردی لێ بوو، ئەوانەی تا ئەو کاتە بەشداریی ڕاپەڕینە جۆربەجۆرەکانیان دژی حکومەتی تورکیی نەکردبوو. هەستی گشتیی لە دێرسیم جۆشیدەدا، کۆبوونەوەیەك کرا، هەروەها نێردەیەك لە کوردان ڕەوانەی حاکمی سەربازیی تورکیی کرا کە پەیامێکی ناڕەزایەتیی دژ بە جێبەجێکردنی یاسا نوێیەکە هەڵگرتبوو. گێڕانەوەی ئەم زنجیرە ڕووداوانە تەنیا لە

سەرچاوە کوردییەکانەوە بەدەستهاتوون، بەگوێرەی ئەوانە ئەو پەیامبەرانەی کە نامە ناڕەزاییەکەیان هەڵگرتبوو لەلایەن حاکمی سەربازییەوە قۆڵبەستکران و پاش چەند ڕۆژێکی کەمی لە ئەلعەزیز تیرەبارانکران. کوردان لە تۆڵەی ئەمەدا کاروانێکی پۆلیسی تورکیان ڕاگرت و پۆلیسەکانیان فڕاند، بەوەش ڕاپەڕینەکەی دێرسیم دەستیپێکرد.

هێزێکی بەرچاوی تورکیی کۆبووەوە و لە مایۆی ١٩٣٧دا ئۆپەراسیۆنی سەربازیی دژی ڕاپەڕیوان دەستیپێکرد. ڕووداوەکانی دواتر لە نێو تەمومژدا شاراونەتەوە بەڵام ئەوە دەزانرێت کە ئۆپەراسیۆنەکە تاکو ساڵی ١٩٣٨ بەردەوامبوو. دەوترێت گوندەکان سووتێنراون بەڵام کوردان تاکتیکی گەریلاییان گرتەبەر و لە چیاکاندا بەربەرەکانیی سوپای تورکییان کرد. دووبارە هەواڵی کەم لەبەردەستدایە جگەلەوانەی کە لە سەرچاوە کوردییەکانەوە هەن، ئەوەی کە جەخت لەوە دەکاتەوە وێڕای کۆمەڵکوژیی دڵڕەقانە، ڕۆحی بەرگریی کوردیی هەرگیز لەڕاستییدا تێکنەشکاوە.

لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە هەر لەو دەمەوە بووە ناوچەیەکی داخراو، هەربۆیە مومکین نەبوو ئەو زانیارییانەی کوردان پشتڕاست بکرێتەوە. جەلال بەگی وەزیری دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا ڕایگەیاند کە چیتر کێشەیەك بەناوی کێشەی کوردەوە نییە. ئەو وتی، چەتەکان بە زۆر کراونەتە شارستانیی. ئەوەش لەوکاتەوە تاکو ئێستا بووەتە هەڵوێستی فەرمیی تورکیی، هەروەها ئەمێستا کوردان لە تورکیا بەفەرمیی وەك تورکانی چیایی ئاماژەیان بۆ دەکرێت.



**کوردان لە ئێران:** کاتێك پەرەسەندنی جەنگەکەی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨ بووە هۆی پەککەوتنی حکومەت لە ئێران، چەند سەرکردەیەکی کورد لەو وڵاتەدا بیریان لەوە دەکردەوە کە سوود لە ڕەوشەکە وەرگرن.

ئیسماعیل ئاغای خێڵی شکاك کە زیاتر بە سمکۆ ناسراوە، لە ناوچەی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ کەوتەکارو دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچەیەدا دامەزراند هەر لە هاوینی ١٩١٨ەوە بۆ ١٩٢٢، ئەو لەو ماوەیەدا ئەو ناوچەیەی وێرانکرد. جافەر سوڵتانی خێڵی هەورامان دەستیگرت بەسەر چاکانی هەورامان-مەریواندا لە باکووری هەڵەبجەو تاکو ساڵی ١٩٢٥ سەربەخۆیی خۆی چەسپاند.

لەساڵی ١٩٢٢دا، ڕەزاخان، کە دواتر بووە ڕەزاشا، هەنگاوی کاریگەری دژبە سەرکردە کوردەکان نا. سمکۆ لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا ناچارکرا هەڵبێت و پاش هەشت ساڵ وەك لە یاسادەرچوویەك قانعکرا لە ساڵی ١٩٣٠دا بێتە شنۆ بۆئەوەی بەفەرمیی ملکەچیی پێشانبدات. ئەو لەڕێگەکەی خرایە نێو بۆسەوە و کوژرا. سیاسەتەکانی دواتری ڕەزاشا سادە و ڕاشکاوانە بەڵام کاریگەر بوون. سەدەها لە سەرەکخێڵەکان دوورخرانەوە و ناچارکران بەدەستبەسەریی لە تاران یان لەهەر شوێنێکی دیکە بژین. زەوییەکانیان دەستیبەسەرداگیرا و خاڵی سەربازیی بەهێزیش لە شوێنە ستراتیژییەکانی ناوچە خێڵەکییەکان دامەزرێنران. ئەو ناوچانەی کە لەسەرکردەکانی چۆڵکران و کەوتنە بەر گەندەڵیی و هەڵوێستی دڵڕەقانەی کارمەندانی ئێرانیی، ئەوەش وردە وردە هەستێکی نەهامەتیی و ناسۆریی لەنێو کوردان لە ئێران پەرەپێدا.

کاتێك سوپاکانی بریتانیاو رووسیا لە سێپتەمبەری ١٩٤١دا هاتنە نێو وڵاتەکەوە، ئەرتەشی شاهەنشاهیی بەخێرایی لەبەریەك هەڵوەشاو لەدەستدانی کۆنترۆڵی حکومەت سەرلەنوێ هیوای سەرکردەکانی کوردی ژیانەوە. لە ناوچەکانی رووسیی کە هێزەکانی ئێرانیی تێدا هەڵاتبوون، کوردان دەستیان بەسەر گەنجینەی چەك‌و تەقەمەنییەکاندا گرت. کوڕانی سەرۆکەکانیان کەوتنە ئەوەی لەتارانەوە سەرهەڵبدەنەوە بەڵام ئەوە پیاوێکی تەقریبەن نەناسراو بوو کە سەرەتا دەستەیەکی لەدەوری خۆی گردکردەوەو هەوڵیدا دەسەڵاتێك بۆخۆی دابمەزرێنێت. ئەوەش محەمەد حەمە رەشیدی سەرۆکی لقێکی نادیاری بەگزادەکانی بانە بوو، کە تاقمێك شوێنکەوتەی دوای خۆی خست‌و دەستی بەسەر ناوچەی سەردەشت–بانە–مەریواندا گرت.

هەرچەندە ئەو یاخیی‌و بەرپرسیاربوو لە مردنی سەرلەشکر ئەمین لە سەقز، بەڵام حکومەتی ئێران توانای نەبوو کە چارەسەری بکات، بەڵکو لەبری ئەوە موچەی بۆ بڕییەوەو کردیە بەرپرسی ئاسایشی ناوچەکە. هەرچەندە، لەپایزی ١٩٤٤دا، ئەو لەگەڵ کوردێکی دیکەدا کە مەحموود ئاغای کانی سانان بوو پێکیاندادا، ئەوەی دواییان پشتگیریی ئێرانی بەدەستهێناو بە دوو ستونی ئێرانیی‌و تانکی بچووکەوە حەمە رەشیدی لە سنوورەوە ئاودیوی عێراق کرد. سوپای ئێران جارێکی دیکە دەستی بەسەر سنوورە کوردییەکەی باشووردا گرتەوە، زیاتر لەئاکامی کەمیی هەماهەنگیی‌و بوونی دووبەرەکیی لەنێوان کوردان تائەوەی بەهۆی بەهێزی سوپاکەیەوە بێت.

لەباکوور، کوردان چاویان بڕیە رووسیا، کاتێك رووسیا لە ساڵی ١٩٤١دا چووە ناو ئێرانەوە هیواکان سەریانهەڵدا کە رووسەکان



لەوانەیە هاوکاریی جوڵانەوەی سەربەخۆیی کوردان بکەن، بەڵام ئاکاری زۆر دروستیان بەخێرایی وای لە کوردان کرد ئەوە تێبگەن کە هیوایەکی بەو چەشنە بێهودەیە. بەودواییە دەنگۆی پرۆپاگندەیەکی زۆری رووسیا لەنێو کوردانی ئێراندا هەیە بەڵام کەسانێك کە زۆر شایستەی قەزاوەتکردنن جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دەنگۆیە بنەمایەکی نییە.

**کوردانی عێراق:** لەساڵی ١٩٠٩دا، تورکان ئەو راپەڕینەیان سەرکوتکرد کە لە سلێمانی لەلایەن شێخ سەعیدەوە رێبەرایەتیی کرا. شێخ مەحموودی کوڕی پێشوازیی لەهێزەکانی بریتانیا کرد کاتێك لەساڵی ١٩١٨دا گەیشتنە کەرکوك، هەروەها ئەو وەك فەرمانڕەوا لە باشووری کوردستان دامەزرێنرا. هەرچەندە، خولیا شەخسییەکانی وایکرد لەساڵی ١٩١٩دا لەگەڵ بریتانییەکاندا بکەوێتە کێشمەکێش‌و لە شەڕێکدا لە سەر رێگای نێوان کەرکوك‌و سلێمانی بریندارکراو بەدیلگیرا. یەکەمجار بۆ سایلۆن دوورخرایەوە، دواتر گەڕێنرایەوەو دووبارە لەساڵی ١٩٢٢دا کرایەوە بە فەرمانڕەوا. ئەو لەساڵی ١٩٢٤ەوە بۆ ١٩٣٢ بەبەردەوامیی لە راپەڕیندابوو، هەروەها ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییانەی دژی ئەو ئەنجامدەدران وەك راهێنانێکی سەرنجڕاکێش راژەیان بە لیڤییە ئاسورییەکان‌و سوپای تازەپێگەیشتووی عێراق کرد. لە کۆتاییدا لەساڵی ١٩٣٢ بەهاوکاریی سوپاو کاری هێزی ئاسمانیی بریتانیی هێنرایە ژێر بارو پاش ماوەیەك لە دەستبەسەریی لە بەغدا ئەمێستا رێگەی پێدراوە لە گوندەکەی خۆی بژی.

لە جوڵانەوەکەی رەشید عالی لە ساڵی ١٩٤١دا، کوردان خۆیان دوورەپەرێزگرت. شێخ مەحموود بەغدادی جێهێشت کە تا ئەو کاتە

لەوێ دەستبەسەربوو، هەروەها رووی لە سلێمانی کرد کە دەوترا لەوێ خۆی ئامادە دەکات تاکو شوێنکەوتەکانی خۆی دژی حکومەتە یاخییەکە راپەڕێنێت. ئەو بەهیوای هاوکاریی ئاغاکانی پشدەر بوو، بەڵام ئەوان لە خولیا شەخسییەکانی شێخ مەحموود بەگومان بوون و پاشەکشەی کرد. شکستی یاخیبوونەکەو گەیشتنی هێزە بریتانییەکان وایکرد هەر کارێکی کورد لەبری بریتانییان بیکات پێویست نەبێت.

لە ساڵی ١٩٣٢دا، سوپای عێراق چەند ئۆپەراسیۆنێکی دژی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکانی ناوچەی بارزان-برادۆست ئەنجامدا کە لەژێر سەرکردایەتیی شێخ ئەحمەددا بوون کە لە دانی باجدا دواکەوتبوون. سەرەتا شەڕەکە زۆر بە قازانجی کورداندا شکایەوە، ستونەکەی سوپای عێراقیی پێدەچوو کەوتبێتە مەترسیی قەڵاچۆبوونەوە تا ئەو کاتەی کە بەهۆی فڕۆکەکانی هێزی پاشایەتیی بریتانییەوە لەو رەوشە ناجێگیرەی رزگارکرا. لەئاکامی فشاری هاوبەشی هێزی ئاسمانیی پاشایەتیی و هێزەکانی زەمینیی عێراقیی، شێخ ئەحمەد ملیداو لەگەڵ مەلامستەفای برای و ئەندامەکانی دیکەی بنەماڵەکەیدا لە سلێمانی خرانە بن حاڵەتی نیشتەجێکردنی چاودێرییکراوەوە.

لەکاتی چوونەناوەی عێراق بۆ کۆمەڵەی گەلان لەساڵی ١٩٣٢دا، حکومەتی عێراق راگەیاندێکی ئاراستەی کۆمەڵەی گەلان کرد کە ورووژاندنێکی تایبەتی سەبارەت بە کوردان و کەمینەکانی دیکەی عێراق لەخۆگرتبوو. ئەو لەخۆگرتنەش لەئەستۆگرتنی بەفەرمییکردنی زمانی کوردیی بوو لەپاڵ زمانی عەرەبییدا لەو قەزایانەی کە کورد



زۆرینەی تێدا پێکدەهێنن لە موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، هەروەها ئەو کارمەندانەی لەم قەزایانە دادەمەزرێنرێن دەبێت کورد بن یاخود کوردیی بزانن. لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢و هەڵگیرساندنی دووەمین جەنگی جیهانییدا ئەم لەئەستۆگرتنانە پشتگوێخراو ناڕەزاییەکی یەکجار زۆر هەبوو، بەتایبەت سەبارەت بە مەسەلەی چاککردنی رێگاو بایەخپێدانی تەندروستیی و قوتابخانەکان، هەموو ئەوانەی بەشێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ ئەو قەزایانەدا بەراوردکران کە عەرەبی تێدا باڵادەست بوو.

هەروەها پەرەپێدانی سەرچاوە سروشتییەکانیش لە پارێزگا کوردییەکاندا پشتگوێخرابوو، ناڕەزایەتیی جدیی دژی کاری قۆرخکاریی توتن لەئارادابوو، ئەوەی کە دەوترا بەرژەوەندیی توتنەوانەکانی کوردی پشتگوێخستووە. ئەو ناڕەزایەتییەی بەهۆی ئەم نەهامەتییەوە بوو لەساڵی ١٩٤٣دا تێکەڵ بە رەوشی قاتوقڕیی ئەم ناوچەیە بوو کە لەئاکامی بەدکارگێڕیی و بەددابەشکردنی ئازوقەوە کەوتبووەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو عێراق لە راستییدا زێدەبەرهەمی هەناردەکراوی دانەوێڵەی هەبوو.

مەلامستەفا پاش ئەوەی لە چیرۆکی نەهامەتیی خەڵکەکەی ئاگاداربووو هەروەها لەو مامەڵەیەی حکومەتی عێراق لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برایدا بێزارو تورەبوو، لە دەستبەسەری هەڵات و چووەوە ناوچە خێڵەکییەکەی خۆی. ئەو لەنێو خێڵەکەی خۆیدا ملکەچیی پێشانداو تکای لە حکومەتی عێراقیی کرد، بەڵام لەکاتێکدا هێشتا دانوسان بەردەوامبوو، شەڕ لەنێوان پۆلیسی عێراق و شوێنکەوتەکانی مەلامستەفادا قەوما.

لەلایەن سوپای عێراقییەوە تیپێكی تەمێكەر رەوانەكرابوو نەیتوانی هیچ پێشڕەوییەك دژی ئەو پیاوەخێڵەكییانە بێنێتەدی. لەبەهاری ١٩٤٤دا، ئاگربەستێك ئامادەكرا، لەگەڵ ئەوەی كە لێخۆشبوون بۆ مەلامستەفا دەربچێت. شێخ ئەحمەدو شوێنكەوتەكانی كە هێشتا لە دوورخراوەیی مابوونەوە، بەردران و بەڵێنی ئەوە درا كە ئازوقەی زێدەتر رەوانەی ناوچە كوردییەكان بكرێت. هەرچەندە هەندێك ئازوقە گواستراییەوە بەڵام رەوشەكە هێشتا زۆر جێگەی ناڕەزایی بوو، هەروەها هەواڵی راپەڕینی زیاتر لە ناوچەی بارزانەوە درا.

كوردان لە عێراق دانیان بەوەدا دەنێن كە رەوشەكەیان بە بەراورد بە كوردان لە توركیا و ئێران فرە ئەرێییە، بەڵام ئەوان ئەوە بۆ نفوزی بریتانیی دەگەڕێننەوە، هەروەها متمانەیان بە زۆرینەی عەرەب لە حكومەتی عێراقدا نییە، ئەوان سەبارەت بە سیاسەتی ئایندەییان بەرامبەریان بڕوایەكی كەمیان هەیە.

هەستی نەتەوەیی كوردیی لە عێراق وەك شتێكی جیاواز لە خولیای شەخسیی كەسانێكی وەك شێخ مەحموود، لەدەوری دەستەیەك لە رێبەرانی كوردی میانڕەوی وەك ئەمین زەكی لە بەغدا چڕبووەوە، ئەوە كوردێكی باش خوێندەوارو نووسەری چەند كتێبێكیش بوو. لەنێو خوێندەوارە كوردەكانی دیكەدا كە لە جووڵانەوەكەدا بایەخییان هەبوو لەكاتێكدا وەك هاوڵاتییەكی وەفادار بە دەوڵەتی عێراق مابوونەوە كەسانی وەك جەمال بابان و داودپاشا بوون كە بەو دواییە باڵیۆزی عێراقیی بوو لەندەن. ئەگەر رێبەرانی میانڕەوی عێراقیی لەگەڵ ئەم پیاوانەدا بە گیانێكی لیبرالانەوە مامەڵە بكەن، هیوایەكی راستیینە



سەبارەت بە چارەسەرێكی قنیاتكەری كێشەی كورد لە عێراقدا دێنێتەئارا.

**كورد لە سوریا**: ئەوەی كە كوردانێك لە سوریا هەبن نزیكەی بەتەواویی بۆ ئەو بڕیارە سەرپێییانە دەگەڕێتەوە كە لە رێكەوتننامەی فرانكلین- بۆیلۆن لەنێوان فەرەنسا و توركیا لە سێپتەمبەری ١٩٢١ دا هەبوو، ئەوەی كە هێڵی ئاسنیی حەڵەب- بەغدای كردبووە سنوور لەنێوان توركیا و سوریا بەئاراستەی رۆژهەڵات لە تخۆبان بەگەوە. ئەم شێوەرێخستنە لە رێكەوتننامەی ئەنكەرە لەساڵی ١٩٢٩دا جەختی لێكرایەوە. وەك ئاكامێكی ئەم رێكەوتننامەیە، دوا سنووری باشووری ئەو خاكەی كە خێڵە كوردییەكانی لەسەر نیشتەجێبوون دەكەوێتە سنووری سوریاوە، لەكاتێكدا بەشێكی فرەی خێڵەكە لەزۆربەی حاڵەتەكاندا لەتوركیادا مانەوە. وێڕای ئەم گروپەی خێڵە دابەشبووەكان، گروپێكی دیكەی كورد لە چیاكانی قەرەداغ لە باكووری حەڵەب بوون كە سێ سەد ساڵ پێشتر لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵەوە چووبوونە ئەوێ. هەروەها لە شارۆچكەی سەلاحی لە دیمەشق كۆمەڵێكی كوردیی ٢٠,٠٠٠كەسی هەیە، ئەوەی بەو ناوە ناونراوە پاش ئەوەی پاڵەوانی كورد سەلاحوددینی ئەیوبیی گۆڕەكەی لەنزیك مزگەوتی مەزنی ئومەوییی نێژراوە.

هەرزوو پاش دامەزراندنی ماندێتی فەرەنسا لە سوریا، ئەو وڵاتە بووە پەناگایەكی بەرچاو بۆ پەنابەرانی كورد كە لە توركیاوە هەڵاتبوون، هەروەها لەكاتی دامەزراندنی كۆمەڵەی خۆیبوون لەساڵی ١٩٢٧دا، سوریا بووە ناوەندی نەتەوایەتیی كوردیی. جووڵانەوەی یەكێتیی

عەرەب و پاشەکشەی نفوزی فەرەنسیی لە دەوڵەتانی لیڤانت جۆشێکی کەمیی لەنێو کوردانی پەنابەر بزواند، بەڵام کوردانی خۆماڵیی، هەرچەندە خوازیاربوون سوود لە ئاڵۆزییە هەرێمییەکە وەرگرن بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی عەرەبەکانی هاوسێیان، درکیان بەوە کرد کە لەوانەیە ئەوان وەك هاوسێیان بمێننەوەو خۆیان بۆ ئەوە ئامادەکرد کە خۆیان لەگەڵ ڕەوشە نوێیەکەدا ڕابهێنن.

پێدەچوو نوێنەرانی کورد بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەرکەکانیان بە جدیی وەرگرتبێت و ئەندامانێکی هەندێك لە بنەماڵە کوردە بەعەرەبکراوەکان، بێرازییەکان لەنێو ئەوانی دیکەدا، پۆستی گرنگیان لە حکومەتدا وەرگرت. بۆ نموونە، حوسنی بێرازیی بەم دواییە بووە سەرۆك وەزیران، لەکاتێکدا یەکێکی دیکە لە هەمان بنەماڵە کە موحسین بێرازییە، ئەوەی ئەمێستا پۆستێکی گرنگی لە دەستبەسەرداگرتنی وەزارەتی نێوخۆدا هەیە، کوردێکی دیکە کە خالید بەگداشە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سوریایە.

**کوردلە رووسیا**: نفوزی رووسان هەمیشە لەنێو کوردانی بەهێزبووە. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، حکومەتی رووسیا لە پێشکەشکردنی پارەدا دڵاوا بوو، ئەوەی وەفاداریی زۆر لە سەرۆکخێڵە کوردەکانی بۆخۆی راکێشابوو. یەکە کوردییەکان لە ساڵی ١٨٧٦دا شانبەشانی سوپای رووسیی لە شەڕی ئەلێکساندرۆپۆڵ، قارس و ئەردەهان جەنگان. سیخوڕە رووسەکان لە دەروبەری دەریاچەی ورمێ و هەروەها لە هەر شوێنێکی دیکەی کوردستانی ئێراندا لە ساڵانی بەرایی یەکەمین جەنگی جیهانییداچالاك بوون، هەروەها دەوترێت ئەوانە چەندین لە



سەرکردەکانی کوردیان بە قازانجی تزاریی و بەلای خۆیاندا راکێشابوو، لەوانە سمکۆ و سەید تەهای نەهریی.

پاش رێکەوتننامەی لۆزان، ٢٠,٠٠٠ کوردێك لە کۆماری ئەرمەنیی سۆڤێتیی وەك رەعییەتی رووسیا دەژیان. بەگوێرەی تەکنیکی سیاسییان لە ئۆتۆنۆمیی کەلتووریی، حکومەتی سۆڤێتیی هانی ئەم گروپە بچووکەیان دا کە یەکێتییەکی نەتەوەیی راستیینە پەرەپێبدات. زمانی کوردیی لە خوێندنگا سەرەتایی و ناوەندییەکان وەك زمانی فێرکردن بەکاردەهێنرا، هەروەها کۆلیجی کوردیی کرایەوە، گۆڤارێکی هەفتانە بە کوردیی بڵاوکرایەوە، هەروەها هانی کۆڵینەوەو بوژانەوەی فۆلکلۆری کوردیی درا. لەراستییدا، رووسەکان لەسەر ئەم خاکە کوردییە بەپیتە پەرەیان بە ناوکی نەتەوایەتیی کوردیی دا، ئەوەی کە کاریگەرییەکەی گەیشتە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و بەرەو جەزیرەی سوریاش کشا. کاردانەوەی تورکیی چەندبارەو بەهێزبوو، بەڵام پێنەدەچوو ناڕەزایەتییەکی فەرمیی جدیی پێشانبدرێت، و رووسەکان لەسەر هەمان سیاسەتی خۆیان بەردەوام بون.

لەساڵی ١٩٤١دا، لەگەڵ چوونەناوەوەی هێزەکانی رووسیا بۆنێو ئێران، چەندین دەنگۆ بە بەردەوامیی بڵاودەبوونەوەو هەواڵی چەند چالاکییەك درا کە بەڵگەی ئەوە بوون ئارەزوویەکیان بۆ راکێشانی کوردانی ئێران بەلای خۆیاندا هەیە، ئەوانەی بەهیوابوون ئۆتۆنۆمییەکی خۆماڵییان لەسایەی نفوزی رووسەکاندا دەستبکەوێت. پاشتر ئەم پێچەوانەی ئەم سیاسەتە گیرایەبەرو هەڵوێستی رووسەکان بەتەواویی راستکرایەوەو کەوتە پشتگیریی دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندیی ئێرانیی.

فره ئەستەمە پێشبینیی ئەوە بکرێت کە سیاسەتی رووسیی لە پاش جەنگ بە چ شێوەیەك دەبێت، بەڵام بەڵگەگەلێك هەن کە حکومەتی سۆڤێتیی کار بۆ رێکخستنەوەی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا بکات، ئەوەش کار لە ناوچەیەکی فراوان دەکات کە کورد زۆرینەی دانیشتووانەکەی پێکدەهێنن، بەجۆرێك روو لە رووسیا بکەن. ویڕای ئەوەش دەنگۆگەلێك لەنێو ئەرمەنییەکانی سوریادا هەیە لەمەڕ ئەوەی کە رووسەکان خوازیارن ئەرمینییایەکی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە لە قەفقاسەوە بۆ دەوروبەری دەریاچەی وان بگرێتەخۆ، ئەوەی زۆرینەی ئەرمەنییەکان لە سوریا بەهیوان کۆچی بۆ بکەن.

داواکارییەکانی رووسیا بۆ قارس، ئەردەهان و ئەرتیڤن کە بەم دواییە لە بڵاوکراوەکاندا هەواڵی لەبارەوە دەدرێت[1] و دواتر لە کۆنفرانسی پۆتسدامدا مشتومڕی لەبارەوە کرا دەگونجێت بەڵگەی ئەوە بێت کە ئەم دەنگۆیانە شایەنی ئەوەن زیاتر لەرابردوو بڕوایان پێبکرێت. هەر گواستنەوەیەکی ئەم قەڵەمڕەوانە گوژمێك بە هیوای کوردان سەبارەت بە ئازادیی هەتاهەتایی لە فەرمانڕەوایی تورکیی و دامەزراندنی چەشنە ئۆتۆنۆمییەکی خۆماڵیی دەدات. سەرۆکە دەرەبەگە کوردەکان بەجۆرێك سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی بنەماکانی کۆمۆنیزم لەنێو پیاوەخێڵەکییەکانیان راڕان و دەسڵەمنەوە، بەڵام گەر حکومەتی تورکیی لە سیاسەتی تواندنەوەی خۆی بەردەوام بێت ئەوا زۆربەی ئەو کوردانەی ئەمێستا لەسایەی فەرمانڕەوایەتیی عوسمانییدان( مەبەستی کوردستانی تورکیایە کە پێشتر لەبن دەسەڵاتی عوسمانییدا بوون و

---

1 The Times, June 28, 1945 and Kulay 3, 1945.



ئەوکاتە کەوتبوونە بن دەسەڵاتی کۆماری کەمالییەوە/سەردەشتیی) پێشوازیی لە گۆڕانێك دەکەن ببێتەهۆی پەیوەستبوونیان وەك کۆمارێك بە یەکێتیی سۆڤێتەوە، جا ئەو کۆمارە بەشی زۆری کوردیی بێت یان بەشێکی کوردیی و بەشەکەی دیکەی ئەرمەنیی بێت.

ئایندەی سیاسیی کوردان پشت بە چەند هۆکارێك دەبەستێت. گرنگ نییە تاچەند تورکان لەوانەیە نکۆڵیی لە بوونی کێشەی کورد بکەن و بە تورکانی چیایی ئاماژە بۆ کوردانی رەعییەتی خۆیان بکەن، جووڵانەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی کوردیی هەر لەئارادا دەبێت. جووڵانەوەی نەتەوەیی لەئێستادا لە کۆمەڵەی خۆیبووندا لە سوریا چڕبۆتەوە و هەروەها لەو گروپە کۆچبەرە بەبایەخەی کە هەرچەندە بەشێك نییە لە کۆمەڵەکە، بەڵام پەیوەندییەکی نزیکیان پێیەوە هەیە. ئەم کۆمەڵەیە بەشێوەیەکی سەرەکیی بایەخ بە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردیی لە تورکیا دەدات، بەڵام لەوانەیە پەیوەندییەکی فرە لەنێوان ئەوان و رێبەرانی نەتەوەیی کوردیی لە عێراق و ئێران بەگشتیی باوەڕپێکراوبێت.

تەگەرە سەرەکییەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی کوردیی لە ناکارایی کوردان بۆ یەکگرتن لەنێو خۆیاندا خۆی دەبینێتەوە. بەندی ٦٢ی رێکەوتننامەی سیڤەر بەهۆی مەرجەکانی بەندی ٦٤ەوە لەباربوو، ئەوەی تێدا هاتبوو کە سەربەخۆیی تەنیا کاتێك دەبەخشرێت کاتێك ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بڕوا بەوە دێنێت کە کوردان توانای ئەو چەشنە سەربەخۆییەیان هەیە، تائێستا تەنیا کەمێك یان ئەگەر هیچ بەڵگەیەك هەبێت کە پێشانیبدات ئەوان، یان لە هەر قۆناغە ماوەیەکی

ڕێژەییدا، توانای پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆی یەکگرتوویان هەبێت.

ئەوان گەلێکی ئازاو دڵگیرن‌و توانای قوربانیدانێکی مەزنیان هەیە بەڵام لاوازیی هاوبەستەگییان هەیە. ئەوان لە تاقمی خێڵەکیی پێکهاتوون‌و هەمیشەش هەروابوون‌و وەفادارییان بۆ تاکە سەرۆکەکانیانە، ئامادەن دژی دوژمنی هاوبەش یەکبگرن بەڵام چاویان بە هەر دەستوەردانێکی سەرۆك خێلێکی دیکە لە کاروباری تایبەت بە خۆیان هەڵنایە.

بەم دواییە ئاماژەگەلێك هەن کە پەرەپێدانی هاوچەرخ‌و فێرکردن‌و..هتد، دەسەڵاتی سەرۆکخێڵەکانی لاوازکردووە. پیاوە خێڵەکییەکان ئەوەیان درك کردووە کە داواکاریی فێرکردنی هاوچەرخ، بایەخپێدانی تەندروستیی هاوچەرخ‌و هەروەها شێوازە هاوچەرخەکانی پەیوەندییکردن ڕێکخستنێکن لەپشت شێوازەکان‌و بواری دەسەڵاتی خێڵەکییەوە. بەڵام بەڵگەگەلێکی کەم هەن لەوبارەیەوە کە لاوازیی ڕێبەرایەتیی خێڵەکیی وادەکات هاوبەستەگییەکی زێدەتر لەنێو کورداندا وەك ڕەگەزێك پەیدابێت. ئەوان هێشتا مەیلیان بەئاراستەی بەرژەوەندییە خۆجێیەکەدایە، تەنیا پشتبەستنیان بە سەرۆکی خۆجێ بگۆڕن بە کارمەندێکی خۆجێ کە ئەوان بەهیوان کورد بێت یان بەهەرحاڵ لە کوردیی تێبگات‌و قسانی پێبکات.

هەرچەندە، ئەو ڕاستییەی کە دەرفەتێکی دەستبەجێ بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نییە، هۆکارێك نییە بۆ پشتگوێخستنی کێشەی کورد وەك شتێکی ناشایستە بۆ ئەوەی لەئایندەدا زێدەتر لەبەرچاو بگیرێت. کوردان گروپێکی ئیتنیی ڕەگەزیین کە لەوانەیە



تێکڕایان زیاتر لە سێ ملیۆنێك بن، خۆیبوون بانگەشەی تێکڕایی نزیکەی هەشت ملیۆن دەکات. ئەستەمە ژمارەی دروستمان دەستکەوێت، بەڵام ئەم دابەشبوونە مەزەندەکراوەی کوردان کە لە خوارەوە هاتووە هەڵە دەکەوێتەوە گەر هەر شتێك بەئاراستەی بەهەندوەرنەگرتندا بێت: لە تورکیا ١,٥٠٠,٠٠٠ ،. لە ئێران ٥٠٠,٠٠٠ ،. لە عێراق ٨٠٠,٠٠٠ ،. لە سوریا ٢٠٠,٠٠و هەروەها لە رووسیا ٢٠,٠٠٠.

هەرچەندە ئەوان ئەمێستا داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن، کۆمەڵەی خۆیبوون‌و ئەو کوردانەی ئەوان نوێنەرایەتیی دەکەن دەشێت بە باشیی ڕازییبن ئەگەر بتوانرێت کوردان لە تورکیا، ئێران‌و عێراق‌و هەروەها سوریادا ڕێگەیان پێبدرێت وەك کورد بژین، بە کوردیی قسان بکەن، کوردیی وەك زمانێکی فەرمیی لە خوێندنگا سەرەتاییەکانیان بەکاربهێنن‌و کتێب‌و گۆڤار بەکوردیی بڵاوبکەنەوە. ئەگەر زامنێکی لەم چەشنە لە جۆرە کۆنفرانسێکی ئایندەیی نێونەتەوەییدا فەراهەم بکرێت، دەشێت هێشتا ئەستەم بێت جێبەجێبکرێت ئەگەر حکومەتە هەرێمییەکان ئارەزووی ئەوە بکەن خۆیانی لێ ببوێرن. لەعێراقدا، بەڵێنێکی لەم چەشنە دراوەو وەفاشی پێکراوە، بەڵام کێشەی کورد لەوێ هێشتا چارەسەر نەکراوە.

یەك لەو چارەسەرانەی پێشنیاز کراون ئەوەیە کە کوردان پێویستە بەو چەشنە مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەن کە ئەوانی لەنێودا دەژین هەروەك چۆن سکوتلاندییەکان مامەڵە لەگەڵ ئینگلتەرادا دەکات، لەڕێگەی هاوکاریی لەگەڵ حکومەتەکەی‌و چالاکییەکانی دیکەیدا، هەروەها بەهۆی توانای سروشتیی خۆیان‌و بەهێزی تایبەتمەندیی

رەگەزەکەیان پێگەی رەوای خۆیان لە وڵاتەکەدا بچەسپێنن. ئاماژەگەلێکی ئەوتۆ هەن کە ئەمە لە سوریادا دەتوانرێت بکرێت، بۆ دەبێت لە تورکیاو ئێران‌و عێراقیش سەرکەوتوو نەبێت؟

هەرچەندە، کوردان، کە تەماشای گەشەسەندنی نەتەوایەتیی عەرەب‌و تۆرانییەکانیان دەکرد، ئەو مەیلەیان هەبوو کە سەبارەت بە دەرفەتیان بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی کە خۆیان بە چارەسەرێکی دادپەروەرانەی دەزانن رەشبین بن، ئەگەر شتەکان بۆ ئەوە جێبهێڵرێن کە خۆیان بایەخ بە خۆیان بدەن. بۆئەم مەبەستە ئەوان هێشتا فشار بۆ چەشنە شێوەیەك، ئەگەر بۆ ئۆتۆنۆمیی نەبێت، لە لانیکەم جیاوکێکی دانپێدانراو دەبەن کە زامنی مافەکانیان بکات لەنێو گروپە نەتەوەییەکانی دیکەدا نەتوێنرێنەوە. دەرفەتەکانی چارەسەرێکی بەم چەشنە لەعێراق‌و سوریادا دەرکەوتوون، لەکاتێکدا لە ئەرمینیای سۆڤێتیی، کوردان هەموو ئەو ئاسانکارییانەیان بۆ فەراهەمکراوە کە بەوشێوەیەی ئارەزووی دەکەن پەرەپێدانی نەتەوەییان بەڕێوەبەرن.

هەرچەندە، کوردان لەم وڵاتانە بەرجەستەی رێژەیەکی فرە کەمی تێکڕای ژمارەیان دەکەن، کە نیوەی زیاتریان لە تورکیا دەژین. هەرلەوێدایە کە بۆ یەکەمجار کێشەی کورد دەرکەوت، هەروەها هەر لەوێشە کە چارەسەری کێشەکە ئێستاکە یەکجار سەختە. هەروەك تێکڕای کێشەی کەمینەکان، پێویست بە چارەسەرێکی لێزانانە دەکات، هەروەها هەر دەستێوەردانێکی دەرەکیی دەگونجێت زیانی هەبێت تاکو سوود. لەوانەیە لەلایەن خودی کوردانەوە پێویست بە گیانێکی سازش‌و نەرمیی زێدەتر بکات. لەوانەیە چارەسەرێکی رازییکەر پشت بە پەرەسەندنی زیاتری گیانی لیبراڵانە لە سیاسەتی تورکییدا ببەستێت، ئەوەی کە



ئاماژەگەلێك نزیکەی بەئاراستە پێچەوانەکەیدا هەیە. ئەوە یەکجار زۆرە کە هیوای بەدیهاتنی نموونەی باڵا لە دادپەروەریی، سەربەستیی مرۆیی‌و سەربەخۆیی سیاسیی، وەك ئەوەی کە هێماکانی لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆدا دەبینرێت، دەشێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا درك بکرێت، هەروەها دەگونجێت حکومەتی تورکیی خۆی بنەماکانی پەیمانی ئەتلانتیك لەمەڕ رەعییەتە کوردەکانی جێبەجێبکات، وێڕای ئەوەش، ئەوەی دواتریان جەخت لە مافەکانی دەکاتەوە تاکو تایبەتمەندیی‌و داب‌ونەریتی خۆیان بپارێزن.

مێژوو پێشانیداوە کە کێشەی کوردان زۆربەی جار بەهۆی هەوڵی بێبەشکردنیی ئەم گەلە سەریهەڵداوە لە داب‌و نەریت‌و کەلتوورو ئۆتۆنۆمیی خێڵەکییان کە زۆر پێوەی پەیوەستن. لەلایەکی دیکەوە جێگەی گومانە داخۆ ئۆتۆنۆمییەکی ناوەندگەرا چارەسەرییەکی کردارییانە فەراهەم دەکات. سیاسەتێکی لیبراڵانە کە بتوانێت کوردان بکاتە ئەندامێك لە دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێران، عێراق‌و سوریا کە لەگەڵ وەفادارییان بۆ داب‌و نەریتەکەیان ناتەبا نەبێت، تەنیا سیاسەتێکە کە لەوانەیە سەرکەوتوو بێت، هەربۆیە گەر لە مێژووی کوردان ئەنجامگیریی وانەیەك فێربین ئەوەیە کە ئەو تواندنەوەیە مومکین نییە.

## کێشەی کورد لە عێراق لەساڵەکانی دووەمین جەنگی جیهانییدا•

---

• ئەم بابەتە وەرگێڕدراوی بەشی شەشەمە لە نامە ئەکادیمیەکەی بەڕێز (یاسین بورهانەدین) کەلەساڵی ١٩٩٥دا لەسوید لەلایەن دەزگای بڵاوکردنەوەی زانکۆی (لۆند ) لە ژێرناونیشانی : Vision or Reality? The Kurds in the policy of the great power 1941- 1947,

## كورد لە عێراق پێش دووەمین جەنگی جیهانیی

هێزەكانی بریتانیی لە ساڵەكانی یەكەمین جیهانییدا ئەو زەوییانەیان داگیركرد كە دواتر دەوڵەتی عێراقی لەسەر دامەزرا، ئەو دەوڵەتەی بەگوێرەی بڕیاری كۆنگرەی سانڕیمۆ لە ساڵی ١٩٢٠دا، كەوتە بن سایەی ماندێتیی بریتانیی. هەروەها هەمان كات چەندین بەڵێن لەبارەی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە كوردان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا درا، بەڵام ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەكران و مافەكانی كورد نەبوونە بڕگەو مەرجێك لە ڕێكەوتننامەی سەربەخۆیی كە بریتانییەكان لەگەڵ حكومەتی عێراقییدا لە ساڵی ١٩٣٠دا، مۆریانكرد.[1] هەربۆیە زۆربەی كورد بەم ڕێكەوتننامەیە رازیی نەبوون و هەڵبژاردنە بەراییەكانیان بۆیكۆتكرد كە پێش پەسەندكردنی ڕێكەوتننامەكە ئەنجامدرا. هەروەها خۆپێشاندانێكی جەماوەریی گەورە لەشاری سلێمانی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا، روویدا، كە تێیدا هاوڵاتیانی كورد ناڕەزایەتیی و بێزاریی خۆیان دژی ئەو ڕێكەوتنامەیە دەربڕی. حكومەتی عێراقیی كە لەلایەن بریتانییەكانەوە پشتگیریی دەكرا، بە توندوتیژیی وەڵامی خۆپێشاندانەكەیان دایەوەو ٣٠ كەسیان لە خۆپێشاندەران كوشت و

---

Lund University Press, Sweden,1995,P.119-142. بڵاوكراتەوە ، لەڕاستییدا ئەم بەرهەمە لەرەهەندی نێودەوڵەتیی كێشەی كورد لەم قۆناغە مێژووییە دەكۆڵێتەوەو دەوڵەمەندە بە ژمارەیەكی زۆر لە دیكۆمێنتەكانی حكومەتی بریتانیاو ئەمریكاو گەلێك سەرچاوەی نایابی بێگانەو خۆماڵیی. ئێمە سەرەتا ئەم بابەتەمان لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبیی وەرگێڕاوە لە (گۆڤاری مەتین،ژ ١٠١، حوزەیران ٢٠٠٠ )دا بڵاومانكردۆتەوە.

[1] Research Department, Foreign Office. " The Kurdish peoblem," FO 371/40219, Persia 1944, PRO.



هەروەها ژمارەیەكی زیاتریان لێ بریندار كردن، دواتر ئەو رۆژە، واتە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠، بە "رۆژی رەش" ناونرا.[1]

شێخ مەحموودی بەرزنجیی كە خەڵكی سلێمانی بووو هەر لەساڵانی ١٩١٩-١٩٢٧ ڕێبەرایەتیی چەند ڕاپەڕینێكی كردبوو، بەمەبەستی قۆزتنەوەی دەرفەتەكە، جارێكی دیكە ئاڵای ڕاپەڕینی بەرزكردەوەو داوای "ئۆتۆنۆمی" بۆ كوردستان دەكرد. شێخ مەحموود هەوڵیدا لە مارتی ١٩٣١دا، پاش خەبات دژ بە هێزە عێراقییەكان، هەڵبێتە ئێران، بەڵام ڕێگەی لێگیراو دواجار ناچاركرا خۆی رادەستی دەسەڵاتدارانی عێراقیی بكات. لە ئاكامدا، ئەو بۆ باشووری عێراق دوورخرایەوەو ناچار كرا لە ناسرییە لە باشووری عێراق لەژێر چاودێرییدا ژیان بەسەربەرێت.[2]

لەماوەی ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣١، ڕێبەرانی نەتەوەیی كورد تكایان لە ڕێكخراوی كۆمەڵەی گەلان كرد كە دەوڵەتێكی سەربەخۆی كوردییان بۆ دامەزرێنێت یاخود لانیكەم مافە سیاسیی و نەتەوەییەكانی گەلی كورد لەچوارچێوەی عێراقدا بدرێت، بەڵام بێهودە بوو.[3] هەروەها ساڵانی ١٩٣٠كان، چەندین چالاكیی سیاسیی بەخۆوەبینی كە لە دەركەوتنی ژمارەیەك كۆمەڵەو پارتی سیاسییدا بەرجەستە دەبێت. لەساڵی ١٩٣٥دا، "كۆمەڵەی ئازادی" لە شاری سلێمانی دامەزرا، ئامانجی سەرەكیی ئەم كۆمەڵەیە یەكخستنی تێكڕای پارچەكانی كوردستانی

---

[1] Gavan, Kuedistan: Divided Nation in the Middle East, London 1958, pp 33-34.

[2] O Balance E, The Kurdish Revolt: 1961-1970, London, 1973, p 24; Arfa , The Kurds. A Historical study, London , 1970 , P 119.

[3] Naamani, I. "The Kurdish Drive for Self-Determination," 1966,p 288; Harris, G. "Ethnic Conflict and The Kurds," 1977, p 118.

دابەشکراوو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردیی بوو. لەساڵی ١٩٣٨دا، "کۆمەڵەی برایەتی کورد" دامەزرا. کاریگەرترین پارتی سیاسیی لە کۆتایی ١٩٣٠کاندا بریتیبوو لە " حیزبی هیوا".[1] تێکڕای ئەم چالاکییە سیاسییە جۆبەجۆرانە جەخت لە راستیی رۆڵی ئاشکرای رەگەزە شارەکییەکان ( کارمەندان، خوێندکاران، کاسبکاران )و توێژە شارەکییەکانی دیکە لەبواری کاری سیاسییدا. ئەوەش رووداوێکی گرنگە کە هەنوکە لەنێو جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردییدا لە عێراق روویدەدا، گرنگترین پەرەسەندن بریتیبوو لە سەرکردایەتیی کوردیی تاڕادەیەکی زۆر بۆ ناوەندی شارەکاندا گواسترایەوە.

## لەماوەی دووەمین جەنگی جیهانییدا

سەبارەت بە کێشمەکێشی کوردیی–عێراقیی لەماوەی دوومین جەنگی جیهانییدا، چ هاوڕاییەك لەنێو لایەنی عێراقیی و هەروەها کوردییدا نەبوو. حکومەتە عێراقییەکان بۆخۆیان لەوەدا ناکۆکبوون کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورددا بکەن. جەخت لەوە کراوەتە کە چینی فەرمانڕەوای حکومەتی عێراق سەبارەت بە کێشمەکێشی لەگەڵ کورددا بۆ دوو بەرە دابەش ببوو، بەرەی "هەڵۆکان" کە چارەسەری سەربازییان پێباشبوو، هەروەها " کۆترەکان" کە رووناکبیرانی کوردیش پشتگیرییان دەکردن، لایەنگرییان لە چاکسازیی دەکرد لەبواری پەیوەندییە کوردییەکاندا.[2] کەمیی هەماهەنگیی سەبارەت بە کەیسی

[1] بۆ زیاتر: ن. شاویس، من مذکراتي، ١٩٨٥، ص ٨–١٨

[2] Edmonds, C. J, " Kurdish Nationalism," 1971, p 95.



کوردان یەکجار توند بوو. سەرکردایەتیی "سونەتیی" کە خێڵەکیی بوو، رێگای سەربازییان پێباشبوو تاکو خولیاکانی کوردی پێ بێننەدی. رەگەزە رووناکبیرو خوێندەوارەکان کە بەرجەستەی بەشە شارەکییەکەی کۆمەڵگای کوردییان دەکردو لە پارت و کۆمەڵەی سیاسییدا خۆیان رێکخستبوو یاخود رێکنەخرابوون، ئەمانە لایەنگرییان لە چارەسەری سیاسیی دەکرد. وێڕای ئەوە، چەندان کەسایەتیی کوردیی بەرچاو، پشتگیرییان لە هاوکارییکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقییدا دەکرد. ئەم کەسایەتییانە پێیانوابوو کە ناوچە کوردییەکە هێور ببێتەوە، هەروەها نەهامەتییەکانی کوردان لەرێگەی کارکردن لەنێو حکومەتی عێراقییدا چاك بکات[1] هەرچەندە، هەڵۆکان، چ لەنێو حکومەتی عێراقیی و چ لەنێو کورداندا، باڵادەستبوون.[2]

لەو کاتەدا، دوو ناوەندی بەرگریی لە کوردستانی عێراقدا هەبوو، یەکێکیان لە سلێمانیی و ئەوی دیکەیان لە ناوچەی بارزان بوو. ئەوەی دواییان بەدرێژایی ماوەی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ناوەندێکی راپەڕین بوو دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانیی. بوونی زیاتر لە ناوەندێکی سەرەکیی بەرگریی وای لە وەزیری ئەمریکیی لە عێراق کردووە بڵێت کە "کوردان سەرۆکێکیان نییە ئامادەیی و توانای ئەوەی

[1] بۆ نموونە، ماجد مستەفا لایەنگریی ئەم بۆچوونەی دەکردو کاری بۆ هێورکردنەوەی ناوچە کوردییەکان و چاکسازیی لە نەهامەتییە کارگێڕییەکان دەکرد. From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 13, 1944, FO 371\40041, Iraq 1946. PRO.

[2] بۆنموونە، کارمەندانی ئەمریکیی جەختیاندەکردەوە کە دووبەرەکیی نێوان کوردان فاکتەری بنەڕەتیی ناتوانایی کوردانە تا بەیەکگرتوویی هەڵسوڕێن.
From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Feb 17, 1943, DSDF, 890G.00/655,NA.

هەبێت ڕێبەرایەتیی گەلەکەی لەخەباتێکی سەرکەوتووانە بکات بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمیی لە چوارچێوەی عێراقدا یاخود بۆ سەربەخۆیی."[1] لەڕاستییدا، چەند سەرکردەیەکی کەم ئاستێکی دیارییکراویان لە جەماوەرێتیی لەنێو کورددا بەدەستهێناوە، وەك مەلا مستەفای بارزان و شێخ مەحموود بەرزنجیی لە سلێمانی. بەڵام هیچ یەك لەوانە توانای مۆبێلیزەکردن و یەکخستنی کوردان یاخود ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیی یەکگرتووی کوردییان نەبووە. لەوەش زیاتر، کێبڕکێی لەنێوان سەرکردەکانی بارزان و شێخ مەحووددا لەسەر هێزو پێگەی کۆمەڵایەتیی–سیاسیی هەبوو.

لەسۆنگەی لاوازیی ڕێژەیی پێگەی بریتانییەکان لە عێراق لە سەرەتای ١٩٤٠کاندا، لەگەڵ زێدەبوونی چالاکیی سیاسیی ڕێکخراوە بەهەڵستکارەکان و هەروەها ڕاپەڕینەکانی ساڵانی بیستەکان و سییەکان، جارێکی تر زەمینەی ڕاپەڕینی لە کوردستانی عێراق ڕەخساندەوە. وێڕای ئەوە، ڕەوشی کوردان لە عێراقدا بە قووڵیی تێکچووبوو. تەنانەت دەسەڵاتدارانی بریتانییش لە شکستی حکومەتی عێراقیی سەبارەت بە چاککردن یاخود مامەڵەیەکی ژیرانە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا، بەئاگابوون. تێکچوونی ڕەوشەکە خۆی لەو ناڕەزایەتییە گشتییەدا لەنێو کورداندا بینییەوە. کۆنسوڵی بریتانیی لە بەغداد، ڕەوشەکەی کوردستانی عێراق وا پێناسەکردووە کە مژدەبەخش نییە.[2] هەروەها ئەو کۆنسوڵە لە بۆنەیەکی دیکەدا

[1] Ibid.
[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 24, 1944, FO 371\40041, Iraq 1944. PRO



تێبینیکردووە کە لەکاتێکدا کە بەڵگەگەلێکی ڕاستەوخۆ سەبارەت بە هەڵاواردنێکی چەسپاو دژی کوردان نییە، بەڵام ئاشکرایە کە حکومەتی عێراقیی بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵوێستێکی نەرێیی لەهەمبەر کوردان و بێزاریی و نەهامەتییەکانیان گرتۆتەبەر.[1] لەبیرخەرەوەیەکدا کە لەلایەن کۆنسوڵخانەی بریتانییەوە لە بەغداد ڕەوانەی لەندەن کراوە هاتووە کە کوردان لەعێراق " قوربانیی کارگێڕییەکی ناکاراو درۆزن و هەروەها سیاسیەتی ئابووریی خراپی حکومەتی عێراقن...ئەوان (واتە کورد) هەستێکی فرە بێزاریی ڕاستیینەیان دژ بە حکومەت هەیە...کە تائێستا هیچ هەوڵێکی جدیی بۆ لابردنی ئەو هەستە نەدراوە."[2]

لەبەرتیشکی ئەم ڕەوشەدا، ڕاپەڕینێك لە کوردستانی عێراق بەڕابەری مەلامستەفا لەناوچەی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣دا، هەڵگیرسا.[3] باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد هەواڵیداوە کە مەلامستەفا ڕێبەرایەتیی یاخیبوونەکە دەکات و هەروەها بێزاریی لەوە دەربڕیوە کە نە نەهامەتییەکانی خۆی نە ئەوەی کوردانی شوێنەکەوتۆکانی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەشێوەیەکی شایستە چارەسەر نەکراوە.[4]

[1] "The Kurdish Question," FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. "  Jun. 2, 1944, FO 371\40041, Iraq 1944. PRO: From the Foreign Office to the British Embassy in Baghdad, Jan. 24, 1944, FO 371\40041, Iraq 1944. PRO .
[3] مەلامستەفاو ژمارەیەك لە ئەندامانی خێڵی بارزان لە شارە کوردییەکەی سلێمانی بەزۆر نیشتەجێکرابوون، مەلامستەفاو ژمارەیەك لە پیاوەکانی لە شەوی ١٣/١٢ی ژوئیەی ١٩٤٣ دا هەڵاتنە چیا، ئەو نامەیەکی جێهێڵابوو کە تێیدا هاتبوو "بەهۆی ئەو بێپارەییەی لە ئاکامی دەستبەسەری درێژ خایەنەوە بەسەری هاتووە، ئەو مردنی پێ باشترە لەو وەزعەی ئێستای".
From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Oct 13, 1943, DSDF, 890G.00/669,NA.
[4] "The Kurdish Question," FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.

کۆنسوڵخانەی بریتانیی لە بەغداد دوو نامەی بەدەست گەیشتووە، یەکەمیان لە مەلامستەفاوەو ئەوەکەی دیکەشیان لە"ناوەندی ڕێبەرایەتیی کوردیی"ەوە، کە لە ڕاپەڕینەکەی مەلامستەفاوە تێوەنەگلابوو. لەهەردوو نامەکەدا، حکومەتی عێراق بەوە تاوانبارکراوە کە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ماقووڵ بۆ کێشەی کورد شکستیهێناوە.[1] بریتانییەکان چ سیاسەتەێکی ڕوونیان سەبارەت بە ڕەخنەکردنی حکومەتی عێراقیی لەم ڕووەوە نەبوو. ئەوان خوازیاربوون بە ڕوونیی ئەوە پێشانبدەن کە لەو نەهامەتییەکی کوردان لەعێراقدا بەرپرسیارێتییەکان نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا، بڕوایان وابوو کە کێشمەکێشی نێوان کوردانو حکومەتی عێراقیی بۆ قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. لەوەی زیاتر پێگەی خۆیان لەعێراقدا بەهێزبکەن. پێدەچێت ماقووڵ بێت ئەنجامگیریی ئەوە بکرێت کە بریتانییەکان لەماوەی ساڵانی ١٩٢٠–١٩٣٢دا، دەیانتوانی چارەسەری کێشەی کورد بکەن کاتێك عێراق لەبن ماندێتیی بریتانییدا بوو. تەنانەت پاش ئەو کاتەش کە عێراق لەساڵی ١٩٣٢دا سەربەخۆ بوو، بریتانییەکان هێشتا کاریگەرییەکی بەرچاویان لەدیارییکردنی سیاسەتی عێراقییدا هەبوو.

## ڕاپەڕینی مەلامستەفا لە ساڵانی ١٩٤٣–١٩٤٥

ناوچەی بارزان لەکۆتایی ساڵی ١٩٣٢و سەرەتای ساڵی ١٩٤٤دا بووە لانکی ڕاپەڕین، ئەم ڕاپەڕینە بە پەلاماری سەربازیی بۆسەر بنکەکانی

[1] Ibid.



پۆلیسی عێراقیی دەستیپێیکردو هەریەك لە دەسەڵاتدارانی بریتانییو عێراقیی خستە دڵەڕاوکێ. لەعێراقدا، بوونی گرفتێکی لەم شێوەیە لاوازیی حکومەتی عێراقی زێدەتر کردو بووەهۆی ناسەقامگیرییەکی گشتیی لەسەر تەواوی شانۆی سیاسیی وڵات، بەتایبەت لە کوردستان.[1] لەدیدی بریتانییەکانەوە، ڕەوشەکەی بارزان وەك تەگەرەیەك لەبەردەم هەوڵە جەنگییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆدا وەسفکراوە.[2] بریتانییەکان پەرۆشبوون کۆتایی ئەم گرفتانە ببیننو هەربۆیە پەیوەندییان بە مەلامستەفاوە کرد بۆئەوەی لە داواکارییەکانی ئاگاداربن. مەلامستەفا تکای لە باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد کرد کە فەرمانبداتە حکومەتی عێراقیی تاکو لێی خۆشبنو هەروەها سەرۆکەکانی دیکەی بارزان ئازاد بکەن کە لە حللە (لەباشووری عێراق) دەستبەسەر بوون. لەبەرامبەردا، مەلامستەفا پەیمانیدا ئاشتییو ئارامیی بپارێزێت. وێڕای ئەوەی، ئەوە ئاشکرابوو کە مەلامستەفا ئارەزووی ئەوەیدەکرد بێ کێشە دەسەڵاتی خۆی لەناوچەی بارزان بچەسپێنێت.[3]

نامەکارییەکانی نێوان باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغدادو مەلامستەفا ئەوەی پێشاندەدا کە ڕاپەڕیوەکە ئارەزوویکردووە ئەوە پێشانبدات کە بێزاریی ئەو لەدژی حکومەتی عێراقییە نەك دژی بریتانییەکان. مەلامستەفا بۆ نوێنەرانی بریتانیی لە بەغداد ڕوونیکردەوە کە " ئەو بە

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 13, 1944, FO 371\40041, Iraq 1946. PRO.
[2] Ibid.
[3] Ibid. From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. Dec. 31, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.

دەستەواژەگەلێكی روون وەفاداریی خۆی دەربڕیوە."[1] دەشێت ئەمە وەك هەنگاوێكی حساببۆكراو لێكبدرێتەوە كە ئامانجی نانەوەی ناكۆكییە لەنێوان بریتانییەكان‌و حكومەتی عێراقیی سەبارەت بە هەڵوێستی هەردوولا لەمەڕ راپەڕینی بارزان. هەرچەندە، مەلامستەفا لە هەوڵەكانیدا سەركەوتنی بەدەستنەهێنا. وێڕای ئەوەی بریتانییەكان زۆرجار رەخنەیان لەدەسەڵاتدارانی عێراقیی دەگرت سەبارەت بەوەی كە لە مامەڵەكردنیان لەگەڵ رەوشەكەدا شكستیانهێناوە، بەڵام بریتانییەكان بڕیاریاندا كۆتایی بە راپەڕینەكە بێنن. سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی سیاسەتی بریتانیی لەهەمبەر راپەڕینی بارزان، نوێنەرایەتیی ئەمریكیی لە بەغداد ئەنجامگیرییكرد كە بریتانییەكان هاوسۆزییان لەگەڵ هەریەك لە مەلامستەفاو هەروەها حكومەتی عێراقیی هەیە، هەرچەندە، بریتانییەكان دانیان بەوەداناوە كە بەرژەوەندییگەلێكی درێژخایەنیان لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەربۆیە ئەوەش واپێویست دەكات كە پشتگیریی حكومەت لە بەغداد بكەن. بەوەش، لەكاتێكدا بریتانییەكان بەوە رازیبوون كە پێویستە حكومەتی عێراقیی جیاوكێكی سنووردار بە مەلامستەفا بدات، بەڵام لە هەمان كاتدا، ئەوان پشتگیریی سوپای عێراقییان دژی راپەڕینەكەی مەلامستەفا كرد.[2] لەڕاستییدا، باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد لە ٢١ی دیسەمبەری ١٩٤٣دا، بەناوی حكومەتی بریتانییەوە، بیرخەرەوەیەكی بەئاگاهێنانەوەی ئاراستەی مەلامستەفا كرد، ئەوەی

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 13, 1944, FO 371\40041, Iraq 1946. PRO.
[2] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Nov 13, 1943, DSDF, 890G.00/674,NA.



بەئاشكرا تێیدا هاتبوو كە حكومەتی بریتانیی ناچارە بەشێوەیەكی نادۆستانە چاو لە مەبەستەكانی مەلامستەفا بكات.[1]

ئەمەو لەو كاتەدا بەڵگەی دیار لەوبارەوە هەبوو كە بریتانیا پێزانینێكی سەبارەت بە نەهامەتییەكانی كورد هەبوو، بەڵام ئەمە بەهۆی پشتگیریی بریتانیی بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ حكومەتی عێراقییدا شوێنەونبوو. تۆمارەكانی دپلۆماسیی بریتانیی لەم ماوەیەدا چ بەڵگەی هاوسۆزییەكی بریتانییەكانی لەگەڵ كێشەكەی مەلامستەفادا تێدانییە. لەڕاستییدا، ئەوە لەپەیوەندییەكانیاندا لەگەڵ حكومەتی عێراقییدا دەردەكەوێت، هەروەها لەبەر تیشكی پێگەی لاوازی حكومەت لەبەرامبەر راپەڕینەكەدا، بریتانییەكان بەمەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەكانیان، رەوشەكەیان لە كوردستان بەقازانجی خۆیان قۆزتەوە.

هەروەها ئەوەش گرنگە ئاماژەی بۆ بكرێت كە نامەكارییەكانی مەلامستەفا لەگەڵ باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد ئەو راستییە پێشاندەدات كە داواكارییەكانی راپەڕینەكە تایبەتمەندییەكی لۆكاڵیی هەبووەو بەوەش لەڕووەوە شكستیهێناوە كە وەك كێشەی گروپێكی ئیتنۆ–نەتەوەیی ئاماژە بە نەهامەتییە گشتییەكانی كوردان لە عێراقدا بكات. هەریەك لە حكومەتی عێراقیی‌و بریتانیی بژارەگەلی خۆیان هەبوو بۆئەوەی كۆتایی بەراپەڕینەكەی بارزان بێنن.[2] حكومەتی

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 13, 1944, FO 371\40041, Iraq 1946. PRO.: From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Feb. 19, 1944, FO 371\40041, Iraq 1944. PRO.
[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. " Review of events in Iraq during 1943" Jan. 24, 1944, FO 371\40041, Iraq 1946. PRO.

بریتانیی و نوێنەرایەتییەکەی لە بەغداد بەهیوای ئەوەبوون کە حکومەتی عێراقیی هەڵوێستێکی سازشکارانە بگرێتەبەرو هەروەها ئاسانکاریی بۆ چارەسەرێکی ئاشتییخوازانە بکات. لەکاتێکدا کە بریتانییەکان فرە نەرمو کراوە بوون سەبارەت بە داواکارییەکانی مەلامستەفاو نەهامەتییەکانی کوردان بەگشتیی، حکومەتی عێراقیی تەنیا خۆبەدەستەوەدانی تەواوی مەلامستەفای پەسەندبوو.[1]

هەرچەندە، حکومەتی عێراقیی لەرێگەی چەندین کەناڵەوە هەوڵی دانوسانی لەگەڵ مەلامستەفادا دا. لە پایزی ١٩٤٣دا، جەنەڕاڵ محەمەد سەعید ئەلتکریتی، مۆڵەتی لە حکومەتەکەی وەرگرت کە دانوسان لەگەڵ مەلامستەفا دەستپێبکات. کۆبوونەوەکانی دواتر بەشێوەیەك بەرێوەچوو کە هەر یەك لەو دوولایەنە خوازیارنەبوون کەمێکیش لە داخوازییەکانیان بێنەخوارەوە. داواکارییەکانی مەلامستەفا ئەوەبوو کە لێخۆشبوونی تەواو بۆ خۆیو پیاوەکانی دابینبکرێت، بەوانەشەوە کە ئەوانەی کە لە دامەزراوەی پۆلیسو سوپا هەڵاتبوون، هەروەها لەبەرچاوگرتنی داواکارییەکەی سەبارەت بە گێڕانەوەی ئەو زەویانەی لەناوچەی بارزان کە بۆ بنەماڵەی دەگەڕێتەوە، هەروەها رێگەپێدانی شێخی بارزان، کە نووکە لە حللە بەزۆر نیشتەجێکرابوون، بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.[2] ویستی حکومەتی عێراق لە دانوسان ئەوەبوو کە دەبێت مەلامستەفا بەتەواویی خۆی رادەست بکاتو خۆی بخاتە ژێر رەحمەتی حکومەتی عێراقییەوە.[3] باڵیۆزخانەی بریتانیی لەبەغدادو هەروەها

---

[1] Ibid.
[2] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Nov 13, 1943, DSDF, 890G.00/674,NA.
[3] Ibid.



راوێژکاری بریتانیی لە عێراق هەوڵیاندا کە هانی هەردوو لایەنەکە بدەن مل بە ئاشتەوایی بدەن. مێجەڕ سی.جی ئێدمۆندز کە بۆماوەیەکی درێژ راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقیی بوو، هەروەها لە کاروباری کوردان شارەزا بوو، ئەو رەشنووسی پێشنیازە فەرمییەکانی بۆ ئەم کۆتاییە ئامادەکردبوو. بەگوێرەی ئەو بەندانەی وەك مەرج لەلایەن ئێدمۆندزەوە دانرابوونن دەبوو مەلامستەفا وەك دانپێدانانێکی یەکێتیی حکومەتی عێراقیی دەبوو خۆی رادەستی دەسەڵاتدارانی عێراقیی بکات. ئەو مەرجانەشی پێشکەش بە مەلامستەفا کران :

١- پاش خۆبەدەستەوەدانیان، مەلامستەفاو پیاوەکانی لێخۆشبوونیان بۆ دەردەچێت، بەڵام لێخۆشبوون ئەوانە ناگرێتەوە کە لە سوپاو پۆلیس هەڵاتوون.

٢- گێڕانەوەی شێخەکانی بارزان کە لەشاری حللەی باشوورن لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە.

٣- هەروەها چاو بە گێڕانەوەی موڵکەکانی شێخانی بارزان دەخشێنرێتەوە.

٤- دەبێت مەلامستەفاو پیاوەکانی تێکڕای چەكو تەقەمەنییەکانیان رادەستبکەنەوە.[1]

سروشتی ئەم مەرجانە ئەوە دەگەیەنێت کە مەلامستەفا بە پەسەندکردنی مەرجەکان بەتەواویی دەکەوتە بن رەحمەتی حکومەتی عێراقیی. لەوەش زیاتر، مەرجەکان حکومەتی عێراقی ناچار نەکردبوو

---

[1] Ibid.

کــــە داواکارییــــــەکانی مەلامـــــستەفا لەبەرچـــــاوبگرێت. هـــــەروەها پەسەندکردنی مەرجەکان ئەوەی بەدەستەوە دەدا کە مەلامستەفا خۆی لەهـەمان رەوشـدا دەبینییـەوە کـە پـێش هەڵاتنەکـەی تێیـدا بـوو، واتـە بەزۆر نیشتەجێکردن لەژێر چاودێرییدا.

مەلامـــستەفا ســـەبارەت بـــە پێـــشنیازەکانی ئیدمۆنـــدز ناڕەزایـــەتیی پێشاندا، دەیوت کە مردنی سەربەرزانەی لە ملکەچبوون بۆ حکومـەتی عێراقیی بەلاوە باشترە. بەڵام ئەو پێشنیازی ئەوەی کرد کە خوازیارە ملکەچی بۆ بریتانییەکان دەربڕێت، یاخود لەگەڵ حکومەتی عێراقییدا بگاتــە رێکــەوتنێك، بەمــەرجێك بریتانییــەکان زامــنی جێبــەجێکردنی بەندەکانی رێکەوتننامەکە بکەن.[1] بەگوێرەی نوێنەرایەتیی ئەمەریکیی لــە بەغــداد، لــەکۆتایی دیــسەمبەری ١٩٤٣دا، حکومــەتی بریتــانیی فشاریان خستۆتە سەر حکومەتی عێراقیی لەرێگەی باڵیۆزەکەیان،و نێـردەی سـەربازییانەوە بـۆ سـوپای عێراقیـی، هـەروەها راوێـژکاری بریتـانیی لـە وەزارەتـی نـاوخۆی عێراقیـی، تـا رێگەچارەیەکی ئاشـتیی بگرنەبەر.[2]

[1] Ibid.

[2] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Dec 30, 1943, DSDF, 890G.00/674,NA.

حکومەتی عێراقیی هەنوکە خوازیاری زێدەکردنی فشاربوو لەسەر مەلامستەفا لەڕێگەی راوێـژکردن لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانی برایەوە، شێخ ئەحمەد لە شوێنی دەستبەرسەرییەکەی خۆی لـە حللـەوە هێنرایە بەغداد. شێخ ئامادەبوو کوڕەکـەی خـۆی بـە پەیامێکـەوە بنێرێتـە لای مەلامستەفاو فـەرمانی پێبکـات خـۆی بەدەسـتەوە بـدات و شـوێنکەوتەکانی رەوانـەی ماڵـەکانیان بکاتـەوە. مەلامـستەفاش بۆخۆی لەنێو چیاکاندا تاکو بەهاری ساڵی ١٩٤٤خۆی ونبکات، دواتر دەتـوانی "بـە لێخۆشـبوونێك" بگەڕێتەوە بارزان. هەرچەندە، هەوڵەکەی شێخ بێئاکام بوو.

From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Dec 30, 1943, DSDF, 890G.00/674,NA.



## دانوسانی زێدەتر لەگەڵ مەلامستەفا

حکومـەتی عێراقیـی هـەروەها لەرێگـەی ماجد مـستەفاوە کـە وەزیـری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری کوردان کـە بۆخـۆی نەتـەوەخوازێکی میانڕەو بـوو، دانوسـانی لەگـەڵ مەلامـستەفا ئەنجامـدا.[1] لـە کۆبوونەوەیەکـدا لـە مێرگەسوور کە ناوەندی کارگێڕیی ناوچەی بارزانە، مەلامستەفاو ماجد مـستەفا مـشتومڕیان سـەبارەت بـە ئەگـەری کۆتاییـەکی ئاشـتییانە بـۆ راپەڕینەکە کرد. بەگوێرەی ئەو پێشنیازانەی پێشکەشکران:

أ- رێگە بە مەلامستەفا دەدرێت لە حاجی هۆمەران نیشتەجێ بێت.

ب- شـێخ ئەحمـــەدی بـرای مەلامـستەفاو خـودانی خێڵـی بـارزان و هەروەها شوێنکەوتەکانی رێگەیان پێبدرێت بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

ج- دانــانی ئەفــسەرانی کــورد لــە ناوچــەی بــارزان وەك ئەفــسەری پەیوەندیی لەژێر چاودێری ماجد مستەفادا.

د- ئازوقە رەوانەی ئەو ناوچانە بکرێن کەلـە سایەی جەنگدا تووشـی نەهامەتیی بوون.

[1] ماجـد مـستەفا یـەکێك بـوو لـە ئەندامـەکانی حیزبـی هیـوا (١٩٣٩-١٩٤٥) بـەڵام پەیوەندییەکی باشی بە بریتانییەکانـەوە هـەبوو لـە عێراق و هـەروەها بـە حکومـەتی عێراقییـشەوە. بڕوانـە: جـەمال نەبـەز، گۆڤـاری نیـشتیمان، تـەموز ١٩٤٣-مـایس ١٩٤٤، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل ١٩.

هـ- كشانەوەی سوپای عێراقیی لە مێرگەسوور، بەڵام هێندێك مەخفەری پۆلیس لەناوچەكەدا دادەمەزرێنرێنەوە.[1]

ماجد مستەفا لە راپۆرتێكدا رووداوەكانی بارزانی هەڵسەنگاند، تێیدا جیاوازیی لەنێوان داواكاریی و شكایەتە رەواكانی كوردان لەلایەك و هەروەها بەرژەوەندیی شەخسیی چەند رەگەزێكی دیاریكراوی كورد لەلایەكی ترەوە كردووە. وێڕای ئەوەش، ئاماژەی بەوەداوە كە تەواوی رەوشەكە بەشێوەیەكی سەرەكیی ئاكامی شكستی كارگێڕیی حكومەتی عێراقییە لە چارەسەكردنی نەهامەتیەكانی دانیشتووانی كورددا. هەروەها ماجد مستەفا جەختی لەوە كردۆتەوە كە رەگەزگەلێكی جیاواز، بەتایبەت مەلامستەفا، بۆ قازانجی تایبەتی خۆیان، ناجێگیریی سیاسیی و نەهامەتیی دانیشتووانەكەیان لە كوردستان وەك دەرفەتێك قۆزتۆتەوە. ئەوەندەی پەیوەندیی بە مەلامستەفا و شوێنكەوتەكانیشییەوە هەیە، ئەوانیش لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە بەخراپیی لە سلێمانی كە شوێنی دوورخستنەوەكەیان بووە، مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە.[2] هەوڵەكانی ماجد مستەفا بۆ گەیشتنە رێگەچارەیەكی ئاشتییانە بۆ كێشەی بارزان ناكام بوو.

[1] [1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Jan. 15, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.

[2] بۆ دەقی راپۆرتەكە بڕوانە:

[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. Feb. 15, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.



لە ١٦ی جونی ١٩٤٤دا، كوناهان كۆرنوالیس، باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد، چاوی بە وەزیری ناوخۆی عێراق كەوت تاكو گفتوگۆ سەبارەت بە رەوشی كوردستانی عێراق، بەتایبەت راپەڕینی بارزان، بكەن. وەزیر مشتومڕی لەوبارەیەوە كرد كە هێز تەنیا وەك دوا بژارە بەكاربهێنرێت و پێویستە هەموو هەوڵەكان بخرێتەگەڕ بۆئەوەی متمانەی مەلامستەفا بۆخۆیان رابكێشن و وای لێ بكەن كە چەكەكەی فڕێبدات و بڵاوە بە شوێنەكەوتەكانی بكات.[1] بەڵگەیەكی ئەوتۆ نییە كە داخۆ باڵیۆزی بریتانیی لەسەر ئەم پێشنیازەی وەزیر رازیی بووبێت. هەرچەندە، ئەو لەوبڕوایەدا بوو كە باشترین بژارە بۆ چارەسەركردنی كێشەی بارزان ئەوەیە كە مەلامستەفا لە تەواوی كێشەی كورد جیابكرێتەوە. ئەوەش دەتوانرێت بەشێوەیەك بەدیبێت كە داواكارییەكانی كوردان لەڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتێكی دڵاوایانەوە جێبەجێبكات. هەروەها كۆرنوالیس پێشنیازی ئەوەیكرد كە حكومەتی عێراقیی دەستبەجێ پلانێك بۆ چاككردنی هەلومەرجەكەی كوردستان رابگەیەنێت.[2] باڵیۆز لەوباوەڕەدا بوو كە ئەگەر ئەم پێشنیازەی ئەو جێبەجێبكرێت، ئەوسا مەلامستەفا لەبری ئەوەی وەك پاڵەوانی مافەكانی كوردان چاوی لێبكرێت، لەزۆربەی حاڵەتەكاندا لەوانەیە " بخرێتەوە قاڵبەكەی خۆی."[3] كۆبوونەوەكە بە رێكەوتنی هەردوولا لەسەر سێ خاڵی گرنگ بۆ چارەسەریی كێشەی بارزان كۆتاییهات، بەگوێرەی ئەو رێكەوتنە حكومەت پێویستە:

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. June. 16, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
[2] Ibid.
[3] Ibid.

أ- دەستبەجێ رابگەیەنێت کە خوازیارە سیاسەتێکی دڵاوا لەهەمبەر کوردان بگرێتەبەر.

ب- بەخێرایی پرۆژەکانی خوێندنگاکان، نەخۆشخانەکان، شەقامەکان...هتد لەم ساڵدا جێبەجێبکرێت، لەنێو کورداندا پاگەندەو رێکلام بۆ ئەو بەرنامانە بکرێت و زووبەزوو کاری بۆ جێبەجێکردنیان بکرێت.

ج- پادگانە سەربازییەکەی بلە(ناوەندی کارگێڕیی قەزا لەناوچەی بارزان) لابرێت.[1]

وەزیری ناوخۆ، کە بەوە ناسرابوو هەڵوێستی دژ بە کوردانی هەیە، خوازیارنەبوو هەنگاوی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێکەوتنە بکات کە لەنێوان خۆی و کۆرنوالیسدا دایانڕشتبوو. وەزیر بەبیانووی " کەمیی بودجە" هەوڵیدا تەگەرە بخاتە بەر جێبەجێکردنی خاڵی "ب"، هەروەها بیانووشی بۆ خاڵی "ج" ئەوەبوو کە کێشانەوەی پادگانە سەربازییەکەی بلە پێویستی بە کاتە.[2] پاش ماوەیەکی کەم لە چاوپێکەوتنەکە، سەرۆك وەزیرانی عێراقیی بەیاننامەیەکی لە ٢٤ی جوندا بڵاوکردەوە، تێیدا روونیکردەوە کە حکومەتەکەی خوازیار نییە هیچ بەرنامەیەکی دیارییکراو سەبارەت بە ناوچە کوردییەکان جێبەجێکات. دوو رۆژ دواتر، مەلامستەفا نامەیەکی ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی عێراقیی کردو بەناوی خێڵەکانی بارزانی و زێبارییەوە تکای

1 Ibid.
2 Ibid.



لە حکومەت کرد داوای چاکسازیی پەسەند بکات.[1] باڵیۆزی بریتانیی لەکاردانەوەیدا سەبارەت بەم نامەیە، پەیامێکی ئاراستەی مەلامستەفا کردو هانیدا واز لە سیاسەت بێنێت.[2]

هەوڵگەلێکی زێدەتر بۆ قانعکردنی مەلامستەفا درا تاکو شوێنکەوتە چەکدارەکانی بڵاوەپێبکات و ئەو چەکانە رادەستبکەنەوە کە پایزی پێشوو لە هێزە چەکدارەکانی عێراقیان گرتبوو. لەبەرامبەر هاوکارییکردنی مەلامستەفا لەم رووەوە ، لەشکری عێراقیی لە بلە دەکشێنرێتەوە.[3] مێجەر کینگ، کە وەك راوێژکاری سیاسیی لە ناوچەی باکوور هەڵدەسوڕا هەوڵیدا، مەلامستەفا ناچار بکات دوژمنکارییەکانی خۆی دژی حکومەت بوەستێنێت، هەروەها هەمان کات بەئاگایهێنایەوە کە سیاسەتە وێرانکارییەکانی لەماوەی درێژدا دواجار دەبێتە کارەسات بۆخۆی و نەهامەتیی بۆ گەلەکەی.[4] بریتانییەکان لەو راستییە ئاگاداربوون کە مەلامستەفا خەریکە نفوزی خۆی بەسەر ناوچەی نێوان "ئامێدی"عەقرەو رەواندوزو هەروەها سنوورەکانی تورکیی- ئێرانیی فراواندەکات. هەروەها مەلامستەفا کار بۆ هاوپەیمانیی لەگەڵ خێڵی زێباری دەکات. تێڕوانینی کینگ ئەوەبوو کە هەر ئاشتەواییەك لەنێوان مەلامستەفاو حکومەتی عێراقییدا ئەستەمە بەدیبێت. ئەو زیاتر جەختی لەوەکردەوە کە سیاسەتی رازییکردنی مەلامستەفا شکستیهێناوە، هەروەها تەنیا ئەلتەرناتیڤ بۆ حکومەتی عێراقیی

1 From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. June. 28, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
2 Ibid.
3 From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. July. 30, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
4 Ibid.

جێدەمێنێت ئەوەیە کە سوپای خۆی ئامادەبکات بۆ هەڵمەتێك دژی سەرکردەی ڕاپەڕینەکە. هەرچەندە، باڵیۆزی بریتانیی ئامۆژگاریی حکومەتی کرد لە لەندەن کە بەرژەوەندیی بریتانییەکان ئەوەیە کە لەم کاتەدا کێشە لە کوردستاندا دووربخرێتەوە.[1]

ڕاپەڕینەکەی مەلامستەفا بەردەوام بوو، هەروەها تکێڕای هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەڕێگەی دانوسانەوە شکستیخوارد.[2] بەوەش خواستی حکومەتی عێراقیی بۆ ئەنجامدانی چارەسەرێکی سەربازیی زێدەتر دەبوو. هەروەها دڵەڕاوکێی بریتانییەکان سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەو هەروەها ڕەوشە گشتییەکەی کوردستانیش تادەهات ئاشکراتر دەبوو. یەکەم، بریتانییەکان لەوە دەترسان کە ڕاپەڕینەکە دەبێتەهۆی هاوئاهەنگیی کوردان لە سەراسەری کوردستانی مەزندا. بیرۆکەی ڕاپەڕین لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاودەبێتەوە.[3] لەوەش زیاتر، دەگونجێت کوردانی عێراق بەدوای پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی شورەوییدا بگەڕێن و ئەوەش ئامرازێکی بەسوود دەبێت بۆ پێشکەوتنی ئامانجەکانی شورەویی. دەبێت لەبەر تیشکی بەرژەوەندییە ستراتیژیی و ئابوورییەکانی بریتانیا لە ناوچەکەدا لە دیدی بریتانیی بگەین. بۆ نموونەن، ڕاپەڕینەکە دەتوانێت هەلومەرجێك

---

[1] Ibid.

[2] لەپاڵ هەوڵگەلێك بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتییانە، هەروەها هەوڵی دیکەش درا بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێش لەگەڵ مەلامستەفا، هەرچەندە ئەم هەوڵانەش بێهودەبوون. ڕائید عیزەت عەبدولعەزیز کە بەخۆی کوردەو هاوکات یاریدەدەری شەخسیی شازادە بوو، هەوڵێکی بەم چەشنەیدا، هەروەك ئەوەی موقەدەم ئەمین ڕەواندوزیش کە قائمقامی ڕەواندوز بوو کردی.
Eagleton . Jr , The Kurdish Republic of 1946 . London , 1963 , p.16 .

[3] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. June. 28, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.



بخولقێنێت کە ئەفسەرانی سەربازیی عێراقیی بیکەنە دەرفەتێك تاکو دژی بریتانییەکان لە عێراقدا کاربکەن. لە تەلەگرافێکدا کە لەلایەن ڕەشید ئەلعومەری، وەزیری دەرەوەی عێراقیی، بۆ باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد نێردراوە، هەلومەرجەکەی کوردستان بە تاریك وەسفکراوە. وەزیر لەوە دەترسا کە لە پاییزدا کێشەی گەورە بقەومێت، بەوەی کە پلانێکی گشتگیر داڕێژراوەو نەك بەتەنیا کوردە خێڵەکییەکانی عێراق بەڵکو ئەوانەی ئێران و تورکیاش دەگرێتەخۆ. بەگوێرەی وەزیر، ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە لە تەبریزەوە بەئاشکرا بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ڕووسیا لە هەموو ئەمانەدا دەستی هەیە.[1] هەرچەندە، بریتانییەکانی لەلایەن وەزیری دەرەوەی عێراقیی زانیارییان پێدرا کە چالاکییەکی ئاشکرای شورەوییەکان لە ناوچەی بارزاندا نییە. لەلایەکی دیکەوە، وەزیر لەوباوەڕەدا بوو کە هۆکار هەن بۆ گومانکردن لەو نێردانەی مەلامستەفا ناردونی بۆ کوردستانی ئێران، ئەوانەی کە دەگونجێت پەیوەندییان بە ڕەگەزگەلێکی تێکدەرەوە کردبێت.[2] وەزیر بەتایبەتیی سەبارەت بە دوورایی هەرێمیی پەرەسەندنەکان لە کوردستان بایەخداربوو. دەگونجێت ڕاپەڕینێکی بەهێزی کوردیی ببێتە هۆی هاندانی کوردان لەئێران تاکو کارێکی هاوچەشن ئەنجامبدەن بەشێوەیەك کە حکومەت نزیکەی لەبەرامبەر پەرەسەندنێکی بەوچەشنەدا بێهێزو بێدەسەڵاتە. هەروەها کوردانی تورکیاش، کە لەوێ حکومەت ئەوەندە بەهێزە بەتوندیی مامەڵە لەگەڵ

---

[1] Ibid.

[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Aug . 1, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.

کوردانـدا بکـات. وەزیـر بـڕوای وابـووە کـە هـەر راپـەڕینێکی گـشتیی کـوردیی لـە عێـراق دەبێتـە هـۆی هانـدانی داگیرکـاریی تورکیـا بـۆ کوردستانی عێراق بە بیانووی "گێڕانەوەی ئارامیی"یەوە. لەبەرئەوە هـانی حکومـەتی عێراقییـدا بکەوێتـە کـار تـاکو چارەسـەری رەوشـەکە بکات پێش ئەوەی خراپتربێت.[1]

حکومەتی عێراقیی خوازیار بوو ئەمرکییەکان لە مەبەستەکانی خۆی ئاگاداربکاتو کام لەو هەنگاوانەش لەلایەن حکومـەتی عێراقییـەوە دژی راپەڕینەکەی بارزان دەنرێت. بەم شێوەیە، وەزیری دەرەوەی عێراق، کە هاوکـات بـە وەکالـەت پۆسـتی وەزیـری بەرگرییـشی لەئەستۆدا بوو، بـە وەزیـری ئـەمریکیی لـە بەغـداد راگەیانـد کـە حکومـەتی عێراقیـی هەڵمەتێکی بەرفراوان دژبە راپەڕینەکەی بارزان دەستپێدەکات.[2] خودی باڵیۆزی بریتـانیی لەبەغـداد لەوبڕوایـەدا بـوو کـە پێگـەی مەلامـستەفا روونەو هەنکاوی ئاشتییانەش بەرهەمدار نابێت. بـەڵام باڵیۆز وتـی کـە سـەرکردەی نێـردەی سـەربازیی بریتـانیی لـە عێـراقو ئـەوانی تـر هەڵسەنگاندنیان کردووە کە سوپای عێراقیـی لـە رەوشێکی وادا نییـە کـاری سـەربازیی دژی مەلامـستەفا دەسـتپێبکات.[3] بـاڵیۆز وتـی کـە باشـترین بـژارە ئەوەیـە کـە ئـەو ناوچـانە چـۆڵبکرێت کـە ناتوانرێـت بپـارێزرێن، هـەروەها ناوچـەکە لـەڕووی ئابوورییـەوە لـە دەوروبـەر جیابکرێتـەوە. وێـڕای ئـەوەو بـەگوێرەی پێشنیازەکانی ئەفسەرانێکی

---

[1] Ibid.

[2] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Dec 30, 1943, DSDF, 890G.00/674,NA.

[3] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Aug . 1, 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.



دیارییکراوی بریتانیی، پێویستە حکومەتی عێراقیی کاری خێرا بکات بـۆ رێکخـستنەوەو راهێنـانی سـوپا، هـەروەها یەکـە سـەربازییەکانی جـەنگی شـاخاویی بخاتـە نێـو ریزەکانییـەوە. مەسـەلەی پـشتگیریی هێزەکانی ئاسمانیی پاشایەتیی بریتانیی لە هەر کارێکی سەربازییدا عێراقییـدا کـە دژ بـە پیاوەکـانی مەلامـستەفا بکرێـت زۆر پێویـستە. باڵیۆزی بریتانیی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراقیـی روونکـردەوە کـە پـشتگیرییەکەی بـەم چەشـنە ناتوانرێـت چاوەڕێ بکرێـت، چـونکە خودی بریتانییەکان بارێکی گرانیان لەسەر شانەو ئەوەندەش سەربازو کەلوپـەلو چـەکی پێویـستیان لەبەردەسـت نییـە تـاکو لـە پـەلاماری کوردسـتاندا بـەکاریبهێنن.[1] هـەر لـە پـایزی ١٩٤٤ەوە تـاکو شکـستی راپەڕینەکـە لـە کۆتـایی ١٩٤٥دا، دوورایـی نێودەوڵـەتیی راپەڕینەکـەی بـارزان هێـشتا بایەخـدارتر دەبـوو. ئەگـەری تێـوەگلانی شـورەوی لەراپەڕینەکـە زێـدەتر دەبـوو، ئـەوەش بۆخـۆی دەبـووە ورووژانـی دڵەڕاوکێی ئەمریکییەکان.

## دڵەڕاوکێی ئەمریکییەکان

تێکچوونی هەلومەرجەکەی کوردستانی عێراق، بەتایبەت لە ناوچەی بارزانـدا، بـوو بـە سەرچـاوەی دڵـەڕاوکێی ئەمرکییـەکان.[2] وەزارەتـی

---

[1] Ibid.

[2] هەروەها پلاندانەران لە وەزارەتی دەرەوەدا، سەبارەت بە بوونی جووڵانەوەیەکی کوردیی لە عێراق نیگـەرانبوون. کـە وا بینـرا نـاجێگیریی پەرەپێـدەدا. هەڵوەشـانەوەو دوژمنایـەتیی دژی عـەرەب

دەرەوە فەرمانی بە لۆی.دەبڵیو هاندەرسن، وەزیری ئەمریکیی لە بەغدا کرد تاکو زانیاریی ورد لەسەر رەوشەکەی کوردستانی عێراق‌و هەڵوێستی هەریەك لە حکومەتی عێراقیی‌و بریتانیی سەبارەت بەو کێشەیە کۆبکاتەوە. هاندەرسن، لە ١٤ی ئوتی ١٩٤٤دا، لەگەڵ ئەرشەد ئەلعومەری، وەزیری دەرەوەی عێراقییدا کۆبووەوە، ئەوەی کە سەبارەت بە کێشەی کورد چەند خاڵێکی خستەڕوو. ئەلعومەری جەختی لەوە کردەوە کە رەوشەکەی کوردستانی عێراق پێویستە زیاتر وەك کێشەیەکی نێودەوڵەتیی لێبڕوانرێت تا ئەوەی وەك کێشەیەکی نێوخۆیی. لەوەش زیاتر، ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد کە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ کاریگەریی بۆ سەر یەکێتیی خاکی ئێران،عێراق‌و تورکیا دەبێت. ئەلعومەری ئەنجامگیریکرد کە دەگونجێت پەرەسەندنێکی بەمشێوەیە بە پلەی جیاواز پەیوەندیی بە بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە هەبێت، بەتایبەت، بریتانیا یەکێتیی شورەوی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.،[1]

---

بەهەمانشێوە لە فەلەستین لە خولیاکانی زایۆنیستەکاندا هەبوو. نیگەرانی ئەمریکییەکان لە ناجێگیریی رەوشی نێوخۆی عێراق زۆر توندبوو، بووەهۆی ئەوەی ئەمریکییەکان خۆیان لەهەر کاروهەڵسوڕانێکی هاوبەش لەگەل عێراقدا بەدووربگرن.
Baram, The Department of State in The Middle East, 1919-1945, 1978, pp176-181.

[1] ئەلعومەری مشتومڕ لەبارەی نەتەوایەتیی کوردییەوە دەکات لە پەیوەندیی لەگەڵ نەتەوایەتیی عەرەبییدا، ئەوەی یەکێتی عەرەبی پتەوکردووە. ئەو جەختیکردووە کە نەتەوایەتیی کوردیی لەمپەرێکە لەبەردەم یەکێتیی عەرەبییدا. ئەو ئاماژەی بەوەداوە کە نەتەوایەتیی کوردیی پەرەسەندنی خۆی لەسەر ئاستی دوو دەستە ئەزموندەکات: یەکەمیان، سەرۆك خێڵەکان کە بیرۆکەی نەتەوایەتیی کوردیی بۆ پتەوکردنی دەسەڵات‌و پرستیژی خۆیان لەسەر حسابی دەستەو تاقمەکانی تر بەکاردەهێنن. دووەمیان، خوێندەوارە رۆشنبیرە کوردەکانە کە سەبارەت بە



هەرچەندە، رەوشە ئاڵۆزەکەی کوردستان لەساڵی ١٩٤٥دا بەردەوام خراپتر دەبوو. ئەندامانێك لە حکومەتی عێراقیی ئەوەیان خستەڕوو کە پەتی ئارامییان روو لە پسانەو پێویستە بریتانیاش لەدیدی حکومەتی عێراقیی تێبگات.[1] بەڵام هێشتا نوێنەرایەتیی بریتانیی‌و هەروەها حکومەتی عێراقیی بڕوایان بەوە بوو کە دەبێت هێشتا هانی مەلامستەفا بدرێت کە جەنگاوەرەکانی بڵاوەپێبکات‌و چەکەکەی دابنێ. ئەو هەڵوێستەی کە لەنێو وەزیرە عێراقییەکان‌و نوێنەرایەتیی بریتانیی لەعێراق بڵاو بوو ئەوە بوو کە تاکو مەلامستەفا نەهێننە ژێر بار، چاوەڕوانی هیچ ئاشتییەك لە باکوور ناکرێت.[2] هەنووکە بریتانییەکان کەوتنە ئامادەکاریی بۆ هاوکارییکردنی حکومەتی عێراقیی لەپێناو ریشەکێشکردنی راپەڕینی بارزاندا. حکومەتی بریتانیی لەرێگەی باڵیۆزەکەیەوە لە بەغداد نامەیەکی بەئاگاهێنانەوەی نارد بۆ مەلامستەفا، تێیدا جەخت لەوە کرابووەوە " ئەوە دوا بەئاگاهێنانەوەیە کە ئەو( واتە مەلامستەفا ) لەوانەیە لە حکومەتی خاوەن شکۆی چاوەڕوان بکات، ئەگەر ئەو پێ لەسەر پشتگوێخستنی دابگرێت، ئۆباڵی ئاکامەکەی لە ئەستۆی خۆی دەبێت."[3] هەرچەندە، دواجار هەریەك لە حکومەتی بریتانیی‌وعێراقیی سەبارەت بە پێویستیی هەڵمەتێکی سەربازیی دژی ناوچەی بارزان رێکەوتن، بەڵام نیشانەی

---

خۆشگوزەرانیی گەلی کوردو دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نیگەرانن. لەنێو ئەوانەدا رۆشنبیرە لاواکان هەن کە هێزە رۆژئاواییەکانیان لە سەرۆك خێڵەکان پێ باشترە.

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Aug . 1, 1945, FO 371\43340, Iraq 1954. PRO.

[2] Ibid.

[3] Ibid.

ناکۆکیی لەنێوان هەردوولادا هەبوو. بۆ نموونە، راوێژکاری سەربازیی بریتانیی خوازیار بوو خۆیان لە هەر کارێکی هەڕەشەو بە پەلە ببوێرن. ئەم جیاوازییانە لە کۆبوونەوەیەکدا لەنێوان سەرۆك وەزیرانی عێراقیی و باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد چارەسەرکرا.[1] هەروەها لە ئوتی ١٩٤٥دا، سوپای عێراقیی خۆی بۆ پەلامارێکی سەرتاسەریی دژی راپەڕینەکە ئامادەکرد.

کاتێك پەلامارە سەربازییەکە دژی مەلامستەفا دەستیپێکرد،[2] لە ٧ی سێپتەمبەری ١٩٤٥، بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە بانگێشتی ئەی .ئێچ تاندی،یەکەمین سکرتێری باڵیۆزخانەی بریتانیی لە واشنگتۆن، کرد. لەکاتی گفتوگۆیەکدا لەنێوان تاندیو جۆردن مێریام، سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێریام "هەندێك دڵەراوکێ"ی سەبارەت بە هەڵمەت دژی کوردان لەعێراق دەربڕی. مێریام وتی، هەرچەندە هەڵمەتەکە لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بەڕێوەدەبرێت، بەڵام واپێدەچێت کە ئاراستەو ئامانجە سەرەکییەکانی لەلایەن بریتانییەکانەوە دیارییکرابن و لەڕاستییدا لەسەر پێشنیازەکانی ئەوان جێبەجێبکرێن.[3] تاندی، لەکاتێکدا نکۆڵیی لەو رۆڵە نەدەکرد کە بریتانییەکان لە هەڵمەتەکەدا بینیویانە، ئەو زیاتر

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Aug . 13, 1945, FO 371\45340, Iraq 1945. PRO;. From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office.Aug . 29, 1945, FO 371\45340, Iraq 1945. PRO.

[2] هەڵمەتەکە بە پێشنیازی راوێژکارە سەربازییە بریتانییەکان دواخرا، ئەو هەڵمەتە لە ٤ی سێپتەمبەری ١٩٤٥دا دەستیپێکرد.

[3] From the Department of State to the American Legation in Baghdad, Sep 7, 1945, DSDF, 890G.00KURDS/9-745,NA.



بایەخی بە شتومڕکردن دەدا سەبارەت بەو ئاڵۆزییانەی کە دەشێت لە ئەگەری پشتگیریی شورەویی بۆ کوردانی عێراق بێتەئارا، هەروەها داخۆ بەشداریی چالاکیی برتانییەکان لە هەڵمەتەکە دەشێت ببێتەهۆی ململانێ لەنێوان شورەویی و بریتانییەکان. مێریام ئاماژەی بەوەدا کە دەگونجێت هەڵمەتەکە ببێتەهۆی خۆدزینەوەی شورەویی لەوەی لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگەکە سوپاکەیان لە ئێران بەرنەدەرەوە.[1]

ناوەرۆکی ئەم گفتوگۆیانە دڵەڕاوکێیەکی لەلای حکومەتی بریتانیی پێکهێنا، ئەوەی خوازیاربوو هۆکاری راستینەی بایەخەکانی سەرۆکی بەشی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانێت. راستەوخۆ پاش وەرگرتنی هەواڵی ئەو گفتوگۆیانە، جی.ئێچ تۆمبپسۆن، هەڵسوڕی کاروباری باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد، سەبارەت بە دەربڕینی "هێندێك دوودڵیی" وەك ئاماژەیەك بەئاگاهێنانەوەی حکومەتەکەی لەقەڵەمدا، ئەو پرسیاری لە رۆبەرت جی مێمینجەر، سکرتێری دووەمی کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی کرد داخۆ دڵەڕاوکێیەکی ئەمریکیی لەمەڕ رۆڵی بریتانیی سەبارەت بە هەڵمەتی سەربازیی لە کوردستاندا. مێمینجەر، ئاماژەی بەوەدا کە هەڵمەت بۆسەر کوردستان کە لەبنەڕەتدا بیرۆکەیەکی بریتانییە، تەنیا سەرچاوەی دڵەڕاوکێی کوردانو حکومەتی عێراقیی و بریتانیی نییە، بەڵکو بۆ تێکڕای ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندییان لە جێگریی نێودەوڵەتییدایە. ئەو زیاتر باسی لەوە کردووە تەنانەت ئەگەر مرۆ بانگەشەی بریتانییش لەوبارەیەوە پەسەند بکات، کە هەڵمەتەکە لە بنەڕەتەوە لەلایەن وەزارەتی نێوخۆی حکومەتی

[1] Ibid.

عێراقییەوە پێشنیازکراوە، ئەوا بریتانییەکان لەوانەیە ئەوەیان بتوانیایە کە هەڵمەتەکە هەر لەسەرەتاوە رابگرن.[1]

سەبارەت بە تێوەگلانی یەکێتیی شورەویی لە راپەڕینەکە، تۆمپسۆنی هەڵسوڕی کاروباری بریتانیی لە بەغداد، جەختی لەوەکردەوە کە بەڵگەیەکی سەبارەت بە پەیوەندیی شورەویی بە راپەڕینەکەوە نەبینیوە.[2] هەرچەندە، ئەم کێشەیە هەواڵی دژبەیەکی لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە بەدوای خۆیدا هێنا. بانگەشەی دیارییکراوی ئەوتۆ سەبارەت بە هاندانی شورەوییەکان بۆ ئەفسەرانی پێشووی کورد لە سوپای عێراقییدا هەبوو، ئەوانەی ژمارەیەکیان بەودواییە سەردانی کوردستانی ئێرانیان کردبوو.[3] وێڕای ئەوەی بەڵگەیەکی راستەوخۆ نەبوو کە هەرجۆرە پشتگیرییەکی شورەویی بۆ مەلامستەفا بسەلمێنێت. لەڕاستییدا، لە گفتوگۆیەکدا کە لەبەرهاری ١٩٤٧دا ئەنجامدراوە، مەلامستەفا جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەوڵی جۆربەجۆری داوە تاکو پاڵپشتیی شورەویی بۆ چالاکییەکانی بەدەستبێنێت، بەڵام شورەوییەکان سەلماندیان کە ئەوان حەزناکەن لەراپەڕینی بارزانەوە تێوەبگلێن.[4]

---

1 بیرەوەریی گفتوگۆی نێوان جیۆفری ئێچ تۆمپسۆن، بەرپرسی کاروباری بریتانیی لە بەغدادو هەروەها رۆبێرت جی مێمینجەر سکرتێری دووەمی کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی لە بەغداد. ١٨ سێپتەمبەر ١٩٤٥، DSDF, 890G.00KURDS/9-1845,NA.

2 بیرەوەریی گفتوگۆی نێوان تۆمپسۆنو مێمینجەر لە ١٣سێپتەمبەری ١٩٤٥. DSDF, 890G.00KURDS/9-1345,NA.

3 From the Foreign Office to the Royal Institute of International Affairs, March 18, 1947, FO 371 61678, Iraq 1947. PRO.

4 تفرشیان، قیام افسران خراسان، ١٩٧٦، ص ٨٧.



کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی لە بەغداد، بەوردیی بەدوای هەواڵەکانی هەڵمەتەکەدا دەچوونو بەتایبەت بایەخیان بە رۆڵی بریتانیی لەو چوارچێوەیەدا دەدا. تۆمپسۆن وتویەتی هەرچەندە کە هەڵمەتەکە لەسەرەتادا بەخاویی چۆتەپێش، بەڵام دواجار سەرکەوتنی خۆی سەلماند، بەریتانیای مەزن هیچ کەمینەیەکی لە عێراقدا نەپاراست، بەڵکو پێشانیدا کە خوازیارە ئەوانە عێراقییەکی باشبن، هەروەها ئامانجی نێوخۆیی ئەوەبوو کە یارمەتیی عێراق بدات ئاشتیی بەدیبێنێت. هەروەها تۆمپسۆن وتی کە ئامۆژگاریی حکومەتی عێراقیی کردووە کە نەهامەتییەکانی کورد رەوانو پێویستە حکومەتی عێراقیی دەستبەجێ هەنگاوی بونیادیی لەم رووەوە بنێت.[1] بریتانییەکان لە بایەخپێدانی ئەمریکییەکان بە کاروباری کوردان نیگەرانبوون. بەم شێوەیە، لە کۆتایی سێپتەمبەری تاندی نوێترین زانیاریی سەبارەت بە هەڵمەتەکە داوەتە ئەمریکییەکان. تاندی بە ئەدریان کۆلکویتی کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکیی راگەیاند کە بریتانییەکان ژمارەیەك گەنجینەی خستنەخوارەوەی ئازووقەیان فەراهەمکردووە، هەروەها جەختی لەوەکردەوە کە گرتنەبەری هەڵمەتی سەربازیی لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ پێویست بوو. هەروەها تاندی ئاماژەی بەوەکرد کە هیچ بەڵگەیەك بۆ تێوەگلانی شورەویی لە راپەڕینەکە یاخود پشتگیرییکردنیدا نییە، هەروەها هەڵمەتی دژی یاخییبوونەکە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەو

---

1 بیرەوەریی گفتوگۆی نێوان تۆمپسۆنو مێمینجەر لە ١٣سێپتەمبەری ١٩٤٥. DSDF, 890G.00KURDS/9-1345,NA.

گفتوگۆیانە نییە کە لەگەڵ شورەوییدا سەبارەت بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت.[١]

لەسەرەتای ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥، کاپتن ئارشیباڵد ڕۆزفێڵت جێگری وابەستەی سەربازیی لە کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی، بۆ چاودێریی ڕەوشەکە سەردانێکی یەك هەفتەیی شاری سلێمانی کرد. ڕۆزفێڵت تێبینیکرد کە بێزاریی دژی کارەکانی حکومەتی عێراقیی لە کوردستاندا پەرەیسەندووە. ئەو هەواڵی زیاتریدا کە ڕاپۆرتی متمانەپێکراو لەبارەی ڕەشبگیری کوردانەوە هەیە، کە لە سەربازخانەکاندا زیندانیکراون، هەروەها تیرەبارانکردنی سەرپێیی خەڵکی سڤیل بەڕێوەدەچێت.[٢] هەریەك لە کۆنسوڵخانەی ئەمریکیی و باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد، زانیاریی وردیان لەمەڕ نەهامەتیی کورد هەبوو، بایەخپێدانی هەردوولایان وایکرد پەیوەندیی لە نێوانیاندا سەبارەت بە پەرەسەندنەکانی کوردستان دروستبێت. بریتانییەکان ناڕەزایی خۆیان سەبارەت بە هەلومەرجەکە دەربڕی، بەڵام ئەوەی ڕوونکردەوە کە باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد توانیویەتی ئەوە بکات کە خۆی ویستوویەتی لەگەڵ مەلامستەفاو یاخود ئەوانەی لەگەڵییدان، بەڵام فشاری ئەوەش کراوە کە پێویستە خەڵکی کورد بە نەرمییەکی زیاترەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.[٣]

---

[1] بیرەوەریی گفتوگۆی نێوان تۆمپسۆن و مێمینجەر لە ٢٨ی سێپتەمبەری ١٩٤٥. DSDF, 890G.00KURDS/9-2845,NA.

[2] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Oct 12, 1945, DSDF, 890G.00Kurds/ 10-1245,NA.

[3] Ibid.



هێزی ئاسمانی پاشایەتیی بریتانیی، پشتگیریی هەڵمەتەکەی سوپای عێراقیان کرد دژی مەلامستەفاو هەروەها هێزەکانی ناچارکران پاشەکشێ بکەن و لە سنووری عێراق–ئێران بپەڕنەوە بۆ کوردستانی ئێران.

بەڵگەی یارمەتییەکی چەسپاوی کوردانی ئێران بۆ مەلامستەفا لەگۆڕێدا نییە. وێڕای هەندێك پێداهەڵدانی ڕاپەڕیوان وەك ڕێبەرانی نەتەوەیی. ڕاپەڕینی بارزان کاریگەرییەکی قووڵی لە کوردستانی ئێران نەکرد. هەڵاتنی مەلامستەفا بۆ کوردستانی ئێران پاش کۆتاییهاتنی ڕاپەڕینەکە چ هەژانێکی گشتیی لەناوچەکەدا نەقەوماند.[١]

کاتێك مەلامستەفا بەرەو ئێران لە سنوور پەڕییەوە، کوردانی ئەوێ لە سەروبەندی ڕاگەیاندنی کۆمارێکی ئۆتۆنۆمدا بوون. نوێنەرایەتیی بریتانیی لە عێراق و هەروەها حکومەتی عێراقیی بەوردیی بایەخیان بە بەو پەرەسەندنانە دەدا، هەریەك لە عێراق و بریتانیا سەبارەت بەوە نیگەران بوون کە کوردانی عێراق بەشێوەیەك بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوانە یاخود بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەو ڕووداوانەی کوردستانی ئێراندا تێوەبگلێن.کۆنسوڵی بریتانیی جەختی لەوەکردەوە کە کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی پەرەسەندنی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران لەسەر کوردستانی عێراق بکرێت. باڵیۆزی بریتانیی بۆ سەرۆك وەزیرانی ڕوونکردەوە کە پێویستە حکومەتی عێراقیی کوردان لەعێراقدا لەوە دڵنیابکاتەوە کە بەرژەوەندییەکانی کوردان پشتگوێ ناخرێت. ئەوەی بەتایبەت گرنگ دێتەپێش چاو ئەوەیە کە

---

[1] Research Department Foreingn Offiice, "The Kurdish Problem", March 22, 1946, FO 371/ 52369. Iraq 1945,PRO.

کوردان لە عێراقدا ڕێگەیان لێگیراوە لە هەرشوێنێکی دەرەوەی عێراقدا بەدوای دۆستدا بگەڕێن.[1]

## بژارەگەلێکی سیاسیی

هاوکات لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی بارزاندا، ژمارەیەك کوردی نەتەوەخواز خوازیاربوون سەرنجی وڵاتانی زلهێز بۆ نەهامەتییەکانی گەلی کورد ڕابکێشن. ئەمانە داوای ئەوەیان دەکرد کە کێشەی کورد بخرێتە نێو ئەجێندای ئەو کۆنفرانسی ئاشتییەی سەبارەت بە کۆتایی جەنگەکە دەبەسترێت. ئەوان دەیانویست زلهێزەکان قەناعەت پێبکەن کە کوردان لە تورکیا، ئێران و عێراقدا سەرکوتدەکرێن و سیاسەتی هەڵاواردنیان لەدژ بەڕێوەدەبرێت، هەروەها پێویستە حاڵەتی سەربەخۆیی نەتەوەییان بۆ فەراهەم بکرێت. لەهەمان کاتدا، زۆر لەو کوردانە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆ وابێت کە بەدینەیەت ئەوا ئەوان چارەسەرییان لەچوارچێوەی عێراقدا لەلا پەسەندە، واتە کوردان لە عێراقدا پێویستە ئۆتۆنۆمی لۆکاڵییان بدرێتێ.[2] داواکارییەك کە لەلایەن ٢٨ کەس لە ئەشرافی کوردی سلێمانیەوە واژۆکرابوو کە زۆربەیان سەرۆك خێڵ یاخود ڕێبەرانی ئاینیی بوون بەناونیشانی " بەناوی گەلی کوردەوە"، ئاراستەی نوێنەرایەتیی ئەمریکیی، بریتانیی، یەکێتی شورەویی، چین و فەرەنسا

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. Nov . 28, 1945, FO 371\45346, Iraq 1945. PRO.
[2] From the American Legation in Baghdad to the Department of State, March 22, 1945, DSDF, 890G.00/ 3-2245,NA.



کرابوو، تێدا ئاماژە بەو تاوانانە کرابوو کە لەلایەن حکومەتەکانی تورکیا، عێراق و ئێرانەوە کرابوو، ئەوانەی بە ئەنجامدانی "کۆمەڵکوژیی" کوردان لە وڵاتەکانیاندا تۆمەتبارکرابوون. هەروەها لە داواکارییەکەدا پێشنیازی کۆمسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی کوردان کرابوو.[1]

پارتە سیاسییە کوردییەکان و نەتەوەخوازە کوردەکانیش لە گرنگیی پشتگیریی زلهێزەکان لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردیی یاخود خودموختاریی بەئاگابوون. لەڕاستییدا پەیوەندییەکی جۆراوجۆر لەلایەن نەتەوەخوازانی کوردەوە لە زلهێزەکان و هەروەها بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کرا. "پارتی ڕزگاری کورد" یەك لەو تاقمانە بوو کە لە بیرەخەرەوەیەکیدا کە لەڕێگەی چەند کۆنسوڵخانەو باڵیۆزخانەیەکەوە لە بەغداد ڕەوانەی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردبوو تکای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کردبوو پشتگیریی داواکارییەکانی کورد بکەن، کە خۆی لە خۆ بڕیاردانی چارەنووس یاخود سەربەخۆییدا دەبینییەوە. پارتی ڕزگاری لە بیرخەرەوەکەیدا ناڕەزایەتیی لەوە دەربڕیبوو کە هەردوو حکومەتی بریتانیی و عێراقیی پێکەوە لەو نەهامەتیی و بێزارییەی کوردان لە عێراق بەرپرسیارن. پارتی ڕزگاری لەکوردستانی عێراقدا بەنهێنیی هەڵدەسوڕا. پاشتر ناڕەزایەتیی ئەم پارتە ئاراستەی حکومەتی تورکیا و ئێرانیش کرابوو بەوەی کوردان دەچەوسێننەوە. پارتی ڕزگاری، کە تایبەتمەندی باڵی چەپی ڕێکخراوەیی دەنواند، لە بیرەوەخەرەوەکەیدا وتی کە:

[1] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, Oct 12, 1945, "Kurdish Pe DSDF, 890G.00Kurds/ 10-1245,NA.

" ئەو ئازادییەی کوردان و برا هاونیشتمانییەکانیان{ئازەرییەکان} قەرزاری دەستتێوەرنەدانی یەکێتی شورەوییە لە کاروبارەکانیان و رەتکردنەوەی پشتگیریی حکومەتی ناوەندییە {لەتاران}. بەڵام ئەوەی تەواو جێگەی داخە ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی بریتانیی لە ناوچەی نفوزی داگیرکاریی خۆیاندا لەرووی مەعنەویی و تەنانەت مادیشەوە پشتگیریی حکومەتی تاران دەکەن بۆئەوەی جووڵانەوەی ئازادییخوازی نەتەوەیی پوچبکەنەوە و سەرکوتی بکەن، ئەوەی بەپێچەوانەی پەیمانی ئەتلانتیکەوەیە."[1]

پارتی رزگاری بانگەشەی ئەوەیکرد کە کوردان لە ناوچەی نفوزی شورەوییدا لەتەواوی مافەکانیان بەهرەمەندن و ئازادیی تەواویان هەیە کە راوبۆچوونیان دەربڕن و کار بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپورو فەرهەنگەکەیان بکەن.[2]

پارتی رزگاری لە بیرخەرەوەیەکیدا کە بۆ کۆنفرانسی وەزیرە بیانییەکان لە مۆسکۆ ناردبووی، ئازارو نەهامەتییەکانی کورد و خواستیان لەبارەی مافە نەتەوەییەکانەوە خستبووە پێش چاو. پارتی رزگاری داوای پێدانی مافە نەتەوەییەکانی بە کوردانی عێراق کردبوو، هەروەها پشتگیرییشی لە خەباتی کوردان لەئێران کردبوو. وێڕای ئەوەش، ئەو پارتە داوایکردبوو کە پێویستە نەهامەتیی کوردان لەتورکیا لەبەرچاوبگیرێت.[3] ئامانجی بنەڕەتیی پارتی رزگاری لەو

[1] Memo from the Rizgari party to the UN. Jan. 18. 1946. FO 371\452369, Iraq 1946. PRO.
[2] Memo from the Rizgari party to the UN. Jan. 18. 1946. FO 371\452369, Iraq 1946. PRO.
[3] Memo from the Rizgari party to Conference of Foreign Ministers in Moscow. FO 371\452369, Iraq 1946. PRO.



تکاکارییەی کە لە کۆنفرانسی وەزیرە بیانییەکان لە مۆسکۆ کردبووی ئەوەبوو کێشەی کورد بخاتە ئەجێنداوە. هەرچەندە، لەراستییدا بەڵگەیەك بۆ ئەوە نییە کە کێشەی کوردان مشتومڕی لەبارەوە کرابێت. لە هیچ یەك لە تۆمارە فەرمییەکانی بریتانیی، ئەمریکیی یاخود شورەوەییدا نەهاتووە کە ئەم تکاکارییەی پارتی رزگاری خرابێتە بەرباس.

## سیاسەتی خۆپارێزیی کوردیی بریتانیای مەزن

تایبەتمەندی گشتیی سیاسەتی بریتانیای مەزن لەهەمبەر کورد لەعێراق، خۆپارێزانە بوو. بۆ نموونە، ئەمە رەنگدانەوەی خۆی لە کاردانەوەی بریتانیای مەزندا دەبینێتەوە سەبارەت بە ئەگەری سەربازگیریی کوردان لە عێراق بۆئەوەی لە هێزەکانی بریتانییدا راژە بکەن. لە ساڵی ١٩٤٢دا، حکومەتی بریتانیی مشتومڕی لەبارەی سەربازگیریی لەنێو کورد، ئەرمەنیی و ئاسوورییەکاندا کرد. دواتر جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە درایە وزارەتی جەنگ و سەرکردەی باڵای هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[1] هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوە بەو شێوەیە بوو کە هەنگاوێکی وا دەگونجێت ببێتە هۆی دژۆژمنایەتیی و توڕەیی رەگەزە باڵادەستەکان و هەروەها حکومەتی بریتانیا دەخاتە ژێر باری بەڵێندان بە کەمینەکانەوە بەجۆرێك مەحاڵبێت پاش جەنگ

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. FO 371\31350, General 1942. PRO.

جێبەجێبکرێن.[1] وینستۆن چێرچڵ خۆی مشتومڕی لەبارەی پێشنیازی سەربازگیرییەکەوە کرد. هەروەها ئەو جەختی لەوەکردەوە کە پێشنیازەکە ئەوی خستۆتە بەر رەخنەی زێدەتری ناڕازییان گەربێتو رازیبێت مەسەلەی سەربازگیریی لەعێراقدا بۆ هێزەکانی بریتانیی بکاتەوە.[2] وادەردەکەوێت کە بریتانیا خۆی لە پێدانی هەر بەڵێنێك بە کوردان بەدوور گرتووە بۆئەوەی دەرفەتێك نەخاتەبەردەم نانەوەی ئاڵۆزیی بەرووی حکومەتی ناوەندیی لە بەغدادو هەروەها لەوانەشە حکومەتەکەی تورکیا.

سیاسەتی حکومەتی بریتانیی لەهەمبەر عێراق لەلایەن کۆبوونەوەیەکی ستاف باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد مشتومڕی لەبارەوەکرا، تێدا بایەخێکی تایبەت بە هەڵوێستی بریتانیای مەزن لەهەمبەر کوردان درا. لەم کۆبوونەوەیەدا، وێڕای درکپێکردنی پەیوەندیی رێکەوتننامەی هاوپەیمانی ساڵی ١٩٣٠، جەخت لە رەگەزەکانی سیاسەتی بریتانیا کرایەوە کە لە سێ رەگەز پێکدێت :

أ- جەختکردنەوە لە مەسەلەی گرتنەبەری سیاسەتی دۆستایەتیی بەوەی کە پێویستە حکومەتی عێراقیی و گەلی عێراق بەگیانێکی ئارەزووی هاوکارییکردنەوە هەموو یارمەتییەك بۆ هێزە چەکدارەکانمان پێشکەشبکەن.

ب- حکومەتی عێراقیی و گەلی عێراق هانبدرێن بەشداریی لە دابینکردنی پێویستییەکانی جەنگدا بکەن بەوەی کە ئاستی بەرهەمهێنان لە عێراقدا بەرزبکەنەوە.

---

[1] Ibid.
[2] Ibid.



ج- جەختکردنەوە لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیی .[1]

باڵیۆزی بریتانیی بەتایبەتیی بایەخی بە رێکەوتننامەی بریتانیی- عێراقیی دەدا، ئەوەی کە جەختی لە تێوەنەگلانی بریتانیی لە کارگێڕیی نێوخۆیی عێراق دەکردەوە. لەلایەکی ترەوە، باڵیۆز وتی کە تەنیا مەسەلە کە لەم بنەمایە بەدەربێت، کێشەی کوردە. ئەوەش بەوردیی سەبارەت بە تێوەگلانی باڵیۆزخانە بوو لە ناردنی نامەیەکی ئاگادارکردنەوە بۆ مەلامستەفا. لە کۆبوونەوەکەدا، رەوشی کوردستانی عێراقی بە ناڕازییکەر وەسفکردووە کە پێویستی بە چاودێریی و بایەخی ورد هەیە. هەروەها وترا کە کێشمەکێشی نێوان کوردو حکومەتی عێراقیی بۆ ماوەیەکی درێژ دەگەڕێتەوەو چارەسەرکردنیشی بە قازانجی حکومەتی عێراقییە. لەلایەکی دیکەوە، باڵیۆز مشتومڕی لەوبارەیەوە کرد کە ئەگەرحکومەتی عێراقیی ناچاربکرێت هەنگاوی چاکسازییانە لە کوردستاندا بنێت، ئەوا چاکبوونی رەوشەکە تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتیی دەبێت. وێڕای ئەوەش ئەنجامگیریی کرا کە ئەگەر بێتو حکومەتی عێراقیی پێش کۆتاییهاتنی جەنگ دژی کوردان بابداتەوە، ئەوا حکومەتی بریتانیا ناتوانێت هیچ شتێك بکات.[2] هەرچەندە، باڵیۆز ئاماژەی بەوەدا کە ئەو لەو هەوڵانەوە تێوەگلاوە کە فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراقیی تاکو سیاسەتێکی شیاوتر لەئاست کێشەی کورد بگرێتەبەر.[3] بریتانیا لەوە تێگەیشتبوون کە

---

[1] Combined Intelligence Centre, Iraq. Baghdad, July 2 , 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
[2] Ibid.
[3] Ibid.

ریشەی نەهامەتیی کورد لە عێراق خۆی لە گومان و بێبڕوایی کوردان بە حکومەتی عەرەبییەکە لە بەغداد دەبینێتەوە.[١] لە ئەنجامگیرییدا، دەردەکەوێت کە بریتانیا هەوڵی هێنانەکایەی جۆرە هاوسەنگییەکیان لەنێوان کورد و حکومەتی عێراقییدا دابێت. بەڵام نەیاندەتوانی واز لە هاوپەیمانێتییە ستراتیجییەکەیان لەگەڵ حکومەتی عێراقییدا بێنن. بە وتەیەکی دیکە، ئەوان بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەپێشتر دادەنا، ئەوەی کە لەرێگەی هاوپەیمانییەوە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی لە بەغداد بەباشیی بەدیهاتبوو.

چەمکی"سیاسەتی بریتانیی" لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی فەرمیی بریتانیا دیاریدەکات، وێڕای پەیوەندییکردنی باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد بە کوردانەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی باڵیۆزخانەکە لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا بوو لەگەڵ حکومەتی عێراقییدا، لە پەیوەندیی لەگەڵ کوردانیشدا تێوەگلابوو، هەروەها باڵیۆزخانەکە رووخسارە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی حکومەتی بریتانیی بەرجەستە دەکرد. ئاستێکی دیکەی سیاسەتی بریتانیی، خۆی لە تێوەگلانی ئەو ئەفسەرە بریتانیانە دەبینییەوە کە لە لیوا کوردییەکاندا هەڵدەسوڕان، ئەوانەی پەیوەندییان بە کوردان و ژیانی رۆژانەیانەوە هەبوو. ئەم ئەفسەرانە تێبینیی رەوشە ئاڵۆزە بێزراوەکەی کوردستانیان دەکرد و رەخنەی کوردان لە حکومەتی عێراقیی دەیتوانی راستەوخۆ کاریگەریی بەسەریانەوە هەبێت. لێرەوە، باڵیۆزی بریتانیی لەبەغداد هەندێك لەم ئەفسەرانەی بەئاگا هێنایەوە کە ئەگەربێتو ناڕەزایی لەهەمبەر

[1] From the American Embassy in Baghdad to the Department of State, March 22, 1945, DSDF, 890G.0013-2245,NA.



سیاسەتی حکومەتەکەیان دەربڕن ئەوا وەك کەسێکی سەرکێش و ناپابەند لەقەڵەمدەدرێن. هەربۆیە پێویستی بەوەدەکرد کە ئەفسەرانی بریتانیی زۆر لەوە بەئاگابن کە بە خەڵکە خۆماڵییەکەی کوردی دەڵێن.[١] هەروەها دواتر جەخت لەوەکرایەوە کە ئەندامانی دەستەی راوێژکاریی سیاسیی لە ناوچە کوردییەکان " لە کێشە خۆماڵییەکان و ململانێ شەخسییەکانەوە نەگلێن، هەروەها هەموو شتێك بۆ رێگرتن لە پەرەسەندی بەردەوامی ئاڵۆزبوونی کێشەی کەمینەکان بکەن."[٢]

وێڕای ئەوە، حکومەتی عێراقیی دڵنیابوو کە ئەفسەرانی بریتانیی، بەمەبەست یان بێمەبەست، وادەردەکەون کە هاوسۆزییان لەگەڵ خولیای کورداندا هەبێت. لەساڵی ١٩٤٤دا، وەزیری دەرەوەی عێراقیی، ئەرشەد ئەلعومەری گازەندی لە بریتانیا لە عێراق کرد بەوەی کە ئەفسەرە بریتانییەکان هانی نەتەوایەتیی کوردیی دەدەن.[٣] لەراستییدا، بریتانیا خۆی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کورد و ئیتنۆ–نەتەوەییەکانی دیکەدا وەك گروپێکی نەتەوەیی تایبەت بەدوور دەگرت. لەبری ئەوە، ئەو تاکانەی بۆ ئەم چەشنە گروپانە دەگەڕێنەوە دەبێت بەپێی شیاوی خۆیان وەك هاوڵاتییەکی عێراقیی تەماشا بکرێن، نەك وەك کەمینەیەکی جیاواز. هەروەها جەخت لەوە کرایەوە کە هەموو نەهامەتیی و بێزارییەکان پێویستە لەرێگەی دەستوورییەوە ئاراستەی حکومەتی عێراقیی بکرێت. هەروەها حکومەتی بریتانیی لایەنگریی لە گرتنەبەری

[1] Combined Intelligence Centre, Iraq. Baghdad, July 2 , 1944, FO 371\40038, Iraq 1944. PRO.
[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. May 3, 1945, FO 371/145346, Iraq 1945. PRO.
[3] Memo of conversation between Henderson and Thompson, Aug, 14 1944, DSDF, 890G.0018-1644,NA.

سیاسەتێك دەكرد كە ئامانجی نەك تەنیا بەستنەوەی كوردان بوو بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵكو هەروەها تواندنەوەشیان. باڵیۆزی بریتانیی لە بەغداد تێبینییكرد كە لە ماوەیەكی درێژخایەندا ئەوە دەسەلمێت كە باشتروایە سیاسەتێكی ئەوتۆ بگیرێتەبەر كە ئامانجی هاندانی تواندنەوە بێت.[1] لەلایەكی ترەوە، باڵیۆزی بریتانیی وتی كە پێویستە ئەوو ئەندامانی دیكەی ستاڤ باڵیۆزخانە هانی حكومەتی عێراقیی بدەن بەرنامەیەكی پەرەپێدان بگرێتەبەر لەبواری فێركردن‌و خزمەتگوزاریی كۆمەڵایەتیی لە ناوچە كوردییەكاندا. هەروەها پێویستە كوردان دەرفەتی ئەوەیان پێبدرێت كە لە پۆستەكانی حكومەتدا بەشی شیاویان هەبێت.[2] باڵیۆزەكە وتی كە پێویستە ئەم لایەنانەی هەڵوێستی بریتانیی بۆ حكومەتی عێراقیی روونبكرێتەوە. هەروەها عێراقییەكان لەبارەی سیاسەتی بریتانیی لەهەمبەر كوردان ئاگاداربكرێنەوە، وەك ئەوەی پێشتر بۆ سەرۆك وەزیران جەختیلێكراوەتەوە، سیاسەتێك كە بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی مەملەكەتی عێراقییدا هەماهەنگە.[3]

## دانوسان لەگەڵ شەریف پاشادا

لەكۆتایی ساڵی ١٩٤٥و سەرەتای ١٩٤٦دا، شەریف پاشا، كە هەر لە دانوسانەكانی كۆنگرەی سیڤەرەوە كەسایەتییەكی كوردیی ناسراوو

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. May 3, 1945, FO 371/145346, Iraq 1945. PRO.
[2] Ibid.
[3] بۆ بینینی دەقی بیرەوەرییەكە بڕوانە هەمان سەرچاوە.



هەروەها ئەفسەرێكی پێشووی عوسمانیی بوو، لەپێناوی چارەسەركردنی كێشەی كورددا هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیریی بریتانیی دەدا. ئەو بەهاوكاریی واڵتەر سمارتی باڵیۆزی بریتانیی لە قاهیرە، پەیوەندیی بە وەزیری رۆژهەڵاتەوە كرد. هەرچەندە، سمارت كۆمێنتی سەبارەت بە داواكەی شەریف پاشا بۆ وەزارەتی دەرەوە نووسیبوو، سمارت مشتومڕی لەوبارەیەوە بوو كە پێویستە لە ساتێكی وا هەستیاردا هۆكار نەدرێتە حكومەتی عێراقیی تاكو گومان لەوە بكات كە حكومەتی بریتانیی پشتگیریی كوردە نەتەوەخوازەكان دەكات. ئەوەش خستەسەر، گەر بێتو جارێكی دیكە باڵیۆزخانەی بریتانیی لە قاهیرە پێشوازیی لە شەریف پاشا بكات، ئەوا كارێكی وا سەرنجێكی نەرێیی لەنێو حكومەتی عێراقییدا دێنێتەئارا. لەوەش زیاتر، باڵیۆز لەوە ترسا كە پەیوەندیی زیاتر دەبێتە هۆی بەدحاڵیبوونی شەریف پاشا سەبارەت بەوەی كە هاوسۆزییەكی فەرمیی هەیە.[1] باڵیۆز بانگەشەیكرد كە نابێت دووبارە لە باڵیۆزخانە پێشوازیی لە شەریف پاشا بكەن‌و هەوڵبدرێت ئەو پەیوەندییكردنە پێوەكردنە لە كەناڵی دیكەوە ئەنجام بدرێت. بەوەش لانیكەم حكومەتی بریتانیی لە چالاكییەكانی ئاگاداردەبێت.[2]

وەزارەتی دەرەوە سەبارەت بە پەیوەندیی شەریف پاشا بە وەزیری رۆژهەڵاتەوە نیگەران بوو، هەروەها سەربارەت بەو دەرفەتەش كە درابووە شەریف پاشا بۆ بینینی باڵیۆزی بریتانیی لە قاهیرە.

[1] From the British Embassy in Cairo to the Foreign Office.  FO 371/52369, Iraq 1944. PRO.
[2] Ibid.

دەستپێشخەرییەکە لەلایەن سمارتەوە دەگونجێت " پێچەوانەی ئەو هەڵوێستە بێت کە کارمەندانی باڵای بریتانیی فەرمانیان پێکردووە لە عێراق بگیرێتەبەر، هەروەها دەگونجێت ببێتەهۆی تۆمەتبارکردنی بریتانیا لەلایەن عێراقییەکانەوە بەوەی لەهەمبەرمان بەدباوەڕبن...پێویستە هیچ پەیوەندییەکی تر بە شەریف پاشاوە نەکرێت."[1] هەروەها باڵیۆزخانەی بریتانیی لە بەغداد تێبینییکرد کە واباشترە خۆ بەدوور بگیرێت لەهەر گومانێکی عێراقیی سەبارەت بە تێوەگلانی حکومەتی بریتانیی لە پشتگیرییکردنی لە هەر شێوەیەکی سەربەخۆیی کوردیی. هەروەها جەختکراوەتەوە کە شەریف پاشا هەر لەو کاتەوەی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە چۆتە ئەوروپا، چ نفوزێکی لە کوردستاندا نییە.[2] هەرچەندە، شەریف پاشا پەیوەندیی بە ژمارەیەك لە ئەشرافەکانی کوردەوە لە شارەکانی کەرکوك، سلێمانیو موسڵەوە کردبوو. ئەو داواکارییانەی کرابوون لە مەسەلەی دابینکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا چڕکرابوونەوە. بەڵام نەك بۆ سەربەخۆیی کوردیی. شەریف پاشا لەوباوەڕەدا بوو کە سەربەخۆییەکی کوردیی کە تەواوی کوردستان بگرێتەوە کارێکی گونجاو نییە.[3]

شەریف پاشا بەشێوەیەك سەرنجی خۆی لەمەڕ کێشەی کوردەوە دەخستەڕوو کە کێشەکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی سیاسەتی وڵاتە

---

[1] From the Foreign Office to the British Embassy in Cairo , FO 371/445346, Iraq 1945. PRO.

[2] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. FO 371/452369, Iraq 1946. PRO.

[3] From the British Embassy in Cairo to the Foreign Office. Nov.26,1945, FO 371/52369, Iraq 1944. PRO.



زلهێزەکاندا بێت. ئەو ئەنجامگیرییکرد کە لە ئێران، رووسیا بە پارەو ئامرازی دیکە هەوڵدەدات کوردانی ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەگەر بریتانییەکان کارێکی هاوشێوە نەکەن، ئەوا زۆر ناخایێنێت رووسەکان، ناڕاستەوخۆ، خۆیان لە کەرکوکدا دەبیننەوە."[1] شەریف پاشا ویستی وا پێشانبدات کە لە بەرژەوەندییەکانی شورەوییو بریتانیی و ململانێیان بەسەر کوردستان تێگەیشتووە. هەورەها وادەردەکەوێت کە چاوی لەوە بووبێت لەگەڵ بەریتانیادا بگاتە رێکەوتنێك بەوەی بەڵێنی پشتگیریی کورد بداتە بریتانیای مەزن دژی شورەوییو فراوانبوونی نفوزیان کە بەڕاست بە ئیدعا رووی لە ناوچەکە بوو. لەبەرامبەردا حکومەتی بریتانیی دەبێت پشتگیریی داوای کوردان بکات. کارمەندە باڵاکانی بریتانیی جەختیانکردەوە کە گرنگترین شت مانەوەی کوردستانی عێراقە لەپاڵ بریتانییەکانو پێکهێنانی لەمپەرێك دژی پێشڕەویی رووسی.[2]

هەرچەندە، سیاسەتی حکومەتی بریتانیی دەستبەجێ پاش داگیرکاریی ئەنگلۆ–شورەویی بۆ ئێران گۆڕاو دەرکەوت کە مەسەلەی کوردستانێکی عێراقیی ئۆنۆنۆم هانی جووڵانەوە جیاخوازە کوردییەکانی لە کوردستانی ئێرانو تورکیادا دەدا. ئەوەش تەگەرەی دەخستە بەردەم بەرژەوەندییەکانی حکومەتی بریتانیی لە ناوچەکە، لەکاتێکدا کە بریتانیا هاوپەیمانی تورکیاو عێراقو ئێران بوو، هەربۆیە

---

[1] From the British Embassy in Cairo to the Foreign Office. Nov.26,1945, FO 371/52369, Iraq 1944. PRO.

[2] Ibid.

هەستیانکرد کە ناتوانن هانی هەر جووڵانەوەیەك بدەن ئەو هاوپەیمانانە لاواز بکات.[1]

## سیاسەتی زلهێزەکان لەهەمبەر کۆماری میللیی کوردستان•

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. FO 371/452369, Iraq 1946. PRO.

• ئەم بابەتەش هەر وەرگێڕدراوی باسێکە لەبەشی حەوتەمی نامە ئەکادیمیەکەی بەڕێز (یاسین بورهانەدین) کە سەرەتا لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبیی وەرمانگێڕاوەو لە (گۆڤاری مەتین،ژ ١٠٤، ئەیلول ٢٠٠٠) بڵاومانکردەوەو دواتریش لە (گۆڤاری هەزارمێرد، ژ١٤، کانونی یەکەم ٢٠٠٠) بە کوردیی بڵاومانکردۆتەوە.



شورەوییەکان دەمێك بوو درکیان بە قازانجی مەسەلەی پەیوەندییبەستن بە باڵی چەپی جووڵانەوەی ئێرانیی بەتایبەتی حیزبی تودەو دواتر بە کەمینە رەگەزییە نەتەوەییەکانی وەکو کوردو ئازەر کردبوو، هەروەها لەوە حاڵیببوون کە ئەم مەسەلەیە خزمەتی بەرژەوەندیی ئامانجە تایبەتیەکانیان لەئێراندا دەکات.

شایەنی باسە، سیاسەتی شورەویی لەهەمبەر کورد دوای پێشڕەوییکردنی هێزەکانی ئەم وڵاتە دژی هێزەکانی ئەڵمانیا لەبەرەکانی جەنگدا، زیاتر ڕوونبووەوە. ئەفسەرە سیاسییەکانی شورەویی و کارمەندە نهێنیەکانی، هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٤ەوە، لە ناوچە کوردنیشینەکانی ئێراندا تەراتێنیانبوو[1]. جگەلە هەوڵەکانی شورەویی بۆ زیاتر چەسپاندنی نفوزی خۆیان لەناو کۆمەڵە* لەساڵی١٩٤٥دا. شورەوییەکان لەئێراندا ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی پەیوەندیی کەلتورییان بەناوی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئێران– شورەویی دامەزراندبوو.

لە شاری مەهابادیش، بەهەمان شێواز، ئەنجومەنێکیان بەناوی ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستانو شورەویی دامەزراند کە لەلایەن کۆمەڵەوە هاوکاریی و پەیوەندیی لەگەڵدا دەکرا.[2] هەر لەگەڵ

[1] Douglas,w.(1952),strange land and friendly people, (New York Harper), p.58.

ئارچی ڕۆزفێڵت ناوی دووان لەو ئاژانسانەی بردووە کە (عبدللاّۆف و حاجیۆفە) بڕوانە :

Roosvelt, a,jr (1947), “the Kurdish Republic of Mahabad” in the Middle East Journal, Vol.I, no.3,(Julay 1947), p.251.

* مەبەستی ( کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد )ە کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٢ لەلایەن ژمارەیەك لە خوێندەواران و کاسبکارانی شاری مەهابادەوە دامەزراوە.(سەردەشتی)

[2] Doualos, op, cit, p.58.

کۆتاییهاتنی جەنگدا، هەوڵەکانی شورەویی بۆ بەرینکردنی نفوزی خۆی لەئێراندا لەچەند لاوە بەرچاوتربوون، کە یەکێك لەوانە هاندانی جووڵانەوە خودموختارییخوازەکانی ئازەربایجانو کوردستان* بوو.[1] لێرەوە دەتوانرێت ئەو ئاکامگیرییە بکرێت کە دامەزراندنی هەردوو کۆماری ئازربایجان و کوردستان کەمو زۆر لەژێر کاریگەریی سیاسەتی شورەوییدا بووە، کە لەئایندەدا بەو ئاراستەیەی دەبردن کەببنە دوو کۆماری دۆستو وابەستەی شورەویی هەروەك ئەو حاڵەتەی لەناوەراستو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هاتەکایەوە.[2] هەندێك کۆڵەرانو بایەخداران لەم رووەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردو ئازەرەکان لەلایەن شورەوییەوە هاندراونو وەك دەسەندەو ئامرازێکی سیاسیی بەکارهێنراون، چالاکییەکانی سوپای سوورو شێوازی دیبلۆماسییەتی کلاسیکیی شورەویی لەنێوان ساڵانی ١٩٤١–١٩٤٦دا، رووی ئەم دیدە دەخاتەڕوو. کاتێك هەوڵەکانی شورەویی لەنێوان ساڵانی١٩٤٥–١٩٤٦دا، سەبارەت بە ئێران پەرەیگرت، جگەلە پیادەکردنی شێوازی

هەروەها کۆنسوڵی ئەمریکیی لە تەبرێز لەراپۆرتێکدا بەرزیکردەوە کە نمایشێکی شانۆی پێشکەشکراوە تێدا ئافرەتێکی کورد ڕەشپۆش بەزنجیر بەستراوەتەوەو ناوی عێراق، تورکیا و ئێرانی بەسەرەوەیە، لەپڕێکدا کۆتەکەی دەپسێنرێت، ئاڵایەکی سوور دەگرێت بەدەستیەوە کە تێیدا نوسرابوو( بژی ستالین ) .

Form Ebling to the secretary of state, May 4, 1945. DSDF, 891.0015-145 OSID, NA.

[1] Kimche, j. (1976), the seven pillars: the Middle East. 1945-1952,(New york: Da Capo press), p.132.

*کۆماری دیموکراتی کوردستان لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد بە سەرۆکایەتیی قازیی محەمەد ڕاگەیەندرا.

[2] Weaver, p. (1958) , Soviet strategy in Iran 1941- 1957), (Unpublished, ph. D. Dissertation, American University), p.44.



کلاسیکییانەی دیبلۆماسیی شورەویی، ڕێگایەکی نوێی هەڵبژارد کە شێوازی فشارو ئاژاوەگێڕییە، بەدوای شکستی دیبلۆماسیەتی شورەویی لەبەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی باکوور لە پایزی ١٩٤٤دا، بیرۆکەی فشارخستنەسەر ئێران لەڕێگای هاندانی ڕاپەڕینی ناوچەکانی کوردستانو ئازەربایجانەوە لەمێشکی شورەوییەکاندا چەکەرەی کرد.[1]

لەڕاستییدا، ئەو دەرئەنجامەی کە کوردو ئازەر بەئامرازێکی شورەویی دەداتە قەڵەم کە خۆی لەخۆیدا بەتەواویی دیدی حکومەتی ناوەندیی ئێرانیی بۆ مەسەلەکە بەرجەستەدەکات، سەدلەسەد قایلکەر نین، هەر بۆنمونە، شای ئێران پێیوابوو کە هاندەری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لە قۆناغی جەنگی یەکەمی جیهانییدا ئینگلیزەکانو لە کاتی جەنگی دووەمیشدا کۆمۆنیستە شورەوییەکان بوونو ئەم جووڵانەوەیە پەروەردەی دەستی ئەم دووانەیە.[2]

[1] Chubin, S, and S. Zabih, (1974), the foreign Relation of Iran, (Berkeley, Los Angeles, London: University of California press), pp. 37-39: fawceet, L. (1988),The struggle for Persia: The Azerbaign crisis of 1946, (Unpublished ph.D. Dissertation,University of Oxford), p.v.

شایەنی باسە، کۆڵەر (روحوڵڵا ڕەمەزانی ) یش ئەم دیدەی تۆمار کردووە، بەڵام لەشوێنی خۆیدا بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئازەرو ناڕەزایەتیی ئەم دوو گروپەی دژی حکومەتی ناوەندیی باسکردووەو لەم بارەیەوە قڕوقەپی لێنەکردووە بڕوانە:

Ramazani,R. (1975), Iran’s foreign policy 1941- 1973: Astudy of foreign policy in Moderinzing Nation. (Charlottesville: University press of Virginia), pp. 110-116.

[2] pahlavi, M.R. (Shahanshsh of Iran), (1961), Mission for my country, London: Hutchinson & co)p. 114.

لەڕاستییدا ئەو قسەیەی بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد هەڵدە بەسترێت گوایە بە فیتی بێگانە درووستبووە زۆرجار لە لایەن ئەوانەی هەڵوێستی دژ بە کوردیان هەیە نان و پیازی پێوە دەخورێ بەتایبەتی چینی دەسەڵاتدارو ڕاگەیاندنەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا رادەپەڕن.

لەوەش زیاتر، تیۆروانینێکی زانستییانەو هەمەلایەنە ئەوەمان دەدات بەدەستەوە کە شورەویی لەلایەك‌و کوردو ئازەریش لەلایەکی دی، لەپەیجوی سوود لە یەکتر وەرگرتن بوون ، هەریەکەو بۆچەسپاندنی شوێنپێی خۆی لەسەر شانۆی سیاسیی ناوچەکە.[1] هەربۆیە ئەوانەی لەم مەسەلەیەدا فاکتەری شورەوییان باڵادەست کردووە و ڕۆڵەکەیان زەقکردۆتەوە بەتەواویی پێشینەی مێژوویی گرفت‌و کێشەی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران‌و خەباتی ئەم گروپانەیان دژی ستەمی دەوڵەتی ناوەندیی و ئاواتەکانیان لەبەدیهێنانی مافەنەتەوەییەکانیان پشتگوێ خستووە.

شایەنی باسە، لەبەرامبەر ئەم بۆچوونە تاکبینیەی سەرەوەدا، دیدی واش هەن پێیانوایە کە کێشەو خواست‌و ئامانجەکانی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران ناکرێت لەچوارچێوەی باسێکی واداو دەرهاوێژرێن‌و گوێیان پێنەدرێت، بۆنمونە (باکسجەر / Baxter )

---

[1] پەیوەندیی بەتین هەیە لەنێوان ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوخۆیی و دەستخستنە ناوەوەی دەوڵەتان. بەتایبەت دەوڵەتە دراوسێکان، بەگشتیی هێزە دەستتێوەردەرەکان و فاکتەرە ناوخۆییەکان هەریەکەو ئەوەی تر بۆی دەقۆزێتەوە بڕوانە:

Ryan, S. (1988), “Explining Ethic Conflict: The Neglected international Dimension”, in Review of International stuies, Vol. 14,No.3, 1988,p.171.

شایەنی باسە ڕابەری کوردی واهەبوون لەو قۆناغەدا درکیان بە سودوەرگرتن لەو بارو دۆخە نێودەوڵەتییە کەموێنەیە کردووە، بۆنمونە مەلا مستەفا پێی وابوو کەپێشبڕکێی نێوان هێزە مەزنەکان وایکردوە شورەویی لە ئێران هاوکاریی کورد بکات، ئەو دەیوت شورەویی کوردەکانی پێویستە تا ئامانجەکانی لەناوچەکە چنگ بخات، کوردیش دەبێت بۆ سودی خۆیان ئەم هەلە لەکیس نەدەن، مەلامستەفا ڕوونیدەکردەوە کە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی یەکێتی شورەویی دەکات لە ناوچەکەدا. بڕوانە أبو الحسن تفریشیان، قیام أفسران خۆراسان،١٣٥٥ش، ص ص ٨٠–٨٧.



سەرۆکی بەشی ڕوژهەڵاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەو راستییەی درکاندوە کە بە درێژایی مێژوو سیاسەتێکی هەڵاواردن‌و تایبەت لەلایەن حکومەتە ناوەندییەکانی ئێرانەوە لەهەمبەر کوردستان‌و ئازربایجان گیراوەتەبەر.[1]

هەرچەندە، باکسجەر لەم ڕووەوە دەستبەرداری مەسەلەی بایەخی پشتگیریی شورەویی بۆ کوردو ئازەرییەکان نەبووە. ئەو واتە باکسجەر پێیوایە کە لانیکەم ئامانجێك لەپشت ئەم پاڵپشتییەی شورەوییدا هەیە ئەویش فشارخستنەسەر ئێران‌و تورکیایە.[2] هەروەها کارمەندێکی فەرمیی حکومەتی بریتانیی بە حکومەتی ناوەندیی ئێرانیی ڕاگەیاند، ناتوانرێت ئەو گرژیەی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێران لەلایەك‌و کوردو ئازەریەکان لەلایەکی تر تەنیا بە چالاکییەکانی شورەوییەوە

---

[1] From the Amrican Embassy in London to the department of state, Nov.21, 1945, DSDF, 891.00111-2145, NA.

[2] Ibid.

لەم ڕووەوە خاڵێکی تری گرنگ هەیە کە لە ڕووخاندنی دوو کۆمارە خودموختارەکەوە سەرچاوەی گرت، ئەویش ئەو دۆخەیە کە بۆ شورەویی لەسەر شانۆی ڕۆژهەڵات هاتەپێش، دوای ڕووخاندی هەردوو کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان. یۆنان‌و تورکیا کەوتنە خانەی نفوزو چاودێریی ئەمریکا، هەروەها ئەمریکا بڕیاری هاوکاریی‌و یارمەتیی ئێرانیشی جێبەجێ دەکرد، ئەم حاڵەتە شورەویی تەنگەتاو کردو لە هەیبەتی هێنایەخوار، بەتایبەت دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانی لە مەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێبەر بوو، ئەمەش فاکتەرێکی مەزن بوو بۆ هاندانی شورەویی تا هاوکاریی دامەزراندنی دەوڵەتی جو بکات بەمەبەستی پەیدا بوونی ڕژێمێکی دۆست بە شورەویی لە ناوچەکەدا. بڕوانە:

Kimche, Op. Cit, pp. 85-86.

ببەسترێتەوە، لەهەمان کاتدا، ئەم کارمەندە، مێژینەی مامەڵەی تایبەتی حکومەتی ئێرانی لەگەڵ کوردو ئازەردا وەبیرهێنانەوە.[1]

بێگومان، کوردو ئازەر دەمێك بوو لەلایەن حکومەتی ناوەندیی تارانەوە پشتگوێخرابوون.[2] جووڵانەوەکەشیان کاردانەوەیەك بوو دژی سیاسەتی کاربەدەستانی تاران لەهەمبەر کەمینە نەتەوەییەکانی وڵات، مەسەلەی پەیوەندیی کوردو شورەوییش لەو گۆڕانەوە سەرچاوەدەگرێت کە لەسەرشانۆی نێودەوڵەتیی هاتبووەکایەوە، گۆڕانی تەرازووی هێزەکانی نێوان دەوڵەتە مەزنەکان ئەو هەلەی بۆ کورد ڕەخسا کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی لە شورەویی خۆی نزیکبکاتەوە. هەروەك کارمەندێکی فەرمیی بریتانیی ئەو تێبینییەی کردووە کە لەساڵی١٩٤٦دا "هێزێکی مەزنی دی لەسەر شانۆکە پەیدا بووە، ئەم هێزە واخۆی پێشاندەدات ئەگەر بە فەرمیش نەبێت سۆزێکی تایبەتی بەرامبەر هیواو ئاواتەکانی کوردەکان هەیە، کە لانیکەم خۆی لەهاندانیان دەبینێتەوە".[3] لەهەمان کاتدا ئەزموونەکانی پێشوو گەواهی لەسەر ئامادەنەبوونی ئینگلیزەکان بۆ یارمەتیی و پشتگیریی کوردەکان دەدەن. هەربۆیە مەسەلەی نزیکبونەوەی کوردو شورەویی لەقولایی ئایدۆلۆژییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەوەندەی بێ هیوایی کوردەکان دەردەخات لەئاست

---

[1] From winant, the Amrican Ambassdor in the United Kingdom, to the secretary of state, Nov. 21, 1945, FRUS. 1945, Vol. VIII, p. 440.

[2] Ramazani, op. Cit, pp. 408-409.

[3] Deputy Assitant political Adviser, Arbil, “ TourNotes Rawanduz- Rayat, 6-9 January, 1947” fo 3711 52369, Iraq 1946, pro.



بێخێریی سیاسەتی بریتانیا.[1] لەڕاستییدا، ئینگلیزەکان چەندەهاجار لەلایەن ڕووناکبیرە کوردەکانەوە کەوتنەبەر نەشتەری ڕەخنەو ئەوەیان وەبیردەهێنرایەوە کە چۆن لەبەندەکانی پاکتی ئەتلانتیکدا مافی خودموختاریی میللەتانیان سەلماندووەو کەچی دوای جەنگ، کارێك بەم مافەناکەن و لەکۆڵی ئەم میللەتانە نابنەوە.[2]

ئا لەم کاتە مێژووییە ئاڵۆزەی ئێراندا، کوردەکان هاتنەسەر ئەو باوەڕەی کە لەڕێگای بەدەستهێنانی پاڵپشتیی شورەویی، ئامانجە نەتەوەییەکان چنگ بخەن، بێبەهرەیی کوردو ئازەر لەبوونی دەوڵەتی ناسیونالْ کە بتوانن چۆن بیانەوێت پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵ شورەویی و وڵاتانی تردا بگرن، فاکتەری سێبەری شورەویی لەسەر کۆمارەکەیان زەقدەکاتەوە. بەڵام دەتوانین هەر لێرەدا ئەوە بێژین کە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردو ئازەر، دوو جووڵانەوەی مێژوویی بابەتین و زادەی سیاسەتی شورەویی نین، بەڵکو لەم قۆناغەدا شورەویی تاڕادەیەك هاوکارییانی کردووەو دواتر قۆستنیەوە.

ماوەیەك پێش دامەزراندنی کۆماری میلیی کوردستان قازیی محمد لەشاری تەبرێز چاوی بەنوێنەری شورەویی کەوت، لەبەرئەوەی وتووێژەکانی ئەم چاوپێکەوتنە ئاشکرانەکرا، نازانرێت تاچەند قازیی لە بەدەستهێنانی پاڵپشتیی شورەویی بۆ کۆمار سەرکەوتوو

---

[1] جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتیمان ، تەموزی ١٩٤٣– مایسی ١٩٤٤، زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێ کاف و ئایدۆلۆژیایی بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، ستۆکهۆڵم، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ١٩٨٥،ل ل ١٩–٢٠.

[2] Deputy Assitant political Adviser, Arbil, “TourNotes Rawanduz- Rayat, 6-9 January, 1947” fo 3711 52369, Iraq 1946, pro.

بووە.[1]لەلایەکی ترەوە، چەند ڕۆژێکی کەم پێش دامەزراندنی کۆمار، قازیی سەرقاڵی ئەوەبوو هەڵوێستی چەسپاوی شورەویی لەمەڕ دامەزراندنی کۆماری خودموختاری کورد بزانێت، ئەو دوو کارمەندە شورەوییەی قازیی بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیی پێوەکردن ئاشکرایانکرد کە بەرامبەر کارێکی وا لاریان نیە.[2]

هاوکاریی سنورداری شورەویی بە چەند تفەنگو چاپخانەیەك بە تەواویی پێداویستیەکانیەوە بۆ کۆماری کوردستان نکۆڵیی لێناکرێت، بەڵام هەندێجار ژمارەیەك ڕاو بۆچوونی ناڕوون باسدەکرێت کە دەبێت هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت، بۆنموونە، قوبادی ئێرانیی وا پێشاندەدات کە هەر لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار، شورەویی بە فەرمیی دانیپێداناوە.[3] ئارچی ڕۆزفێڵت دەڵێت کە سیخوڕەکانی شورەویی بە ناوچە کوردییەکاندا وەربوونو هانی خەڵکیان داوە لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کوردەکاندا بەشداربن، جگەلەوەی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکەیان بۆ قازانجی جووڵانەوەکە عێلجارکردوە.[4] نەسڕولای فاتمی باسی ڕۆڵی شورەویی لە کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد کردوەو دەڵێت سوپای سوور گوندە

[1] Dehkordi, f(1986), the Republic of Kurdistan: Its Rise and fall, (Unpublished Ma, Dissertation, University of Oxford), pp. 62-63.
[2] Eagleton,W.Jr. (1963), The Kurdish Republic of 1946, (London: Oxford Universoity press) p.61.

[3] Irani, R. (1978), American Diplomacy: An option Analysis of the Azerbaigan crisis, 1945-1946, (strategic studies institute, U.S.Army war college), p.22.

[4] Rossvelt, op. Cit, p.256.



کوردنشینەکانیان گەمارۆداوەو داوایان لە سەرۆك عەشیرەتەکان کردوە تاکو هاوکاریی یاخیبووەکان بکەن. لەوەش زیاتر، نەسڕوڵا پێیداگرتووەو دەڵێت ئەو کوردانەی کە لایەنگریی حکومەتی ناوەندیی بوون لەلایەن سوپای سوورەوە چەککراونو سەرۆکەکانیان یان زیندانییکراون یان هەڕەشەی توندیان لێکراوە.[1]ئەم وێنەیەی کە لەلایەن ئەم جۆرە نووسەرانە بۆ ڕۆڵی شورەویی نەخشێنراوە جگەلەوەی لێڵو چەواشەکارانەیە، پشتیش بە هیچ بەڵگەو ماتریاڵێکی مێژوویی نابەستێت.

ڕاستییەکەی، دانپێدانانێك لەلایەن شورەوییەوە بۆ کۆماری کوردستان نەبووە، هەرچەندە، جۆرە هاوکارییەکی سنورداری کۆمارکراوە، بەڵام ئەوەی کە شورەوییەکان بە قووڵیی لە مەسەلەی کۆکردنەوەی کوردو بنیاتنانی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا گلابێتن قسەیەکی بێ بناغەیە، خۆ بەشێکی فراوانی ناوچە کوردنشینەکان بە مەهابادیشەوە، لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپای شورەوییدا نەبووە، ئەمەش زیاتر لەنرخی بۆچونەکانی نەسڕوڵا فاتمیو ئارچی ڕۆزفێڵت کەمدەکاتەوە، خودی دەسەڵاتدارانی شورەویی پێیانوابوو دامەزراندنی کۆماری کوردستان کارێکی پێشوەختەو لانیکەم کرچێتیی پێوەدیارە.[2] لەبەرئەوە، مەسەلەی پەرەسەندنی چالاکییە سیاسییەکانو

[1] Fatemi, N. (1954), oil Diplomacy: powderkeg in Iran, (Newyork: whiter Books), p.274.

[2] Howell, W.N, Jr. (1965), The soviet Union and the Kurds: Astudy of National Minority problems in soviet policy, (Unpublished ph.D. Dissertation, University of Virginia), p.368.

گەشەکردنی هۆشیاریی نەتەوەیی لەنێوان کوردەکاندا پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵگای کوردەواریی‌و ئەو گۆڕانەی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتیی خولقابوو، ئەم هەلومەرجە نوێیەش ئەوەی بەسەر شورەوییدا سەپاند کەسەر بۆ کوردەکان دانەوێنێت، لەگەڵ ئەوەی دوودڵ بوو بەرامبەر ئەگەری کاریگەریی هیوای نەتەوەیی کوردەکان بەدژی ستراتیژیی وڵاتەکەیان لە ئێرانداو ئاڵۆزکردنی مەسەلەکە لە ئایندەدا.[1] سەبارەت بە خۆنزیککردنەوەی شورەویی خۆهەڵقورتاندن لە چالاکیی کوردەکان لەتەوای کوردستان، بیروڕای دژبەیەك هەبوو، باڵیۆزخانەی بریتانیا لە مۆسکۆ، پەنجەی بۆئەوە درێژکرد کە ئاژانسە سیاسییەکانی شورەویی، ڕابەرە کوردەکانیان لەمەسەلەی یارمەتیدانی هەموو کوردەکانی پارچەکانی کوردستانی ئێران‌و عێراق‌و تورکیا دڵنیاکردۆتەوە تاکو بەشێوەی ئازەربایجان کۆماری خودموختاریی پێکبهێنن.[2]هەرچەندە، دواتر باڵیۆزخانەی بریتانیا ئاشکرایکرد کەلەلایەن شورەوییەکانەوە پیلانێکی بەرین سەبارەت بە سەرتاسەری کوردستان لەگۆڕێدا نییە.[3]

لەچوارچێوەی جەنگی ساردا، وادێتە پێش چاو کە سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی (ترومان /Truman) سەرۆکی نوێی ئەمریکا سەبارەت بە هاوکارییکردنی ئێران‌و دژایەتیی شورەویی وەك پێویست

---

[1] Ibid.

[2] بۆزیاتر دەربارەی چالاکیی شورەویی لە ناوچە کوردییەکاندا بڕوانە:
Eagleton,op, Cit, pp. 64-67.

[3] From the British Embassy in Moscow to the foreign office. March 2, 1946 fo 371\52702, Persia 1946. PRO.



نەبووە، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکییە شورەویی زیاتر چەشەی نزیکبوونەوە لەجووڵانەوەی خودموختارییخوازەکانی کوردستان‌و ئازەربایجان کردو دۆخەکەی قۆزتەوە، بەتایبەت لەمانگە ئاڵۆزەکانی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥و کانونی دووەمی ١٩٤٦دا.[1]بۆچوونی باوی ناوەندە فەرمییەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش لەمەڕ چالاکییە سیاسییەکانی کوردستان‌و دامەزرادنی کۆماری میللیی کوردستان بریتیە لەوەی کە ئەم جۆرە چالاکییانە ڕیشەی کۆمۆنیستیی هەیە.[2]هەروەها بەرژەوەندیی ئێران لەوەدایە ئەو ڕژێمە کوردییە بە کۆمۆنیست‌و کۆمارەکەشیان بە کۆمارێکی دەسەندەخۆری شورەویی بداتە قەڵەم. ئەمەش ئەو هەلە بۆ ئێران دەڕەخسێنێت کە سەرتاپای مەسەلەکە بەپلانی شورەویی‌و فراوانخوازیی‌و چاوتێبڕینی بێگانە لە ئێران بخاتەڕوو.[3]

ڕاستیی مەسەلەکە ئەوەیە کە چالاکیی سیاسیی کوردەکان چ پێش دامەزراندنی کۆمارو چ لە کاتی دامەزراندنیدا، خواست‌و ئامانجی نەتەوەیی کورد بەرجەستەدەکات.[4]ڕابەرانی کۆمار کۆمۆنیست نەبوون،

---

[1] بڕوانە:
Lawson, F (1989), " The Iranian Crisis of 1945-1946 and the spiral model of international conflict" in International Journal Middle East Studies, No. 21,1989. p.321.

[2] هەندێ کۆڵەر چەواشەکارانە کۆماریان بە (کۆماری کۆمۆنیست ) ناوبردووە، بۆنموونە:
Fuller, Graham, The center of Univers: The Geopolics of Iran, (Baullder, San Francisco. Oxford: westview press ) 1991, p.211.

[3] بۆ نموونە بڕوانە:
Rossow, 1956, p.17 ; Fawcett, 1988, p.278 ; Irani, q978, p.17; Pahlavi,1961, p.114-115.

[4] Lenczowski, 1971, p.26; Ghods,1989, p.143.

بەڵکو نەتەوەخواز بوون، ئەوەندەش بەتەنگ ئەوەوە نەدەهاتن کە کۆمارەکەیان بکەوێتە ژێر نفوزو چاودێری شورەویی.[1]

جگەلەوەی، کەخواستە سیاسییەکانیان کە پێشتر لەلایەن کۆمەڵەو دواتر لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە، هەر لەسەر مافی نەتەوەیی کوردو هەبوونی پەیوەندیی دووقۆڵیی نێوان کوردی ئێران‌و حکومەتی تاران قسەی کردبوو، هیچ باسێك لە گۆڕانی ڕیشەیی‌و ڕادیکاڵانە لەخواستەکانیاندا نەهاتبووە گۆڕێ، هەربۆیە کاتی فۆڕمەڵەکردنی ئەم ئامانجانە بیروباوەڕی کۆمۆنیستانە چاولێناکرێ.

هەرچەندە، ئەمریکاییەکان خاوەنی نرخاندنی خۆیان بوون لەمەڕ کێشەی کەمینە نەتەوەییەکانی ناو ئێران، کەچی پشتگیریی حکومەتی تارانیان کرد لە دژی ئازەربایجان‌و کوردستان، هەر لەم کاتەدا کارمەندێکی فەرمیی ئەمریکیی ئەوەی ئاشکراکرد کە حکومەتی ناوەندیی ئێران فشاری خستۆتە سەر کەمیینە نەتەوەکان وە دەیانچەوسێنێتەوە، پەنجەشی بۆ ئەوەڕاکێشا کە داواکاریی خودموختاریی ئەم گروپە نەتەوەییانە جۆرە ڕەواییەکی خۆی هەیەو دۆخی سیاسیی ناوچەکانیشیان لەبارە بۆ ڕاپەڕین.[2] وێڕای ئەم جۆرە دیدانە هەڵوێستی فەرمیی وڵاتە یەکگرتوەکان پێداگرتن بوو لەسەر لایەنگریی‌و پاڵپشتیی بێ چەندوچوونی حکومەتی ناوەندیی تاران.

[1] Eagleton, 1988, p.17.
[2] From the Department of State to certain American Missions, Dec. 12, 1946, DSDF, 891.00/12-1246,NA.



ئەم هەڵوێستەش بێگومان لەچەند ئیعتیباراتێکی ستراتیژیی‌و سیاسیی حکومەتی ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبوو.

(والتەر سمس/ Walter smith) باڵیۆزی ئەمریکا لە مۆسکۆ وتی: "حکومەتی شورەویی سیاسەتێکی لێڵی لەهەمبەر ئێران گرتۆتەبەر، لەو کاتەی جەخت لەسەر پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی دەکات، هەرئەو کاتەش ئازەربایجان وەك ئامرازێك بۆ ئاژاوەنانەوە دژی حکومەتی تاران بەکاردێنێت". هەروەها سمس ئاماژەی بەوەدا کە هاوکارییکردنی شورەویی لەگەڵ حکومەتە خودموختارە خۆجێییەکانی ئازەربایجان بەو ئاراستەیە دەڕوات کەلە ئایندەیەکی نزیکدا ناوچەکە بخرێتە سەر قەڵەمڕەوی شورەویی‌و ببێتە بەشێکی دانەپچڕاوی ئەو وڵاتە.[1]

وەك ئاشکرایە، چاوپێکەوتنی ڕێبەرایەتیی کۆمارو لێپرسراوانی ئەمریکیی لە تەبرێز بۆ قازانجی هەردوولا بایەخی خۆی هەبوو، سەرەتا کاتێك قازیی محەمەد لەشوباتی ١٩٤٦دا، سەردانی تەبرێزی کرد، سێ جار لەلایەن (ڕۆسۆ/Rossow) وە ئاگادارکرایەوە تاکو چاویان بەیەکتر بکەوێت، بەڵام قازیی بەم دیدارە ڕازی نەبوو.[2] بەڵام دواتر قازیی محەمەد لەبارەگای کاتیی سەرکردایەتیی کورد لە تەبرێز کە بەرامبەر کۆنسوڵخانەی ئەمریکی بوو. چاوی بە ( دۆهەر/Dooher ) کەوت، لەم دیدارەدا قازیی محەمەد هەوڵیدا هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەمریکی بەرامبەر مەسەلەکان‌و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکان بەرامبەر

[1] Ibid.
[2] From Rossow to the Secretary of State, Feb. 20, 1946, DSDF, 891.00/2-2046, NA.

کێشەی کورد بزانێت، هەروەها خوازیاری زانینی ئەوە بوو تاچەند ئەمریکا نفوزی خۆی بەمەبەستی چەسپاندنی دیموکراسی لەئێران‌و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی دیموکراتخواز لەو وڵاتە بەکاردەهێنێت. دۆهەر وەڵامی قازی بەوە داوە کە سروشتی سیاسەتی ئەمریکا جەختکردنە لەسەر دەستتێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆی وڵاتان، سەبارەت بەمەسەلەی ئێرانیش مەسەلەیەکی ناوخۆییەو پێویستە لەلایەن خەڵکی ناوخۆی وڵاتەکە خۆیەوە چارەسەر بکرێت. بەپێی وتەی دۆهەر "قازیی محەمەد پێشنیارێکی سەیری هەبووە، گوایە کوردەکان پێشوازیی لەدەستخستنە ناوەوەی مەسەلەکە لەلایەن ئەمریکاوە دەکەن کاتێك حکومەتی ئەمریکا بۆ لابردنی کوتەکی حکومەتی ئێرانیی کاربکات کە دژی کەمە نەتەوەکانی ئێران بەکاریدێنێت.[1] هەروەها لەم دیدارەیدا، قازیی محەمەد جەختی لەسەر گرنگیی بنیاتی پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ ئەمریکادا کردو ئەوەشی دووپاتکردەوە کە خواستی کوردەکانی ئێران خودموختارییە لەچوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا. جگەلەوەی کە قازیی خوازیاری ئاخاوتنی زیاتر بوو لەسەر مەسەلەی یارمەتیی حکومەتی ئەمریکا بۆکۆماری میللیی کوردستان بەتایبەتی لەبواری پیشەسازیی، چاندن، فەرهەنگییدا.[2] شایەنی باسە، قازیی لەم رووەوە وەڵامێکی موسبەتی لەلایەن جێگری کۆنسوڵی ئەمریکاوە بەدەست نەگەیشت. دوای

[1] From  Rossow to the Secretary of State, April. 26, 1946, DSDF, 891.00/4-2646, NA.
[2] From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office. April. 28, 1946, 1946 FO 371\52702, Persia 1946. PRO.



ڕەخساندنی هەلی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێبەرانی کۆمار لەلایەن نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکاوە، وڵاتە یەکگرتووەکان هەلێکی لەباری بۆ هەڵکەوت تا زانیاریی چڕوپڕ لەمەڕ دۆخی سیاسیی کوردستان‌و ئاراستەی ڕووداوەکان خڕبکاتەوە.

ئەگونجێ خواستی قازیی محەمەد لەدیتنی جێگری کۆنسوڵی ئەمریکا لەگۆڕانی هەڵوێستی شورەویی لەمەسەلەکە سەرچاوەی گرتبێ، بە وردبونەوە لە قەیرانی ئێران لەم قۆناغەدا جۆرە نزیکبوونەوەو لێکگەیشتنێك لەنێوان حکومەتی شورەویی‌و دەسەڵاتدارانی تاران دێتەبەرچاو، بەتایبەت سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی قەیرانەکەو نەهێشتنی ئاڵۆزیی‌و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا کە ئەنجامەکەی بە کشانەوەی هێزەکانی شورەویی لە باکوری ئێران‌و ئازەربایجان کۆتایهات کە بێگومان جێ پەنجەی لەسەر هەڵوێستی قازیی محەمەد لەمەڕ مەسەلەی نزیکبوونەوە لە ئەمریکا دانا. ئەمەش بۆخۆی حاڵیبوونی قازیی‌و ڕێبەرانی کۆمارە لە کاریگەرێتیی نزیکبوونەوەی شورەویی‌و ئێران لەسەر مەسەلەکەیان، دۆهەر بەڕاشکاویی ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات، ئەوپێی وایە شکستی سیاسەتی شورەویی بەرامبەر کوردو هاوکاریی نەکردنی کۆمار بەچەکی قورس‌و پێویستییە سەربازییەکان فاکتەری نزیکبوونەوەی قازییە لە ئەمریکا.[1]

[1] From  Dooher to the Secretary of State, April. 26, 1946, DSDF, 891.00/4-2646, NA.

ئەوەی دەبێت تێبینی بکرێت ئەوەیە کە هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەمەڕ کۆماری کوردستان دەخرێتە چوارچێوەی سیاسەتو ستراتیژییەتی ئەمریکا سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی‌و ئێران بەتایبەتیی، بێگومان دیدی وڵاتە یەکگرتووەکان لەهەمبەر هەڵوێستو سیاسەتی شورەویی لەناوچەکەدا حسابێکی تایبەتیی بۆ دەکرا، ئەمەش کوردی دەکردە فاکتەرێك‌و دەیهاویشتە گێرەو کێشەی نێوان ئەمریکاو شورەویی لەم قۆناغەدا کەسەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی ساردە.

هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦وە، ئەمریکا بایەخی بەمەسەلەی ئەگەری بوونی پلانێکی شورەویی دەدات کە گوایە بۆهەڕەشەکردنە سەر تورکیاو زەمینە خۆشکردن بۆ هاتنە سەرکاری ڕژێمێکی دۆست لە ئەنقەرە لەکاردایە، (جۆرج کینان/ George Kennan) ڕاپەڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە مۆسکۆ، ئەوەی ڕوونکردەوە کە بەڵگەی بوونی پلانێکی وا لەلایەن شورەوییەوە دژی تورکیا لەبەردەستدا نییە، دواتر کینان ئاماژەی بەوەدا تەنها سەرچاوەی گرفتی پێشبینیکراو بۆ حکومەتی تورکیا (کوردە چەکدارە شورەوییخوازەکانە) لەسنووری ئێران–تورکیاوە، چالاکی ئەوان دەتوانرێت وەك زەمینەخۆشکردنێك بۆ دەستتێوەردانی ناو دەوڵەتی تورکیاوە چاولێبکرێت.[1]

کینان ئاشکرایکرد، کە مەسەلەی چالاکیی شورەویی لە عێراقیشدا بەتەواویی دیارنییە، لەگەڵ بوونی ئەو هەواڵانەی باس لە هەوڵی

[1] From Kennan to the Secretary of State, March. 17, 1946, Vol.VII, p.363.



هەندێك کوردی چەکداری شورەوییخواز دەکەن بەمەبەستی داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ. بەپێی قسەی کینان ئەم کوردانە پێویستییەکی زۆریان بەشورەویی دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەیان، جگە لەوەش شورەویش پشتیان پێ دەبەستێت. شورەویی لە بەئەنجامگەیاندنی مەسەلەیەکی وا بریتانیا بەرێگر دەزانێت، بەڵام ئەوان واتە (شورەویی ) واخۆیان سازداوە ئەوەی پێویست بێت دریغیی ناکەن، هەروەها کینان دەڵێت شورەویی ئامادەیە کەڕووبەڕوی توندوتیژترین دیپلۆماسیی‌و نالەبارترین سیاسەتیش ببێتەوە تاکو بتوانێت ئامانجەکەیان بێننەدی‌و گرێنتی سەرکەوتنی پڕۆژەکەی بکات.[1] هەروەها کینان وتی ئەوان پێشبینی ئەو ئاکامانە ناکەن کە دەگونجێ لەم جۆرە خۆهەڵقورتاندن‌و سەرەڕۆییەدا بێتەگۆڕێ، ئەم کارەی شورەویی ئەگەری پەیدابوونی گرفتێکی سەختە کە خودی شورەوییەکان لەبنەڕەتدا چاوەڕێی ناکەن.[2]

کاریگەریی سیاسەتی شورەویی لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەناوچەکە ناوەندەکانی ئەمریکای توشی دڵەڕاوکێ کردبوو، ئەتوانرێت لێرەدا سیاسەتەکانی ئەمریکا لەهەمبەر ئێران لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١– هاندای ئێران بۆ بەستنی پەیوەندیی دۆستانە لە گەڵ وڵاتاندا بەمەرجێك چەسپاندنی سەربەخۆیی‌و پاراستنی یەکپارچەیی‌و سەروەریی ئێران بپارێزرێت.

٢– چەسپاندنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات بەجۆرێك ڕێنەدات بێگانە دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵات وەردات.

[1] Ibid., pp. 363-364.
[2] Ibid.

٣- کارکردن بۆ گەشەپێدانی ئابووریی ناوخۆی وڵات و ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەستنی پەیوەندیی ئابووریی لەئاستی نێودەوڵەتیدا.

٤- دواجار پتەوکردنی دەزگا دەوڵەتییەکان و دیموکراتیزەکردنیان.[١]

هەربۆیە، ئاساییە کە ئەمریکییەکان نرخاندنێکی جیدیی لەسەرشوێنی کێشەی کورد لەبارودۆخە ئاڵۆزەکەی ئێران و باری نێودەوڵەتیشدا بکەن، ئەگەرەکانی ئایندەی ئێرانیش لەلای خۆیەوە کاری گرنگی دەکردە سەر ستراتیژییەتی ئەمریکا، ئەو ئەگەرانەی لەلایەن کۆمیتەی هەماهەنگیی جەنگی دەریایی دەوڵەتەوە( State war-Navy Cordinating commite) لەبیرخەرەوەیەکدا گەڵاڵەکرابوون، ئەگەرەکانیش:

أ- دابەشکردنی ئێران بۆ دوو ناوچەی نفوزی شورەویی لە باکوورو بریتانیی لە باشوور.

ب- دەستبەسەراگرتنی هەمیشەیی شورەویی بەسەر هەرێمی ئازەربایجانی ئێراندا.

ت- دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی خودموختاری شورەوییخواز کە ناوچەکای باکوری ڕۆژئاوای ئێران و باکووری عێراق بگرێتەوە.

ج- سەپاندنی دەسەڵات و نفوزی ئێران بەسەر تەواوی ئێراندا.[٢]

---

[1] Policy and information statement on Iran preperd by the Department of State, July 15, 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.507.

[2] بیرخەرەوەی مایۆر جەنەڕاڵ جۆن.ئێچ هیڵدرینگ یاریدەدری وەزیری دەرەوە بۆ ناوچە داگیرکراوەکان بۆ ئەی.دی رید وەزیری دەرەوە- کۆمیتەی هەماهەنگیی جەنگی دەریایی٬
Sep. 26. 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.515.



کۆمیتەی هەماهەنگیی دوپاتیکردەوە کە بەهەموو حسابێکی هێرش و بەرگریی، ئێران ناوچەیەکی ستراتیژیی سەرەکیی و گرنگی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکدەهێنێت، ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی میدیترانە لەرووی ستراتیییژیەوە جەوهەری مەسەلەی ڕێگەگرتنی فراوانخوازیی شورەویین لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.[١] کوردستانی مەزن کۆریدۆرێکە بۆدزەکردنە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست. لەبەر شوێنە جوگرافییەکەی کوردستان و سروشتە تۆبۆگرافیا چیاییەکەی، شورەویی کاتی پێشڕەویان لەم ناوچەیە لانی زۆری گیروگرفت دەبینن، لەوەش زیاتر، بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەنێو چوار دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو ئایندەی چالاکی سیاسیی کوردەکان، لەرووی سیاسیی و ستراتیییژیەوە لەهەر ڕووبەڕووبونەوەیەکی داهاتوی ناوچەکەدا سوودبەخشە.

سەبارەت بە خاڵی (٤) ی سەرەوە، کۆمیتەی هەماهەنگیی ڕایگەیاند، کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی بەهاوکاری شورەویی ڕێگرێکی جیدیی دەبێت لەبەردە بەرژەوەندیەکانی ئێستاو داهاتووی وڵاتە یەکگرتوەکان، لەکاتێکدا ڕێی تێدەچێت شورەویی ئەم دەوڵەتە بەکاربهێنێت بۆ ئاژاوە لەڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا، ئەو دەوڵەتە کوردییەی سەرچاوە نەوتییەکانی بەریتانیا دەگرێتەخۆ کە ناوچەی کەرکوکە، ئەمەش ئاکامەکەی ئەوە دەبێت، هەر سوودو قازانجێکی کەئێستا دەچێتە گیرفانی عێراقەوە، ئەوسا دەچێتە گیرفانی کوردەکانەوە، کارێکی واش ئەگەری رووخاندنی حکومەتی عێراق و

---

[1] بیرخەرەوەی ئەی.دی رید بۆ جۆن.ئێچ هیڵدرینگ.
Oct. 12 . 1946, FRUS 1946, Vol.VII, p.529-532.

هێنانەکایەی حکومەتێکی تر دێنێتە پێشەوە، حوکمەتێك کەزیاتر دۆستایەتیی لەگەڵ دەوڵەتی شورەویی بەرقەرار دەکات تاکو لەگەڵ هێزە ئەوروپییەکان، ئەگەر ئەو ڕاستییەشمان خستە بەرچاو کە عێراق بەرەو کەنداوی فارس درێژدەبێتەوەو بەسەربیرە نەوتەکانی (ئابادان) دا دەڕوانێت ئەوسا بۆ مان دەردەکەوێت کە سەرچاوە نەوتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا تاکو چ رادەیەك دەکەوێتە مەترسییەوە.[1]

هەرماوەیەك پێش دامەزرادنی کۆماری کوردستان، باڵیۆزی بریتانی لە تاران دوپاتی کردەوە کە وڵاتەکەی هەمان سیاسەتو بەرنامە ئەگرێتەبەر کە پێشتر لە ئۆکتۆبەری ١٩٤١دا، لەلایەن نوێنەرایەتیی بریتانیاوە لە تاران بڕیاری لەسەر دراوە. بەڵام لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەرینترو وردتر، مەسەلەی هاوکارینەکردنی عەشیرەتەکانو خۆتێوەگلان لە گرفتەکانیان لەلایەن بەریتانیاوە ئەزموونێك بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێڵە کوردو عەرەبەکانی عێراقەوە لە ساڵانی ١٩٢٠ کانەوە بەمیرات بۆی مابووەوە، هەروەها جەختیشکرایەوە کە بەرژەوەندییو شوێنی سەربازیی بریتانیا لەناوچەکە باشتر دەپارێزێت، کاتێك ئەم وڵاتە هاوسەنگەریی حکومەتی ناوەندیی بێت لە تارانو دەستی هاوکاریی بۆ درێژ بکات.[2]

ئاشکرایە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیی پێویستی بەهاوکاریی یارمەتیی هێزە مەزنەکان بوو. لەکۆتایی دیسامبری١٩٤٥دا، قازیی محەمەد ڕێی بەچەند نوێنەرێکی کورددا، کە لەگەڵ کۆنسوڵی بریتانیا

[1] Ibid.
[2] From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office. May. 17, 1945, 1946 FO 371\45448, Persia 1945. PRO.



لە تەبریز بەمەبەستی بەستنی پەیوەندیی نێوان حکومەتە خودموختارە چاوەڕوانکراوەکەیو حکومەتی بریتانیاو هێزە ڕۆژئاواییەکانی دی گفتوگۆ بکەن، کۆنسوڵی بریتانیی لەم دیدارەدا وەڵامێکی دیارو روونی بە نوێنەرانی کورد نەدایەوە.[1] ئەم هەڵوێستە نەریتییەی بریتانیا جێی سەرسوڕمان نییە، هەر هەمان هەڵوێستی پێشووە کە لەکاتی داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزەکانی ئەنگلۆ-شورەوییەوە لەهەمبەر کورد گرتبوویەبەر، بریتانیا کێشەی کوردی وادەپێوا کە هەڕەشەیەکی بەردەوامو سەرچاوەی ترسێکی گەورەیە، بە بۆچونی ئەو دامەزرادنی کۆمارێکی کوردیی ئایندەی گەشەکردنی کاروباری ئێران دەئاڵۆزێنێتو بەخراپیش بەسەر شانۆی نێودەوڵەتییدا دەشکێتەوە، بەریتانیا پێی وابوو، کە پێویستە بۆ دژایەتییکردنی شورەویی لەئێران پلانی خۆی سەبارەت بە جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بخاتەگەڕ، لەلایەکی تریشەوە، باس‌وخواس لەسەر ئەوە دەکرا کە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردیی خێڵەکیانەیەو بیری دامەزرادنی دەوڵەتێکی کوردیی نەتەوەیی بناغەیەکی پتەوی نییە.[2]

لە هەمان کاتدا، ئینگلیزەکان لە عێراقدا زۆر بەوردیی چاودێریی بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەکەی کوردستانی ئێرانیان دەکردو کاریگەرێتی ئەم دۆخەیان لەسەر کوردستانی عێراقو ئەگەری قۆزتنەوەیان لەلایەن شورەوییەوە لێکدایەوە، باڵیۆزی بریتانی لە بەغداد ئاماژەی بەوەدا کە وڵاتەکەی هەوڵدەدات سوود لەهەر دەرفەتێك

[1] Eagleton, 1963, p.61.
[2] From the American Embassy in London to the Department of State, May 14, 1946, DSDF, 891.00/5-1446, NA.

وەربگرێت کە تێیدا هانی حکومەتی عێراق بدات کار بۆ نەهێشتنی بێزاریی کوردەکای عێراق بکات باری گوزەرانیان باشتر بکات، هەروەها روونیکردەوە کە کورد لە شورەوییدا هێزێکی نوێی دیوەتەوەو دەیەوێت "واز لە دڵدارە کۆنەکەی واتە (بریتانیا) بهێنێت‌وو باداتەوە بەلای ئەم هێزەدا"، هەروەها کورد لەوە تێناگات کە حکومەتی بریتانیا لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە دەڕوانێتە مەسەلەکان خۆدەبوێرێت لە هەر بەڵێن پەیمانێك دواتر ببێتە ماڵ لەسەری.[1] ئەم بۆچوونانەی باڵیۆزی بریتانیا زیاتر لەسەر ئەوتێبینیانە گەڵاڵە کرابوو کە لەلایەن (ئێچ. ئێم. جاکسن/ H.M Gakson) جێگری ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بریتانیا لە هەولێر پێشکەش کراوە، جاکسۆن لەگەشتێکی سێ ڕۆژەیدا بۆ باکووری هەولێرو سنوورەکانی عێراق – ئێران ئەوەی تێبینیکرد کە هیوای کوردەکانی ناوچەی ڕەواندوز بەبرا کوردەکانیان لە ئێران ڕوولە زیادبوونە.[2]ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە زۆرینەی کوردە عێراقیەکانی سەر سنوور سێ خاڵیان لە لا ئاشکرایە:

١– یەکێك لە ئاکامەکانی خەباتی ئازەربایجان بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستانە.

٢– یەکێك لە هێزە مەزنەکانی سەر شانۆی نێودەوڵەتیی کە یەکێتی شورەوییە پاڵپشتی ئەم خەباتەیە.

[1] From the British Embassy in Baghdad to the Foreign Office. Jan. 18, 1945, FO 371\52369, Iraq 1946. PRO.
[2] Deputy Assistant political Adviser, Arbil, "Tour Notes Rawanduz-Rayat. 6-9 January, 1946 FO 371\52369, Iraq 1946. PRO



٣– مەلا مستەفاو هاوڕێکانی کلیلی بەدیهێنانی ئەم سەربەخۆیی‌و بەشدارییکردنەی ئەم خەباتەن.[1]

لەلایەکی ترەوە، بە دەرکەوتنی ئاسۆی سەرکەوتنی هێزە هاوپەیمانەکان بەسەر نازیزمدا، پەیوەندیی بریتانیاو شورەویی لە ئێراندا رووی لە گرژیی کرد، هەردووکیان بێپەروا لە پەیجوی ئاراستەکردنی دۆخە سیاسییەکە بوون بەو جۆرەی قازانجەکانیان دەخوازێت.[2] پوختەی قسە، سیاسەتی بریتانیای مەزن خۆی لە پاڵپشتیی‌و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندیدا دیتەوە وەك هاوسەنگییەك بەرامبەر ڕوسیای شورەویی لە جووڵانەوەی خودموختاریی ئازەربایجان‌و کوردستان لەلایەك‌و هێزە چەپەکانی ئێران بەتایبەت حیزبی تودە لەلایەکی دییەوە.[3]دەتوانرێت کە سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر عەشیرەتەکای ئێران‌وو حکومەتی ناوەندیی تاڕادەیەك نەرم‌و تاڕادەیەك دژ بەیەك بوون.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٦دا، ڕاپۆرتەکان هەواڵی ئەوەیان دەگەیاند کە (شێخ خەزعەل)ی موحەمەرە کە ئەو کات لە عێراق دوورخراوەو پەراوێزێکی بریتانی بوو، هێزێکی لە عەرەبەکان کۆکردووەتەوەو ڕاپەڕینی لە خوزستان بەرپاکردووە، ئەمەش ئەو هاوکێشەیە دەردەخات کە ئینگلیزەکان بەرامبەر بە پاڵپشتی یەکێتی شورەویی لە جووڵانەوە خودموختارییەکانی ئازەربایجان‌و کوردستان لەسەرەوەی ئێران، خوازیاری لە باوەشگرتنی جووڵانەوەی جیاخوازین لەباشووری

[1] Ibid.
[2] Tabari, 1946, p.6.
[3] Lenczowski, 1949. p.304.

ولات.[1] بريتانيا دەيويست بەشێوەيەك ڕەوايى بەم كارەى بدات، بۆيە بڵاويدەكردەوە كە خواستى عەشيرەتيى لە ئێراندا هەڵقوڵاوى نەگونجانيانە لەگەڵ سياسەتى حكومەتى ناوەنديى لە تاران، ئەو سياسەتەى تاران كە دەرفەت دەخاتە بەردەم يەكێتى شورەويى‌و لايەنگرەكەى لە ئێران كە حيزبى تودەيە، خزمەتى بەرژەوەندييەكانيان دەكات.[2]

[1] Ibid.
[2] Bullard, 1951. p.143.



## ( ڕێكخراوى بەرگريى لە هاونيشتيمانانى كورد ) لە ئێران

كاتێك پارتى بەعسى عەرەبى سۆشياليست بۆ يەكەمين جارو لە ڕێگەى كودەتاى خوێناوييەكەى ٨ى شوباتى ١٩٦٣و كوشتنى عەبدولكەريم قاسم، دەسەڵاتيان گرتەدەست، ڕێبەرايەتيى شۆڕشى كوردستان هەوڵيدا ڕژێمى نوێ ڕازيبكات كە بە ئاشتيى چارەسەرى كێشەى كورد لە عێراقدا بكات، هەر بۆ ئەوەش، ئەو ڕێبەرايەتييە بەخێرايى شاندێكى ڕەوانەى بەغدا كرد تاكو دواكارييەكانى خۆى بخاتە بەردەم بەعسييەكان‌و دانوسانى لەبارەوە بكات. بەعسييەكان كە سەرەتا سەرقاڵى پاكتاوكردنى كێشەكانى نێوخۆ بوون، وەك تەكتيكێكى كاتيى ئاگربەستيان ڕاگەياندو بەمەبەستى كاتكوشتن سەرەتا پێشوازييان لە شاندە كوردييەكە كردو بۆماوەى چەند مانگێك كوردانيان سەرقاڵكرد، بەڵام لەبنەوە خۆيان بۆ هێرشێكى سەرتاسەريى ئامادەدەكردو بڕيارى ئەوەياندابوو كێشەى كورد لە ڕێگەى توندوتيژيى‌و بەكارهێنانى هێزەوە بېڕێننەوە. هەربۆيە لە ١٠ى حوزەيرانى ساڵى ١٩٦٣دا، بەعسييەكان لە بەغدا ئەو شاندە كوردييەيان قۆڵبەستكرد كە بۆ دانوسان لە بەغدا بوون، ئەوەش زەنگى دەستپێكردنەوەى جەنگ‌و ئەو پەلامارە سەرتاسەرييە بوو كە بەعس خۆى بۆ ئامادەكردبوو.

شایەنی باسە، بەعسییەکان لەم پەلامارەیاندا توانیان حکومەتی دەوڵەتانی داگیرکەری بەشەکانی دیکەی کوردستان بەلای خۆیاندا رابکێشن‌و بە پاڵپشتی پەیمانی سەنتۆ دژ بە شۆڕشی کوردستانی عیراق هەماهەنگیی بکەن‌و هەوڵبدەن سنووری جووڵانەوەکەی بەرتەسك بکەنەوەو گەمارۆیەکی سەختی بەسەردا بسەپێنن.

وێڕای ئەو ئابلۆقە هەمەلایەنەی لەلایەن داگیرکەرانەوە بەسەر کوردستاندا سەپێنرابوو، هێشتا هەواڵی تاوانەکانەکانی بەعس دژی کورد دەگەیشتنە وڵاتانی دەوروبەر، ئەوەش هانی هەندێك لە هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکەیدا دژ بەو تاوان‌و وێرانکارییە بوەستنەوەو داوای هەرچی زووتر وەستاندنی ئەو جەنگە ناڕەوایە بکەن.

لەئێران، بەپێچەوانەی هەڵوێستی فەرمیی رژێمی شاهەنشاهیی پەهلەویی، ( دکتۆر جهانگیر عەزیما )• سەرۆکی (پارتی میللەتی ئێران)، بڕیاریدا رێکخراوێك بە ناوی ( سازمان دفاع از هم مهنان کرد/ رێکخراوی بەرگریی لە هاونیشتیمانانی کورد ) دابمەزرێنێت کە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتی بە کوردانی عێراق‌و پشتگیرییکردنی شۆڕشە کوردییەکە. دکتۆر جیهانگیر بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو رێکخراوەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەو تێیدا داوای لە تێکڕای

• دکتۆر جیهانگیر عەزیما لەساڵی ١٩٢٣ لە ئەسفەهان لە دایکبووە، رۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەرو ناسیونالیستێکی ئێرانچیی بوو، ئەو لە ئەندامە کۆنەکانی پارتی مبللەتی ئێران بوو، دواتر بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو پارتەو سکرتێری یەکەمی، دکتۆر جیهانگیر لەساڵی ١٩٥٩دا لەلایەن پیاوەکانی ئیستیخباراتی ئێرانییەوە قۆڵبەستکراو زیاتر لە ساڵێك لە زینداندا راگیرا، پاشتر لەساڵی ١٩٦١دا ئازادکراو هەر لەو حیزبەدا درێژەی بە خەباتی خۆی دا، ئەو بڕوای بە ئێرانییبوونی کوردان هەبوو، بەرگرییکردنیشی لە کوردان لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبوو.



ئێرانییەکان کردووە، بە ئەرتەشی شاهەنشاهیشەوە، بەرگریی لەو کوردانە بکەن کە لەسەردەستی بەعسییەکان لە عێراق، تووشی کۆمەڵکوژیی‌و قڕکردن بوونەتەوەو ئەو تاوانانە ریسوا بکەن. هەروەها بەیاننامەکەی داوای وەستاندنی ئەو جەنگە وێرانکەرەی کردووە. ئەمەی خوارەوە بریتیە لە وەرگێڕاوی دەقی ئەوبەیاننامەیە کە لە بنەڕەتدا بە زمانی فارسیی بڵاوکراوەتەوە:

"رێکخراوی بەرگریی لە هاونیشتیمانانی کورد

هاونیشتیمانانی خۆشەویست...

دەوڵەتی عێراقی ویستی خۆی سەبارەت بە رەشەکوژیی تەواوی هاونیشتیمانە کوردەکانی خۆی راگەیاندووەو بەیاننامە فەرمییەکانی ئاماژە بە چۆڵکردنی دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان دەکەن، بە چەشنێك تاکو ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە گوندە کوردییەکان چ بەهۆی بۆمبارانی فڕۆکە جەنگییەکان وە یاخود لەرێگەی پەلامارەکانی سوپای عێراقییەوە وێرانکراون‌و دانیشتووانە کوردەکەی تووشی کوشتن‌و کۆمەڵکوژیی بوونەتەوە.

لەم کاتەدا کە دەبینین ئەمریکاو بریتانیاو هەروەها بەکرێگیراوەکانیان لە دەوڵەتانی ناوچەکەو ئەندامی پەیمانی سەنتۆ، پشتگیریی لە حکومەتی عێراق‌و سیاسەتە دوژمنکارییەکانی دژی کورد دەکەن‌و کۆمەکی مادیی‌و سەربازیی پێشکەش دەکەن تاکو کوردستان بکەنە گۆڕستانێکی تاریك‌و ئەو دەوڵەتانە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بلوێ

لەرێگەی کۆمپانیا نەوتییەکانیانەوە زۆرترین سوود لە کانە نەوتییەکانی کوردستان چنگ بخەن.

ئەمێستا هاونیشتیمانە کوردەکانمان لە عێراق لە هەموو لایەکەوە لەلایەن دەوڵەتە ئیمپریالییەکانو بەکرێگیراوەکانیانەوە گەمارۆدراون، بەڵام ویڕتی ئەوەش هێشتا بەرگریی لە بوونی خۆی دەکات.

گەلێك لە دەوڵەتانی جیهانو تەنانەت ژمارەیەکیش لە وڵاتە عەرەبییەکان تاکو ئێستا ئەم جەنگە وێرانکەرو نابەرابەرەیان ریسواکردووە، هەروەها ئەو کۆمەڵکوژییەیان ریسواکردووە کە بەسەر کوردی عێراقدا هێنراوە، بەڵام بەرپرسیارێتیی ئێمە پێویستە لە پێشکەشکردنی بیرخەرەوەو ناڕەزایەتیی زێدەتر تێپەڕێت.

هاونیشتیمانانی کوردمان کە سەدان ساڵە لە ژێر ستەمی بێگانانداد دەناڵێنن، ئەمڕۆکە لە عێراق تووشی کۆمەڵکوژیی بوونەتەوەو مەترسییەکی مەزن هەڕشەی ئەوەیان لێدەکات کە لەڕیشەوە لەناویانبەرێت. هەربۆیە بڕوامان وایە کە ئەرکی سەرەکییو دەسبەجێمانە کار بۆ دامەزراندنی " رێکخراوی بەرگریی لە هاونیشتیمانانی کورد "بکەینو خۆمان ئامادەکەین بەشداریی لە جەنگەکەدا بکەین گەر بێتو دەوڵەتی عێراق لەسەر درێژەپێدانی جەنگو کۆمەڵکوژیی لە کوردستان بەردەوام بێت. هەروەها پەیوەندیی بە جووڵانەوەی رزگارییخوازیی کوردیی دەکەین بەڕێبەری مەلامستەفا بارزانیو بێ قەیدو شەرت بەرگریی لە ئامانجەکانی دەکەین.

پرۆسەی تۆمارکردنی ناوەکانو پێکهێنانی چەند دەستەیەك، بچووك بێت یاخود گەورە، بەئامانجی پەیوەستبوون بە رێکخراوی بەرگریی لە هاونیشتیمانانی کوردەوە دەبێت لەئێستاوە دەستپێبکات.



هاونیشتیمانەکانمان دەتوانن لەرێگەی چەکهەڵگرتنو پەیوەندییکردن بە ریزەکانی جووڵانەوەی رزگارییخوازی کوردییەوە پشتیوانی خۆیان لە برا کوردەکان بکەن، یاخود بەڕێگەی دیکە وەك ریسواکردنی ئەو تاوانی کوشتنو پەڕوازەکردنەی کە دەوڵەتی عێراق دەرهەق بە کورد دەیکات.

هەروەها پێویستە دەوڵەتی عێراق ئەوە زۆر باش بزانێت کە کوردانی عێراق لەسەر شانۆی ململانێیەکە تەنیا نینو ناتوانێت کوردستان بەتەواویی چۆڵبکاتو بەئاسانیی چارەکێکی دانیشتووانی عێراق لەناوبەرێت، بەڵکو پێویستە راستییەکی روون درك بکات ئەویش ئەوەیە کە ئەو جەنگەی بەسەر کوردستاندا سەپێنراوە زەمینەی گونجاو بۆ رووخاندنی حکومەتی بەعس دەڕەخسێنێت.

هەروەها لەم ساتەوەختەدا پێویستە سوپای ئێرانیی، ئەو سوپایەی کە لەسەر ئەو خێربێرە دەژی کە بازووی زەحمەتکێشانی ئێرانیی رەنێویهێناونو جگە لە ئازاردانیان چ کارێکی دیکەی بۆ نەکردوون، ئەرکی خۆی درك بکاتو بە خەباتگێڕانی بەرگریی لە هاونیشتیمانانی خۆیان پەیوەست بن.

بژی ئێران

بژی جووڵانەوەی رزگارییخوازیی کوردیی هاونیشتیمانانی کورد."[1]

[1] بۆ بینینی دەقی بەیاننامەکە بە زمانی فارسیی، بڕوانە:
جنبش چپ به روایت اسناد ساواك. حزب دمکرات کردستان ایران، جلد اول، اسناد شماره ۳۱۳، تاریخ: ۲۰/۷/٤۲، مرکز بررسی اسناد وزارت اطلاعات، تهران، ۱۳۳۷۸، ص ۱۷٤-۱۷۵.